ڕاپۆرتی تایبەت بە

هەماهەنگی دامودەزگاکانی هەرێم لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوەی
نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)

<u>تەمموزی ٢٠٢٠ تاکو مانگی شوباتی ٢٠٢٤</u>

**<u>نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان</u>**

**<u>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران</u>**

پێڕست لاپەڕە

پێشەکی ........................................................................................................................................ ٣
لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی ........................................................................................................ ٥

لیژنەی بەڵای وەزاری بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی
داعش........................................................................................٦
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش
(یونیتاد)......................٧
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی تەمموزی ٢٠٢٠ تاکو مانگی کانوونی یەکەمی
٢٠٢٠.......................................٧
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢١ تاکو مانگی ئاداری
٢٠٢١......................................................١٤
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی ئاداری ٢٠٢١ تاکو مانگی حوزەیرانی
٢٠٢١..........................................................١٩ چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی حوزەرانی ٢٠٢١ تاکو
مانگی ئەیلولی٢٠٢١..........................................................٢٥
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١ تاکو مانگی کانوونی دووەمی
٢٠٢١.....................................................٣٢
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی کانوونی دووەمی٢٠٢٢ تاکو مانگی
ئاداری٢٠٢٢.........................................................٤٣
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی ئاداری ٢٠٢٢ تاکو مانگی حوزەیرانی
٢٠٢٢...........................................................٤٤
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ تاکو مانگی ئەیلولی
٢٠٢٢..........................................................٤٧
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٢ تاکو مانگی کانوونی یەکەمی
٢٠٢٢....................................................٥٤
چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٣ تاکو مانگی ئاداری
٢٠٢٣.............................................................٦٠
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٣ تاوەکو مانگی حوزەیرانی ساڵی
٢٠٢٣.............................................٦٣
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٣ تاوەکو مانگی ئەیلولی ساڵی
٢٠٢٣..........................................٦٧
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئەیلولی  ساڵی ٢٠٢٣ تاوەکو مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی
٢٠٢٣................................٧١
چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی کانوونی دووەمی  ساڵی ٢٠٢٤ تاوەکو مانگی ئاداری ساڵی
٢٠٢٤.................................٧٤

پێشــــەکــی:

لە ڕێکەوتی ٩ ئابی ٢٠١٧، دوای داواکاری حکومەتی عێراق بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتیدان و پاڵپشتی لە بارەی لێپرسینەوە لە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش لەسەر ئەو تاوانانەی کە لە عێراق ئەنجامیاندا، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئەنجوومەنی ئاسایش بە پێی بڕیاری (٢٣٧٩)ساڵی (٢٠١٧) وەڵامی عێراقی دایەوە. بەپێی ئەم بڕیارە و لەسەر ڕاسپاردەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، بڕیاردرا بە دامەزراندنی تیمی لێکۆڵینەوە بە سەرپەرشتی ڕاوێژکارێکی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتگیریکردن لە هەوڵە ناوەخۆییەکانی تایبەت بە لێپرسینەوە لە تاوانبارانی داعش، ئەمیش لە ڕێگەی کۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی بەڵگەکانی پەیوەست بەو تاوانانەی کە بە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید لە عێراق ئەنجامدراون. بەپێی ئەم بڕیارە سکرتێری گشتی هەستا بە دامەزراندنی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێپیچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لە عێراق.

لە ماوەی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بنەمایەکی پتەوی هاریکاری و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکانی لەگەڵ تیمی (یونیتاد) دامەزراندووە، بە ئامانجی بەرجەستەکردنی دادگایەکی نێوەخۆیی لە هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش لەسەر تاوانەکانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، و کۆمەڵکوژی، و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان. بە گوێرەی بۆچوونی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان، دۆسیەی ئەو تاوانانەی کە ئامادەی دەکەن تەواوکەری کارەکانی دادگاکانی نێوەخۆیی دەبێت کە لەلایەن دادوەرانی عێراقییەوە کاری لەسەر کراوە، وەک دۆسییەی کوشتنی بە کۆمەڵی ئێزیدییەکان لە شنگال لە مانگی ئابی ٢٠١٤، کۆمەڵکوژی قوتابیان و فەرمانبەرانی سەربازگەی سپایکەر نزیک شاری تکریت لە١٢ حوزەیرانی ٢٠١٤، تاوانەکانی توندوتیژی سێکسی، بەکۆیلەکردنی سێکسی، کە بەرامبەر کۆمەڵگەی ئێزیدییەکان و هاوڵاتیانی دیکە ئەنجام دراوە؛ هەروەها ئەو تاوانانەی کە لە دژی کەمینەکانی پێکهاتە ئاینی و مەزهەبییەکانی وەک مەسیحی، کاکەیی، شەبەک، تورکمانی سوننە و ئێزیدییەکان و وێرانکردنی کەلتوری عێراق بە گشتی ئەنجامدرا.

لەم ڕووەوە، لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی (NCC) لە حکومەتی فیدراڵی دەستنیشانکرا بۆ هەماهەنگی و هاوکاریکردنی تیمی یونیتاد، هاوکات لەسەر ئاستی هەرێم نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەستنیشانکرا بۆ هەماهەنگی کردن و بەدواداچوونی کار و چالاکییەکانی تیمی ناوبراو لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم. ئامانج لەو میکانیزمە بریتییە لە پێدانی زانیاری پەیوەست بە تاوانەکانی داعش بە تیمی یونیتاد، بە مەبەستی بەکارهێنانیان وەک بەڵگە بۆ دادگاییکردنی داعش لەژێر ڕۆشنایی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها، لە مانگی ١١ی ٢٠٢٠، حکومەتی هەرێم (لیژنەی باڵای وەزاری بۆ ناساندنی تاوانەکانی داعش وەک جینۆساید)ی دامەزراند، کە مەبەست لێی کۆکردنەوەی کۆدەنگی لە کابینەی وەزاریدا بەمەبەستی ڕێکخستنی هەوڵەکانی دامودەزگاکانی حکومەت بۆ ناساندنی ئەو تاوانانەی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان کراون بەتایبەتی تاوانی داعش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و جینۆساید ناساندنی، هەروەها هاوکاری بەجێگەیاندنی بڕیارە نێودەوڵەتییەکان لەم رووەوە.
ئەم راپۆرتە ئامادەکراوە، بۆ خستنەڕووی کاروچالاکییەکانی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ تیمی لیکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد). وردەکاری تەواو لە بارەی چالاکییەکانی نێوان دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم و تیمی ناوبراو هەنگاو بە هەنگاو

خراوەتەڕوو. هەروەها ئەو بابەتانەی کە پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە بەرچاوبگیرێن بۆ بەردەوامیدان بە هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دوولایەنە، ئاماژەیان پێدراوە.

## لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی (NCC)

لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی (NCC) لە ڕێککەوتی ٢٠ ئابی ٢٠١٩ بە فەرمانی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵ دامەزرا بۆ مەبەستی هاریکاری و هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. ئەم لیژنەیە لە سەرەتادا لەلایەن بەڕێوەبەری نووسیگەی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی فیدڕاڵەوە سەرپەرشتی دەکرا، دواتر سەرپەرشتیکردنی ئەم لیژنەیە درا بە نووسینگەی وەزیری دەرەوەی عێراق. لە ڕێککەوتی ٧ ئەیلولی ٢٠٢١ دا بەڕێز فەحطان تەها خەلەف بریکاری وەزیری دەرەوەی حکومەتی فیدڕاڵ وەک سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکار دەستنیشانکرا. ئەندامانی ئەم لیژنەیە پێکهاتووە لە:

١. د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢. د. زێدان خەلەف، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیران بۆ مافی مرۆڤ، سەرۆک لیژنە
٣. د. عیصام حاتەم حوسێن، جێگری راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی
٤. غەسان لعیبی مەناتی، نوێنەری نووسینگەی سەرۆک وەزیران
٥.مورتەزا حەسەن نەشعان نوێنەری ئاسایشی نیشتمانی عێراق
٦. فکرت حسین علوان، نوێنەری ئەنجومەنی باڵای دادوەری
٧. د.زەید عەلی عەباس، بەڕێوبەری گشتی پزیشکی دادی/ وەزارەتی تەندروستی ئیتیحادی
٨. ضیاء کەریم طعمة، بەڕێوبەری گشتی فەرمانگەی کار و باری پاراستنی گۆڕە بە کۆمەڵەکان/ دەزگای شەهیدی عێراقی
٩. جاسم حەکیم حسین، بەڕێوبەر لە دەستەی باڵا بۆ هەمهەنگی کردن لە نێوان پارێزگاکان
١٠. ئەحمەد ڕەعد، نوینەری وەزارەتی دەرەوە
١١. ئەحمەد عەباس، وەزارەتی دەرەوە (بڕیاردەری لیژنە)

**لیژنەی باڵای وزاری بۆ تاوانەکانی تیرۆرستانی داعش و ناساندنی وەک کۆمەڵکوژی و تاوانی نێودەوڵەتی:**

ئەم لیژنەیە لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٢٠، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاسپێردراوە بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە: ئەنجامدانی دادگاییەکی دادپەروەرانە و ناساندنی تاوانەکانی تیرۆرستانی داعش وەکو جینۆساید لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زیادکردنی هەماهەنگی لە نێوان تیمی یونیتاد و حکومەتی هەرێم بە جەخت کردنەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت بۆ پابەندبوونیان بە هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد، بەرجەستەکردنی سازانی یاسایی و سیاسی، ئاسانکردنی پرۆسەی دادگاییکردنی پێشوەختە بە کۆکردنەوەی زانیاری و دابین کردنی راهێنان.

١. ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆ و سەرۆکی لیژنە
٢. فرسەت احمد، وەزیری داد
٣. کوێستان محمد عبد اللە، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی
٤. عەبدوڵڵا حاجی محمود، وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان

٥. د. عبدالحکیم خسرۆ، سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون
٦. خالید شوانی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەگەڵ بەغدا
٧. د. ڤالا فەرید، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
٨. د. ئومێد صباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران
٩. د. ئامانج رحیم، سکرتێری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
١٠. سەفین دزەیی، سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە
١١. د. دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد
١٢. مونا یوحەنا یاقۆ، سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

## چالاکییەکانی نێوان تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و حکومەتی هەرێمی کوردستان

**چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠٢٠ تاوەکو مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠:**

- لە ڕێکەوتی ٢٢ تەموزی ٢٠٢٠، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (کەریم خان) چاویکەوت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز (نێچیرڤان بارزانی).

- لە ڕێکەوتی ٢٢ تەموزی ٢٠٢٠، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی یونیتاد (کەریم خان) لە دووەم چاوپێکەوتنیدا لەگەڵ وەزیری ناوخۆ کاک (ڕێبەر ئەحمەد) کۆبویەوە.

- لە ڕێکەوتی ٢٤ تەموزی ٢٠٢٠، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی یونیتاد (کەریم خان) چاوی کەوت بە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز (مەسرور بارزانی).

- لە ڕێکەوتی ٢٩ تەموزی ٢٠٢٠، لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرپەرشتی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان (د. دیندار زێباری) کۆبوونەوەیەک ئەنجام درا. بەشداربووان لەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە نوێنەرانی یونیتاد، لەگەڵ نوێنەران لە دامودەزگاکان وەک بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی داد، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، نووسینگەی ئازادکردنی رفێندراوانی

ئێزیدی، زێرەڤانی، ئەنجومەنی باڵای خانمان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر و نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان. بابەتی سەرەکی کۆبوونەوەکە بریتی بوو لە ئەرشیفکردن و پڕۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن.

- لە هەفتەی یەکەم لە مانگی ئابی ٢٠٢٠ لەسەر داواکاری یونیتاد، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وێنەیەک لە راپرسی بەسەر ئەو دامودەزگایانەدا دابەشکرد کە بەشداری کۆبوونەوەکە بوون کە بریتی بوو لە راپرسی بە ئەلیکترۆنیکردن و ئەرشیفکردن کە پەیوەنداربوو بەم دامودەزگایانەوە.

- بەر لە جەژنی قوربانی ساڵی ٢٠٢٠، لەلایەن نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانەوە دوو داواکاری پێشتر ئاڕاستەی هەریەک لە خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری ئێزیدییەکان و دادوەر ئەیمەن مصطفی سەرۆکی (CIGE) لە دهۆک کرا، داواکارییەکان تایبەت بوون بە گشت ئەو چاوپێکەوتنانە و زانیاریانەی کە لە نووسینگەکانیان ئەنجام دراوە لەگەڵ ئازادکراوان لەدەستی داعش تا ئێستا.

- لە ڕێکەوتی ٥ ئابی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، لەلایەن خەیری بۆزانی بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری ئێزیدییەکان زانیاری بەدەستگەیشت کە دانپیدانانی گشت ئەو ئازادکراوانەی لە دەستی داعش لەخۆ دەگرێت. لە دوای نیوەڕۆی ٢٠٢٠/٨/٥ ئەندامانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاویان کەوت بە (مایکڵ پۆڵۆوسکی) یاریدەدەری ڕاوێژکاری تایبەتی یونیتاد و خاتوو (کاڕۆڵین بۆیزمان) بەرپرسی یاسایی یونیتاد لە هۆتێل ئەرجان رۆتانا، ئەو زانیاریانەیان رادەستکردن، ولەلایەن هەردوولا وەرگرتن و رادەستکردنی ئەو زانیاریانە واژووکرا.

- لە ڕێکەوتی ٦ ئابی ٢٠٢٠، نووسینگەی ریکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان هەستا بە رێکخستنی کۆبوونەوە لەنێوان یونیتاد و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی گشتی کاک (عصمت ئەرگوشی).

- لە ڕێکەوتی ٧ ئابی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان زانیاری لەبارەی ئەو دانپێدانانەی ئازادکراوانی ئێزیدییەکان کە لەلایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان کۆکراوەتەوە رادەستی یونیتادی کرد.

- نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گرنگترین داواکارییەکانی یونیتادی ئاڕاستەی وەزارەت و دامودەزگاکان کرد، لەوانە: بەڕیوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر، وەزارەتی پێشمەرگە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، وەزارەتی ناوخۆ. یونیتاد جەختی کردەوە لەسەر ئەو زانیاریانەی بەدەستی دەگات لەبارەی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کۆمەڵگەی یەزیدییەکان لە ناوچەی شنگال لە مانگی ئابی ٢٠١٤، هەروەها لە بارەی کەسانی پەیوەندیدار بە سەرکردەکانی داعش و سەرچاوەی داهات. وادەی کۆتایی بۆ رادەستکردنی زانیارییەکان بە یونیتاد ڕێککەوتی ٣١ ئابی٢٠٢٠ بوو.

- لە ڕێکەوتی ١٢ ئابی ٢٠٢٠، نووسینگەی ریکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان هەستا بە رێکخستنی کۆبوونەوە لەنێوان یونیتاد و بریکاری وەزیری پێشمەرگە سەبارەت بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بە

سەرکردە سەربازییەکان کە لە بەرپرسیارێتیدا بوون لە دەوروبەری شنگال و ناوەندی شنگال لەکاتی هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچەکە، هەروەها رێکخستنی کۆبوونەوەیەکی تر لە هەمان رۆژدا لەگەڵ بریکاری وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان.

- لە هەفتەی سێیەمی مانگی هەشت ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕیز بەهجەت سێلکی فەرماندەیەکی زێرەڤانی، هەروەها دواتر ریکخستنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕیز شێخ جەعفەر شێخ مستەفا لە ڕێککەوتی ١٨ ئابی٢٠٢٠.
- لە ڕێکەوتی ١٩ ئابی ٢٠٢٠، کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەی گشتی سەرپەرشتیاری مەخمور و گوێر بەڕیز کاک سیروان بارزانی.

- لە ڕێکەوتی ٢٤ ئابی ٢٠٢٠، نووسینگەی ریکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان فۆرمی راپرسی کە لەلایەن وەزارەت و دامودەزگاکانەوە تەواو کرابوو کۆیکردەوە و رادەستی یونیتادی کرد. ئەمە وەک قۆناغی یەکەم لە پرۆژەی ئەرشیفکردن و بە ئەلیکترۆنیکردنی زانیارییەکان دادەنرێت، و سەرەتا و پێشەکیشە بۆ قۆناغی دووەمی پرۆژەکە.

- لە ڕێکەوتی ٢٦ ئابی٢٠٢٠، نووسینگەی ریکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان زانیاریەکانی دژەتیرۆر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گشتی بەدەست گەیشت، بەڕیوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر زانیاریەکانی لە ٨ دۆسیەی جیاجیادا ئامادە کردبوو، هەروەها بەڕیوەبەرایەتی گشتی ئاسایشیش زانیاریەکانی لە دوو دۆسیەی جیاوازدا ئامادە کردبوو.

- لە ڕێکەوتی ٢٧ ئابی ٢٠٢٠، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان یونیتاد و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە هەماهەنگی و خیرایی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان، نووسینگەی ریکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی گشتی رادەستی (مایکل پۆلۆوسکی) یاریدەدەری ڕاوێژکاری تایبەت، کەریم خان و نونو تۆرێس (فۆکەل پۆینتی یونیتاد و لیژنەی هەماهەنگی نیشتیمانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان) کرد. بەم شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتو بوو لە پێشکەشکردنی زانیارییە سەربازی و ئەمنییەکان سەبارەت بە ناوچەی شنگال کە داواکرا بوون لە وادەی دیاریکراوی کۆتایی ٣١ ئابی٢٠٢٠ و رادەستی کردن بە یونیتاد.

- لە ڕێکەوتی ١ ئەیلولی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی کرد لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای خانمان. لە کۆبوونەوەکە گفتوگۆ کرا سەبارەت بە بەرەو پێش چوونی کارەکان لەگەڵ تیمی لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و میکانیزمی پەیوەندیدار لە ماوەی داهاتوودا، هەروەها ئاڵوگۆڕ کردنی زانیاری لە نێوان نوێنەرانی بەڕێوەبەرانی گشتی بۆ کاروباری ئێزیدی و مەسیحیەکان و نوێنەرانی زەردەشتی، کاکەیی، بەهائی، سابیئەی مەندائی.

- لە ڕێکەوتی ٢ ئەیلولی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی فەرمی ئەنجومەنی دادوەری ڕادەستی تیمی یونیتاد کرد تایبەت بە هەماهەنگی و هاوکاریکردن لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داتا و لێکۆڵینەوەکان، هەروەها تۆمارکردنی دۆسیەی کەیسەکان و پرۆسەی

دادگاییکردنی تۆمەتباران بەتایبەتی لە ڕووی یاسای تایبەت بە دژە تیرۆر و یاساکانی دیکەی پەیوەندیدار کە لە هەرێم جێبەجێکراون بۆ دادگاییکردنی گیراوانی داعش.

- لە چوارچێوەی پرۆسەی بە ئەلیکترۆنیکردنی ئەرشیفەکان، یونیتاد داوای لە نووسینگەی ڕێکخەر کرد تا کارنامەی چەند کاندیدێکی حوکومییان بۆ بنێرن تا لەگەڵ تیمەکانیان هاوکاربن لە پرۆسەکەدا. یونیتاد کانیدەکانی بۆ پۆستی (کارمەندی ڕێکخستنی زانیاریەکان) و (کارمەندی یاریدەدەری ئەرشیفکردن) دەویست. نووسینگەی ڕێکخەر ناوی دوو کاندید لە وەزارەتی داد و دوو کاندید لە وەزارەتی پێشمەرگەی بەدەستگەیشت.

- لە هەمان کاتدا، نووسینگەی ڕێکخەر داوای لە زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی پۆلیتەکنیکی کرد تا چەند کاندیدێکی ئەکادیمی پێشنیار بکەن.

- لە ڕێکەوتی ٦ ئەیلولی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لیستێکی ئامادە کرد بۆ مەبەستی خولی راهێنان و مەشقکردن لەگەڵ تیمی یونیتاد لە ئەندامانی سکرتاریەت و تۆڕی زانیاری سەر بە نووسینگەی ڕێکخەر و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان کە پێکهاتبوون لە: وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی داد، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، ئەنجومەنی باڵای خانمان، زێرەڤانی، داواکاری گشتی، نوێنەرانی پارێزگاکان، کۆمسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان، بەڕیوەبەرایەتی گشتی ئاسایش، بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر و پەرلەمانی کوردستان.

- لەسەر داواکاری یونیتاد وەزارەتی پێشمەرگە نۆ لاپەڕەی (تایبەت بەهێرشەکانی داعش بۆ سەر شنگال) لە ڕێکەوتی ٩ ئەیلولی ٢٠٢٠ رادەست کرد. ڕێکەوتی ١٣ ئەیلولی ٢٠٢٠، یونیتاد داوای دەستنیشان کردنی کارمەندێکی هەماهەنگی لە وەزارەتی تەندروستی کرد بۆ مەبەستی دابینکردنی ٥ سریر لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دهۆک بۆ فەرمانبەرانی لەم پارێزگایە، هەروەها ڕێگەخۆشکردن بۆ واژۆکردنی یاداشتی لێک تێگەیشتن لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی. لەسەر داوای یونیتاد پەیوەندی کرد بە وەزیری تەندروستی بۆ دەستنیشانکردنی کارمەندێک بۆ هەماهەنگیکردن، بەڕیز وەزیری تەندروستی (حربی ئەسعەد کیتۆ) ی دەستنیشان کرد بۆ ئەم هەماهەنگییە.

- (گیراڵد کەیسی) نوێنەری یونیتاد لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢٠ چاو پێکەوتنیکی ئەنجامدا لەگەڵ ئاسایش بە یاداشتی لێک تێگەیشتن سەبارەت بە پاراستنی گیانی گەواهیدەر کە یەکێک بوو لە بابەتەکانی نێوان ئاسایش و یونیتاد گفتوگۆی لە بارەوە کراوە.

- لە هەفتەی دووەمی مانگی ئەیلول، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نیودەوڵەتییەکان زانیاری زیاتری لە بەڕیوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر بەدەست گەیشت سەبارەت بە ناردنی زانیارییەکان لەم دەزگایە، زانیارییەکان بریتی بوون لە ٧ لاپەڕە کە تایبەت بوون بە: رێنماییەکان، دەستگیرکردن، گیان لەدەست دانی هەشت بەرپرسی داعش. لە لای خۆمانەوە ئەوەمان بۆ یونیتاد روون کردەوە کە ئەو هاوکاری و

هەماهەنگییە لەلایەن بەڕیوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆرەوە پێشکەشکراوە دەست پێشخەرییەکی باش و بەسودە بۆ یونیتاد لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان.

- لە ڕێکەوتی ١٩ ئەیلولی ٢٠٢٠، خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەموارکردنەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام درا. ئەم هەموار کردنە سێ بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت لەسەر ئاستی تاوانی نێودەوڵەتی: تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، کۆمەڵکوژی لە چوارچیوەی یاسای عێراق و دابین کردنی یاسا بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش.

- سەبارەت بە پڕۆژەی بنیاتنانی تواناکانی دەسەڵاتی دادوەری، (یونیتاد) داواکاری پێشکەش کردووە بۆ دەستنیشان کردنی ئەندامێک وەک هەمانگیکار لەلایەن دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەرییەوە بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری و بنیاتنانی تواناکان لە دەسەڵاتی دادوەری. بەڕیز دادوەر (ئیبراهیم ئیسماعیل حەمەد) سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوە لە هەولێر دەستنیشان کرا بۆ ئەم ئەرکە.

- ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنی لە نێوان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و بەرپرسی پێشکەوتووی یاسایی یونیتاد (کریستۆفەر گۆسنێڵ) لە ڕێکەوتی ٢٩ ئەیلولی ٢٠٢٠. بابەتی سەرەکی ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنییە بۆ مەبەستی بەرچاورونی رۆلی ڕاوێژکاری یونیتاد و پشتگیری بۆ هەوڵەکانی پەیوەندیدار بە تاوانی نێودەوڵەتی و هەموار کردنی یاسای دادگای باڵای تاوانەکان بوو.

- لەگەڵ سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان هەستاوە بە هەماهەنگی و دەستنیشان کردنی چەندین کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی بەرپرسانی یونیتاد لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک:

➢ کارمەندی تەکنیکی یونیتاد بۆ پڕۆژەی ئەرشیف کردن و بە ئەلیکترۆنی کردن، (ئەلحاج بابەکر) و یاریدەدەرەکەی لە هەولێر ئامادە بوون بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ کارمەندانی هەماهەنگی تەکنیکی لە وەزارەت و بەڕیوەبەرایەتیە جیاجیاکان بۆ پیداچوونەوە بە لایەنی تەکنیکی راپرسیەکان، بە تایبەت بۆ بەڕیوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر و بەڕیوەبەرایەتی گشتی ئاسایش. بۆ ئەم کۆبوونەوەیە ڕێکەوتی ١٢ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ دەستنیشان کرا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران. لەم پڕۆژەیە تیمی یونیتاد هەلدەستن بە ڕوونکردنەوە بۆ هەنگاوی داهاتوویان کە بریتییە لە ئەنجامدانی راپرسی و لێکۆڵینەوە لە شوێنی رووداوەکە لە رێگەی سەردانی مەیدانیەوە.

➢ لەسەر بنەمای ئەو بەرنامەیەی سەرەوە، سەردانیکردنی مەیدانی بۆ شوێنی تاوان رێک دەخرێت بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرشیفکردن و راپرسی مەیدانی. ئەرشیفکردنی بەڵگەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش لە پێشینەی کارەکاندا دەبێت. ئەم کارە بۆ ئەوەی شارەزا بن لەو کەل و پەل و پێداویستیانە کە پێویستە لەکاتی کاری لێکۆڵینەوەی مەیدانیدا بەردەست بێت.

➢ لە ڕێکەوتی ٨ ی ئۆکتۆبەر یونیتاد خولیکی راهینان بۆ نزیکەی ٣١ فەرمانبەری حکومەتی هەرێم ئەنجام دا. خولی راهێنانەکە لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێوە چوو.

➢ یاریدەدەری تایبەتی (ڕاوێژکار تایبەت و سەرۆکی تیمی یونیتاد) داوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی کرد لە ڕێککەوتی ١١، ١٢ و ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠، لەگەڵ بەڕیزان بەڕیوەبەری گشتی دژەتیرۆر بەڕێز کاک لیوا دلشاد و بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش کاک عصمەت ئەرگوشی و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بەڕیز حاکم بەنگین بۆ مەبەستی هەماهەنگی هاوکاری لە نێوانیان.

- ➢ بەرپرسی یاسایی پێشکەوتووی یونیتاد بەڕیز کریستۆفەر گۆسۆنێل کۆبوونەوەیەکی ئەنجام دا لە ١٣ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە ئامادە بوونی چەندین پسپۆرانی یاسایی لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەریمی کوردستان سەبارەت بە هەموار کردنی یاسای دادگای باڵای عێراق بۆ راوێژ و بەرچاو روونی زیاتر لەم بارەیەوە.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەر داوایەکی فەرمی لەلایەن یونیتاد-ەوە ئاڕاستەکرا بۆ سەردانی مەیدانی. نووسینگەی ڕێکخەر لە ڕێکەوتی ٩ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠ خشتەی سەردانەکانی پەسەندکرد:
  - o کۆبوونەوەی یونیتاد لەگەڵ نوێنەران لە ئاسایش (١٥ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠)
  - o کۆبوونەوەی یونیتاد لەگەڵ دژەتیرۆر (١٥ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠)
  - o کۆبوونەوەی یونیتاد لەگەڵ دادوەر ئەیمەن (١٦ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠)
  - o کۆبوونەوەی یونیتاد لەگەڵ نووسینگەی ڕفێندراو و ڕزگارکراوانی ئێزیدی (١٦ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠)
  - o کۆبوونەوەی یونیتاد لەگەڵ نووسینگەی داواکاری گشتی (١٨ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠)

- لە ڕێکەوتی ٢٧ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان چاوپێکەوتنێکی رێکخست بۆ سەرۆکی یەکەی بەدواداچوونی دارایی یونیتاد بەرێز (ئەندریو ڕایت) و شیکاری زانیاریەکان بەرێز (ئیکارت چێویک) لەگەڵ توری زانیاری بەرێوەبەرایەتی دژە تیرۆر. لەم چاوپێکەوتنەدا تۆری زانیاری دژە تیرۆر دوکیومێنتێکیان ڕادەستی تیمی یونیتاد کرد سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی داعش. تیمی یونیتاد و تیمی بەڕیوەبەرایەتی دژە تیرۆر لەسەر ئەم سێ چالاکیانەی خوارەوە ڕێککەوتن:
  - o یونیتاد هەڵدەستیت بە گواستنەوەی لیستێک دەربارەی پرسیارەکان/ روونکردنەوەکان لەسەر بنەمای راپۆتەکانی زانیاری بەڕیوەبەرایەتی دژە تیرۆر کە پێشتر پێشکەش کرابوون.
  - o یونیتاد هەڵدەستیت بە ناردنی داواکاریەکانی فایلی کەیسەکان/ چاوپێکەوتنەکانی بەندکراوکان لەرێی کەنالی فەرمی RFI.
  - o یونیتاد و بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆر هەڵدەستن بە رێکخستن یان ئەنجامداني محاضره بۆ وەرگرتنی زانیاری تایبەت (هەولێر) لەگەل پسپۆرەکان لەهەر بابەتێک کە ئاماژە پێکراوە لەسەرەوە.

- لە ڕێکەوتی١ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەر نامەیەکی فەرمی بەدەست گەیشت لە لایەن ڕاوێژکاری تایبەتی تیمی یونیتاد (کەریم خان) بۆ ئەوەی ئاڕاستەی حاکم ئەیمەن موستەفا بکرێت، کە تێیدا داوای دەرکردنی فەرمانێکی کردبوو بۆ تۆری پەیوەندییەکان "کورەک تیلیکۆم" بۆ کۆکردنەوەی ناوەڕۆکی هەموو ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنانەی کە تۆمارکراون لە هەر خانەیەک نێزیک لە تاوەری کوجۆ لە ماوەی نێوان ١ بۆ ٢٠ی ئابی ٢٠١٤. هەروەها ئەو تۆمارکراوانەی کە کات پێشان دەدات و هەر داتایەکی تر کە پەیوەندی بە تەلەفۆن و نامەی تایبەتیەوە هەبێت بنێردرێن بۆ یۆنیتاد. هەروەها ڕاوێژکاری تایبەتی لە نامەکەیدا داوای هەر داتایەکی کردبوو کە ئاڵۆگور کراوە نێوان تەلەفۆن و تاوەر و هەروەها هەر زانیاریەک کەلە ژێر دەستی کۆرەک تیلیکۆم بوون تایبەت بە ناسنامەی هەر خاوەن ژمارەیەکی سەر بەم تاوەرە. لە ئەنجامدا نووسینگەی ریکخەر ئەم نامەیە ئاڕاستەی حاکم ئەیمەن موستەفای کرد و کۆپیەکیشی ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری حاکم (بەنگین قاسم) کرد.

- لە ڕێکەوتی١ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەر ڕەشنووسی ئەو گۆڕانکاری و هەموارکردنەوە یاساییانەی بەسەر یاسای (بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری)ی هەرێم-دا هاتبوون، بۆ بەڕێز (کریستۆفەر گۆسنێڵ)ی شارەزای یاسایی یونیتادی نارد. کۆبوونەوەیەکی ئەلیکترۆنی ئەنجامدرا لە نێوان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان و بەڕێز گۆسنێڵ تا نەخشەسازیەکی یاسایی دابندرێت بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش.

- لە ڕێکەوتی ٤ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەر داوای لە تیمی یونیتاد کرد تا کەرەستە پێویستەکانی پرۆژەی ئەلیکتۆنیکردنی ئەرشیڤەکان بنێرێت، کە خۆیان لە نەخشە و پلانی پرۆژەکە دەدۆزیەوە. نووسینگەی ڕێکخەر ڕاستەوخۆ کەرەستەکانی نارد بۆ دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حوکمەتی هەرێم.

- لە ڕێکەوتی ٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢٠، تیمی یونیتاد لیستێک لە پرسیاری ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر کرا. پرسیارەکانی تیمی یونیتاد لەو راپۆرتانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە پێشتر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆرەوە پێشکەش بە یونیتاد کرابوو.

- لە ڕێکەوتی ١١ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، (ڕاوێژکاری تایبەت)ی یونیتاد پێنجەم ڕاپۆرتی وەرزی پێشکەش بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد. ڕەشنووسی ڕاپۆرتەکەمان بەدەستگەیشت، تێیدا (کەریم خان) ستایشی ڕۆڵی بەڕێزان سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، و وەزیری ناوەخۆی کرد لەهەمبەر پشتیوانی بەردەوامیان بۆ یونیتاد لە هەرێم. هاوکات، پێزانینی خۆی بۆ هەماهەنگی نێوان تیمی یونیتاد و نووسینگەی ڕێکخەر بۆ پەیوەندیکردن بە دامودەزگاکانی هەرێم، پشاندا. بەڕێز (کەریم خان) سوپاسی تەواوی دامەزاروەکانی حوکمەتی هەرێمی کرد و ئەجێندایەکانی خۆی بۆ ئاییندەی کارکردنی تیمەکەی لە هەرێم خستۆتەڕوو.

- لە ڕێکەوتی ٢٩ تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆرەوە وەڵامی پرسیارەکانی تیمی یونیتادی دایەوە. هەروەها لەگەڵ پێشکەشکردنی دوو راپۆرتی تایبەت بە گەشەپێدانی چەکی کیمیاوی لەلایەن داعش و دەستگیرکردنی تۆڕی دارایی تیرۆریستانی داعش لە هەولێر.

- لە مانگی تشرینی دووەمی٢٠٢٠، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای لە گەورە بەرپرسی یاسایی  تیمی یونیتاد کرد، کە بەرچاو روونی و ڕێنمایی یاسایی بدات بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی پڕۆژە یاسایەکەی هەرێم لە رووی نێودەوڵەتییەوە بەپێی ستانداردتی نێودەوڵەتی ڕێکبخرێت.

- لە ڕێکەوتی ٢ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠، لەلایەن گەورە بەرپرسی یاسایی لە تیمی یونیتاد ڕەشنووسی چەند یاسایەک پێشکەش کران بۆ ئەوەی لە داڕشتنی پڕۆژە یاسای نێوخۆیی سودییان لێ ببیندرێ بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

**چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١ تاوەکو مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢١:**

- لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێ تیمی یونیتاد کارەکانی لە هەولێر دەست پێکردەوە. لە ڕێکەوتی ١٧ کانوونی دووەمی٢٠٢١، یەکەم شاندی یونیتاد سەردانی هەولێریان کرد کە پێک هاتبوو لە گەورە بەرپرسانی یاسایی یونیتاد، یاریدەدەری یەکەمی ڕاوێژکاری تایبەت، بەرپرسی پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن، سەرۆکی لێکۆڵینەوەکان لە تاوانی داعش بەرانبەر بە کەمینەکان. ئەم شاندە چاویان بە نوێنەری حکومەتی هەرێم کەوت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد. گفتوگۆکرا لە بارەی داواکاری تۆمارەکانی داتا و زانیارییەکانی (CDR) بورجەکانی کۆجۆ لە شنگال، پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن، پرۆژەی یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاڵپشتی تەکنیکی لەلایەن تیمی یونیتاد.

- لە ڕێکەوتی ١٧ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، لەلایەن بەڕیوەبەری پرۆژە لە تیمی یونیتاد، شادراک کاتوو، زانیاری لە بارەی قۆناغەکانی پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن و ئەرشیفکردن بۆ حکومەتی هەرێم خرایەڕوو.
- لە ڕێکەوتی ١٧ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، کۆبوونەوەی نێوان شاندی یونیتاد و بەڕیوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر ئەنجام درا، بۆ مەبەستی یەکلایی کردنەوەی بەشداری کردنی بەڕیوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر لە پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن و ئەرشیفکردن.

- لە ڕێکەوتی ١٨ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، نوێنەری حکومەتی هەرێم مەترسی خۆی گەیاندە تیمی یونیتاد لە بارەی دوورخستنەوە و بەشداری پێنەکردنی نوینەری حکومەتی هەرێم لە مەڕاسیمی ناشتنی روفاتی ئێزیدییەکان، لەکاتی پەیوەندیکردنەکەدا تیشکیان خستە سەر ئەوەی کە لایەنی نێودەوڵەتی بەبێ مەبەست و بە بێئاگایی لەوەی کە سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی دەدەنە پاڵ هێزی سەربازی عێراق و گروپە چەکدارییەکانی حەشدی شەعبی، هەروەها بەبێ مەبەست و بێئاگا ڕۆل و قوربانییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەم دەکەنەوە.

- لە ڕێکەوتی ١٩ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، ٢١، دوو کۆبوونەوەی جیاواز بۆ سەرۆکی لێکۆڵینەوەکان لە تاوانی داعش بەرامبەر بە کەمینەکان لە تیمی یونیتاد لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی رێکخرا. هەردولا لەسەر چەند خاڵیک رێککەوتن بۆ مەبەستی بەهێزکردنی لێکۆڵینەوەکان لەم بوارە.

- لە ڕێکەوتی ١٩ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، ئەنجومەنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان (CIGE) زانیاری دیکەی لە بارەی دانپێدانانەکانی ڕزگاربووانی ئێزیدییەکان پێشکەش بە تیمی یونیتاد کرد.

- لە بارەی مەترسییەکانی حکومەتی هەرێم لە بەشداری پێنەکردنی لە مەڕاسیمی ناشتنی روفاتی ئێزیدییەکان، تیمی یونیتاد داوای لە لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی (NCC) کرد کە حکومەتی

هەرێمیش بخرێتە بەرنامەی بەشداری ئەم مەراسیمە. و گلەیی حکومەتی هەرێممان گەیاندە بەڕێز لوقمان فەیلی سەرۆکی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی(NCC).

- لە دوای ئەو هەوڵ و کۆششە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری مەڕاسیمی ناشتنی روفاتی ئێزیدییەکانی کرد لە گوندی کۆجۆ. دوای رێپیدان لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێم رێزدار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، شاندی حکومەتی هەرێم بە سەرپەرشتی نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە مەراسیمی ناشتنی روفاتی ئێزیدییەکان پێشکەش کرد لە ڕێکەوتی ٦ شوباتی٢٠٢١.

- لە ڕێکەوتی ٢٠ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، کۆبوونەوە لە نێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و شاندی یونیتاد ئەنجام درا. بۆردی باڵای جینۆساید لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕێکی زۆر لە بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی داعش لە خۆ گرتووە. گفتوگۆکرا لەبارەی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان تیمی تەندروستی دادی و تیمی بە ئەلیکترۆنیکردن لە یونیتاد لەگەڵ بۆردی باڵای جینۆساید لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

- لە ڕێکەوتی ٢٠ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، کۆبوونەوە لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و شاندی یونیتاد ئەنجام درا، هەردولا دوپاتیان کردەوە لەسەر خێرایی کردنی پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن و ئەرشیف کردن. لەلایەن بەڕێوەبەری پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن و ئەرشیف کردن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو شوێنە کرا کە تەرخان کراوە بۆ مەبەستی هەڵگرتنی بەڵگەکانی پەیوەست بە تاوانەکانی داعش.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، کۆبوونەوەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و گەورە بەرپرسی یاسایی لە تیمی یونیتاد رێکخرا، لەم کۆبوونەوەیە گفتوگۆ کرا لەسەر رەشنوسی پرۆژە یاسای حکومەتی هەرێم کە ئامادە کراوە.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد،پێشوازی لە بەرپرسی پاراستنی یەکەی شاهێدەکان بەڕێز (سیمۆ ڤاتانین) و بەرپرسی ئاسایش (علی حمود) کرد، لەم چاوپێکەوتنەدا گفتوگۆ کرا سەبارەت بە ئەنجام دانی چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراوانی داعش و پاراستنی گیانی شاهێدەکان.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد بەڵگەنامەی پرۆتۆکۆلی پێشکەش کرد بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراوانی داعش کە لە گرتووخانەکانی هەرێمن. ئەم داواکارییەی تیمی یونیتاد ئاڕاستەی بەڕیوەبەرایەتی گشتی ئاسایش و بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر کرا.

- له ڕێکەوتی ١٠ شوباتی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد لیستێک له پرسیاری ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر کرد، پرسیارەکان تایبەت بوون به تۆڕی بەکۆیلەکردنی جنسی که لەلایەن تیرۆریستانی داعش سەرپەرشتی دەکرا.

- له ڕێکەوتی ١٤ شوباتی ٢٠٢١، لیژنەی باڵای وزاری بڕیاری کۆتایی دا لەبارەی به مەرکەزیکردنی پڕۆژەی به ئەلیکترۆنیکردن و ئەرشیفکردنی زانیارییەکان له وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێم. بەم شێوەیه له ڕێکەوتی ١٦ شوباتی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد دوو بنکەی کارکردن (لابتۆپ/سکانەر/UPS) له مەرکەزی سەرەکی له وەزارەتی ناوخۆ دامەزراند.

- له ڕێکەوتی ١٧ شوباتی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست له نێوان تیمی به ئەلیکترۆنیکردن له یونیتاد و تۆڕی زانیاری له دام و دەزگاکانی حکومەت بۆ مەبەستی راهێنان و بیناکردنی تواناکان. بەشداربووان پێک هاتبوو له ( ئاسایش، دژەتیرۆر، داواکاری گشتی، لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوان، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، نووسینگەی ڕزگارکردنی ئێزیدییەکان، زێرەڤانی).

- له بارەی داواکاری تیمی یونیتاد بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراوانی داعش له بنکەی یونیتاد و لەدوای پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی چاوپێکەوتنی گیراوان لەلایەن تیمی ناوبراو، هەستاین به ڕێکخستنی دوو کۆبوونەوە لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار له (بەڕێوەبەرایەتی گشتی دژەتیرۆر و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش) له ڕێککەوتی ١٦ شوباتی ٢٠٢١.

- له ڕێکەوتی ٤ ئاداری ٢٠٢١، ناو و سیڤی دوو له بەربژێرەکانی هەرێم بۆ کارکردن لەگەڵ تیمی یونیتاد وەک لێکۆڵەری یاسایی نیشتیمانی، پێشکەش به لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی (NCC) و تیمی یونیتاد کرا.

- له ڕێکەوتی ٤ ئاداری ٢٠٢١، وێنەیەک له وەڵامی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم بۆ پەیوەندیکردنمان بەدەست گەیشت لەسەر داواکاری دادگا سەبارەت به داتا و زانیارییەکانی پەیوەندیکردن له بورجەکانی ئەم کۆمپانیایه له گوندی کۆجۆ له شنگال، ئەم پەیوەندیانه دەگەڕێنەوە بۆ رێککەوتی ١ ئابی٢٠١٤ تا ٢٠ ئابی ٢٠١٤ و بۆ تیمی یونیتاد ئامادە کراوە. کۆمپانیای کۆڕەک لیستێک له ناوی پەیوەندیکردنەکانی ئەو ماوەی رەوانه کردووە بەڵام تا ئێستا زانیارییەکان رادەستی تیمی یونیتاد نەکراوە.

- له ڕێکەوتی٨ ئاداری ٢٠٢١، تیمی یونیتاد دوو بەڵگەنامەی سەبارەت به پڕۆژەی به ئەلیکترۆنیکردن و ئەرشیفکردنی مەرکەزی له وەزارەتی ناوخۆ پێشکەش کرد. هەردوو بەڵگەنامەکان له هەمان رۆژدا ئاڕاستەی لایەنه پەیوەندیدارەکان کران.

- له ڕێکەوتی ١٠ ئاداری ٢٠٢١، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی یونیتاد له ڕێگەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانەوە بە فەرمی داوایان له سەرۆکی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) بەڕێز دادوەر ئەیمەن مصطفی کرد بۆ هاوکاری کردنیان سەبارەت بە پاراستن و هەڵگرتنی تۆمارەکانی کۆمپانیای فانۆس تیلیکۆم لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧، نامەکە لە هەمان رۆژدا ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار کرا.

- لە ڕێکەوتی ١٧ ئاداری ٢٠٢١، لە سەر داواکاری تیمی یونیتاد بۆ زانیارییەکان و ڤیدیۆکانی تاوانەکانی داعش، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری وەزارەتی پێشمەرگە CD و USB و بەڵگەنامە ڕەوانە کران، لە ڕێککەوتی ١٨ ئاداری ٢٠٢١ ئەم زانیاریانە بۆ تیمی یونیتاد نێردران و فۆرمی وەرگرتنی ئەم زانیاریانەیان پێ واژو کرا.

- لە ڕێکەوتی ١٨ ئاداری ٢٠٢١، ئەم دۆکیومێنتانەی خوارەوە بۆ گەورە بەرپرسی یاسایی بەڕیز (کریستۆفەر گۆسونێل) لە تیمی یونیتاد ڕەوانەکراوە:
  - وێنەیەک لە رەشنووسی پڕۆژە یاسای هەرێمی کوردستان بە زمانی عەرەبی
  - وێنەیەک لە بنەماکانی رێوشوێنی کۆکردنەوەی بەڵگەکان
  - وێنەیەک لە سەرنج و تێبینییەکان سەبارەت بە پڕۆژە یاسای هەرێم کە لەلایەن تیمی یاسایی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی ئامادە کراوبوو

- دوای بەدەستهێنانی ڕێپێدانی ئەمنی بۆ دوو بەربژێری دیکەی حکومەتی هەرێم بۆ مەبەستی کارکردن لەگەڵ تیمی یونیتاد وەک لێکۆلەری یاسایی نیشتیمانی، فۆرمی 11P و ژیاننامەی هەر دوو بەربژێرمان لە ڕێککەوتی ١٨ ئاداری ٢٠٢١ پێشکەش بە تیمی یونیتاد کرد:
  ١.دادوەر بەژدار مجيد ئەحمەد
  ٢.دادوەر عبدالستار محمد رمضان

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتگیریکردن و سەرخستنی پرۆسەی کۆکردنەوەی بەڵگەکان و لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش، لە ڕێککەوتی ١٨ ئاداری ٢٠٢١ لیژنەی باڵای وزاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر داواکاری تیمی یونیتاد پێشاندا بۆ ئەنجامدانی چاوپیکەوتن لەگەڵ گیراوانی داعش، ئاماژە بەم بڕیارەش نوێنەری حکومەت هەڵوێستی فەرمی حکومەتی هەرێمی بە تیمی یونیتادی ڕاگەیاند لەبارەی داواکارییەکەیان.

- لە ڕێکەوتی ١٨ ئاداری ٢٠٢١، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگی لەگەڵ تیمی یونیتاد کۆبونەوەیەکی تایبەتی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی باڵای وزاری بۆ ناساندنی تاوانەکانی داعش بە تەنها ئەنجام دا، لەم کۆبوونەوەیەدا تیشک خرایە سەر:
  - چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراوانی داعش

- بەشی پاراستنی شاهێدیدەرەکان (WPD)
- وەزارەتی ناوخۆ و پێداویستییەکانی پلانی بەشدار بوان لە پرۆژەی بە ئەلیکترۆنیکردن
- رەشنوسی پرۆژە یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان
- بەربژێرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دادوەرانی لێکۆلەری نیشتیمان

**چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢١ تاوەکو مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١:**

- دوای پێشکەش کردنی وێنەیەک لە رەشنوسی پرۆژە یاسای حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تیمی یونیتاد لە ڕێککەوتی ٦ نیسانی ٢٠٢١، گەورە بەرپرسی یاسایی تیمی یونیتاد تێبینی و سەرنجەکانی لەسەر پرۆژەی ڕەشنوسی یاساکە بۆ نووسینگەکەمان رەوانە کرد، لە هەمان رۆژدا ئەم تێبینی و سەرنجانەمان بۆ لیژنەی باڵای وزاری و ئەنجومەنی شورای هەرێم ڕەوانە کرد.

- لە ٢٠،٢٥،٢٧ ی نیسانی ٢٠٢١ دا، نووسینگەی ڕێکخەر بۆ ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان هەڵستا بەناردنی چەند لیستێک کەدابین کرابوون لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری و نووسینگەی داواکاری گشتی بۆ یونیتاد کە لە نامەی راوێژکاری تایبەت  ئاماژەی پێک بوو بۆ بانگهێشتکردن و دیاریکردنی دادوەر و داواکاری باڵا تاوەکو بەشداری بکەن لە ڕاهێنانی ئەلیکترۆنی(ئۆنلاین)،کە تایبەت بوو بە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

- دادوەر و داواکاری هەڵبژێردراوی هەرێم بەشداریان لە یەکەم سیمینار کرد کە تایبەت بوو بە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان لەڕێککەوتی ٦ مایسی ٢٠٢١ لە دوای بەرواری ئاماژەپێکراوەوە، سیمینارەکان بەردەوام دەبن بە مەبەستی ڕاهێنانی دادوەری لەسەر پرسی تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

- لە ڕێکەوتی ٢١ نیسانی ٢٠٢١، یونیتاد بە نامەی فەرمی داوای لە سەرۆکی لێژنەی لێکۆلینە و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە دادوەر ئەیمەن موستەفا کرد بە مەبەستی دەستخستنی داتای پەیوەندیدار و سیستەمی زانیاری جیۆگرافی سەبارەت بە هێرشی داعش بۆ سنجار کە لە ڕێککەوتی ٣ ئابی ٢٠١٤ و بەملاوە ئەنجامدران.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ نیسانی ٢٠٢١، یونیتاد داوای دۆسیەی نەسرین ئەسعەد ئیبراهیم (کە ناسراوە بە ئوم سەیف) و سامی جاسم محمدئەلجبووری (کە ناسراوە بە حاجی حەمید) لە سەرۆکی بەرێوبەرایەتی دژە تیرۆر کرد.

- لە ڕێکەوتی ٢٧ نیسانی ٢٠٢١، یونیتاد بە نامەیەک داوای لە سەرۆکی بەرێوبەرایەتی ئاسایش کرد بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ ٧ لە ئەندامانی داعش بکات  کە لە گرتووخانەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمن. هەروەها داوای دۆسیە و کەیسی دادگایان لە ئاسایش کرد تایبەت بەو ٧ کەسە.

- لە ڕێکەوتی ١٨ مایسی ٢٠٢١، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یونیتاد چاوپێکەوتنێکی ئەنجامدا لەگەڵ ئەلبێرت جۆزیف، جێگری هەماهەنگیکاری لێکۆڵینەوەکان و ڕێکخەر و سەرۆکی لێکۆڵینەوەکانی یونیتاد لە موسڵ. پەیوەندی سەرەکی ئەو لەگەڵ حکومەتی هەرێم دەربارەی موسڵ بەتایبەتی خانەی چاکسازی بادوش دەبێت.

- لە ڕێککەوتی ١٩ مایسدا، نووسینگەی ڕێکخەر، لەسەر داوای پێشووتری یونیتاد کە داوایان کردبوو زانیارییان سەبارەت بە کەیسی دوو ئەندامی دیاریکراوی داعش دەستبکەوێت، دۆکیومێنتێکی دوو لاپەڕی ڕادەستی یونیتاد کرد کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆرەوە ئامادەکرابوو.

- سەبارەت بە ناوی ٧ کەسەکەی داعش کە یونیتاد داوای کردبوو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات، لە ٢٥ مایس  یونیتاد ڕایگەیاند کە تەنها دوو ناوی ناو لیستەکەی ئاسایش تەریب بوو لەگەڵ لیستەکەی خۆیان، و هاوکات پێشتر لە ٢٠١٩ تەنها یەک ناو کە ئاسایشی دهۆک رادەستی کردبوو لە ساڵی ٢٠١٩ لە لیستەکەی ئەواندا هەبوو. سەبارەت بە چوار کەسەکەی تریش، یونیتاد رایگەیاند کە زانیاریان هەیە لە بارەی دەستیگیرکردنیان لە لایەن سەرچاوە تایبەتەکانی کانی خۆیان و هەواڵەکانی سەر ئینتەرنێت.

- تیمی یونیتاد تایبەت بە ئەلیکترۆنیکردن هەڵستان بە دابینکردنی وۆرکشۆپێکی دوو رۆژیی بۆ ئەوکەسانەی کە پەیوەندیدارن بە پرۆژەکە کە لە ڕێککەوتی ٢٥ و ٢٦ مانگی مایسدا بەرێوەچوو، ئەمیش بە مەبەستی هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی و بەرجەستکردنی پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن بە زووترین کات و بە باشترین شێوە.

- لە کۆتایی مانگی مایسی ٢٠٢١دا، چەند کۆبوونەوەیەک لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ، نووسینگەی ڕێکخەر بۆ راسپاردە نێودەوڵەتییەکان، پسپۆری یاسایی هەرێم، و یونیتاد ئەنجامدرا بۆ نووسینی یاسایەک کە توانابدات بە وەزارەتی ناوەخۆ بۆ دامەزراندنی بەشی پاراستنی گەواهیدەر. لە ڕێکەوتی ٩ حوزەیرانی ٢٠٢١ کۆتا کۆبوونەوە ئەنجامدرا کە مەبەست تێیدا تاڕادەیەک دەستکاری و هەموارکردنەوەی یاسای عێراقی ساڵی ٢٠١٧ بوو بۆ پاراستینی گەواهیدەر، تا حوکمی ئەم یاسایە لە چوارچێوەی یاسای حکومەتی هەرێم جێگای ببێتەوە. وەزارەتی ناوەخۆ رەزامەندی دەربڕیوە کە کۆتا ڕەشنووس بەم نزیکانە ئامادە دەبێت و ڕادەستی نووسینگەی ڕێکخەر بۆ راسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەکرێت و نووسینگەی ڕێکخەریش دەینێرێت بۆ یونیتاد تاوەکو پسپۆرانی یونیتاد تێبینیەکانی خۆیان سەبارەت بە یاسایەکە بخەنەڕوو و دڵنیاببنەوە لەوەی کە پەیڕەوی ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکان دەکات.

- لە ڕێکەوتی ٢٦ مایسی ٢٠٢١، یونیتاد کۆبوونەوەی دووەمی ڕێکخست لەگەڵ ئاسایش بۆ تاوتوێکردنی بابەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراوەکاندا. یونیتاد لە ڕێگەی نامەیەکی فەرمی بۆ ئاسایش ڕایگەیاند کە دامودەزگایەکانیان ئامادە نیە بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراوەکاندا و داوا لە حکومەتی هەرێم دەکات کە

شوێنێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ چاوپێکەوتنەکە. لە کۆبونەوەکە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە شوێنەکە یان یەکێک بێت لە دام و دەزگاکانی ئاسایشی دهۆک یاخود خانوویەکی دوورە دەست بێت کە دەبێت لەلایەن یونیتادەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت بەرلەوەی کاروچالاکییەکان دەستپێبکرێن.

- لە ڕێکەوتی ٢٦ مایسی ٢٠٢١، کۆبونەوەیەک ڕێکخرا لە نێوان ئاسایش و یونیتاد. یونیتاد لە ڕێککەوتی ١٦ حوزەیرانی ٢٠٢١ دا نامەیەکی فەرمی نارد بۆ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و داوای کەیسی ئەو ٧ گیراوەی داعشی کرد کە بەنیازبوون چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکات، و نووسینگەی ڕێکخەریش بە شێوازێکی فەرمی نامەکەی بۆ ئاسایش ڕەوانە کرد.
- بۆ ئەم مەبەست کۆبونەوەیەک لە نێوان ئاسایشی دهۆک و یونیتاد ڕێکخرا لە ڕێککەوتی ٨ حوزەیرانی ٢٠٢١، بەڵام ڕێککەوتنەکە وەکو ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان ئاسایشی هەولێر و یونیتاد کرا نەبوو، و نوێنەری ئاسایشی دهۆک ئاماژەی بەوەدا کە چاوپێکەوتنەکە لە نێو چاکسازی زارگە دەبێت. (تا ئێستا گفتوگۆ بەردەوامە لە نێوان ئاسایش و یونیتاد و بابەتە ڕاگیراوە لەبەر نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ چاوپێکەوتنی ڕاگیراوەکان).

- لە ڕێکەوتی ٨ حوزەیرانی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەر بۆ راسپاردە نێودەوڵەتییەکان نامەیەکی فەرمی نارد بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە داواکاری یونیتاد بۆ چاوپێکەوتنی ڕاگیراوەکان.

- لە ڕێکەوتی ١٣ حوزەیرانی ٢٠٢١، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یونیتاد چاوپێکەوتنێکی ئەنجامدا لەگەڵ رۆژنامەی (لێ مۆندێ). لە چاوپێکەوتنەکە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بەشێوازێکی ئەرێنی نیشاندرا بەهۆی ئەو هەماهەنگیانەی لەگەڵ تیمی یونیتاد هەیانە و ئەو هەوڵانەی بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆلێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش خراونەتەگەڕ.

- لە ڕێکەوتی ١٤ حوزەیرانی ٢٠٢١، لێژنەی هەماهەنگی نیشتمانی هەڵستا بە هاوبەشکردنی سیڤی سێ کاندید لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەڵەتییەکان کە بە جیا لەلایەن ئەلمانیا، سوید، و کەندا بۆ پێگەی سەرۆکی تیمی یونیتاد دەستنیشانکرابوون.

- لە ڕێکەوتی ١٥ حوزەیرانی ٢٠٢١، یونیتاد داوای لە وەزارەتی تەندروستی هەرێم کرد بۆ دامەزراندنی پردێکی پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشخانەی دەروونی هەولێر بە مەبەستی چارەسەرکردنی کچان و ژنانی (سەنتەری پشتگیری لە دهۆک)، ئەمەش وەک بەشێک لە ئەرکەکانیان بۆ بایەخدان بە گەواهیدەر و دابیکردنی چارەسەر.

- لە ڕێکەوتی ١٦ حوزەیرانی ٢٠٢١، ٢٥ لێدوانی نوێی شایەتحاڵەکان دراوە بە یونیتاد کە لەلایەن لێژنەی لێکۆلینە و کۆکردنەوەی بەڵگەنامە کۆکرابوونەوە.

- له ڕێکەوتی ١٦ حوزەیرانی ٢٠٢١، نوێنەری حکومەتی هەرێم چاوی بە نوێنەرانی ڕێکخراوی یەزدا و تۆڕی ئێزیدیە ڕزگاربووەکان کەوت، مەبەست لەم کۆبونەوەیە ڕەچاوکردنی تێبینیەکانی خوشک و برا ئێزیدییەکانە سەبارەت بە ئامادەکردنی رەشنووسی یاساکە.
- له ڕێکەوتی ١٦ حوزەیرانی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخستووە لە نێوان ڕێکخراوی یەزدا و تۆڕی ئێزیدیە ڕزگاربووەکان لەگەڵ لێژنەی یاسایی لە پەرلەمان. لەم کۆبونەوەیە ڕێکخراوی یەزدا ئاماژەی بەوە کرد کە دەست دەکەن بە ڕاوێژکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومەیەکانی تریش کە نوێنەرایەتی و داکۆکی مافەکانی، نە تەنها ئێزیدیەکان، بەڵکو پێکهاتەکانی تریش دەکەن و هەڵدەستن بە کۆکردنەوەی سەرنج و تێبینیەکانیان بۆ ئەوەی ڕادەستی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم بکرێن و دواتر لە پەرلەمان بخرێنە ڕوو. ئاماژە بەوەش کراوە کە ڕاوێژکردن بەم میکانیزمە شەرعیەتی زیاتر دەدات بە یاساکە و بۆ لایەنە نێودەڵەتییەکانی نیشاندەدات کە حکومەتی هەرێم ڕاوێژکردنی ڕزگاربووەکان و ڕێکخراوەکانی بە هەند وەرگرتووە پێش دەرچوونی یاسایەکە.

- له ڕێکەوتی ١٧ حوزەیرانی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی تری ڕێکخست لە نێوان نوێنەرانی ڕێکخراوی یەزدا و تۆڕی ئێزیدیە ڕزگاربووەکان لەگەڵ دکتۆرە ڤاڵا وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.

- له ڕێکەوتی ٢٣ حوزەرانی ٢٠٢١، نوێنەری حوکمەتی هەرێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یونیتاد پێشوازی لە تیمی پزیشکی دادوەری تیمەکە کرد. کارە هاوبەشەکان باسکران، هەروەها یونیتاد ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان هیچ کەلوپەلێک بۆ ئەم بوارە دابین ناکەن، بەڵام دەتوانن هاوکاری هەرێم بن لە دەرهێنانی زانیاری لە ئامێرە ئەلیکترۆنیەکانی تیرۆرستانی داعش کە حوکمەتی هەرێم دەستیبەسەرداگرتوون.

- له ڕێکەوتی ٢٤ حوزەیرانی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەر سەردانێکی یونیتادی بۆ وەزارەتی ناوەخۆ ڕێکخست. بوارەکانی پەرەپێدانی تواناکان دەستنیشانکران و وردەکاری زیاتر لەگەڵ گەڕانەوەی تیمی یونیتاد بۆ هەولێر لە مانگی ٨ باس دەکرێن.

- له ڕێکەوتی ٢٧ حوزەیرانی ٢٠٢١، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ یونیتاد پێشوازی لە سەرۆک بەشی لێکۆڵینەوەکانی سنجار لە یونیتاد و بەشی شیکاری داتا و تۆماری هێڵی تەلەفۆنی یونیتاد کرد. لە کۆبونەوەکەدا جەخت لەوە کراوە کە بەشی شیکاری یونیتاد کورتەیەکی لە شیکارەکان و دەستکەوتەکانی خۆیان خستەڕوو تایبەت بە بەشی تۆماری هێڵی تەلەفۆنی کۆرەک کە لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٤/١ درابوو بە تیمی لێکۆلەر.

- له ڕێکەوتی ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان هەڵستا بە رێکخستنی کۆبونەوەیەک لە نێوان نوێنەرانی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم و یونیتاد، لە کۆبونەوەکە ئەوە خراڕوو کە هەردوو لا کۆکن لەسەر ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن لە پرۆسەکە ئەویش بە ناردنی داوای فەرمی لە لایەن یونیتاد بۆ کۆرەک بۆ دەستکەوتنی زانیاری، هەروەها یونیتاد ئاماژەی بەوەکرد ئەو بەڵگانەی کە لە شیکاری داتا و تۆماری تەلەفۆنی بەدەست دەهێندرێن رۆلێکی گرنگی هەیە لە دیاریکردنی تاوانەکانی گومان لێکراوان.

- له ڕێکەوتی ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان نامەیەکی رەوانەکرد بۆ تیمی یونیتاد دەربارەی یاداشتنامەکەی دادگای باڵای فیدڕاڵی سەبارەت بە ڕەشنووسی پرۆژە یاسای هەرێم کە تایبەتە بە دادگاییکردنی تیرۆرستان لەسەر ئەنجامدانی تاوانە نێوەدەوڵەتییەکان. نامەکە ڕەنگدانەوەی تێبینی و کۆمێنتەکانی نووسینگەی ڕێکخەر بوو کە لەم ڕووەوە ئامادەیان کردبوو.

- له ڕێکەوتی ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢١، یونیتاد پرۆژەی دۆکیومێنتی دەستپێشخەری ڕادەستکرد سەبارەت بە پرۆژەی بەدیجیتالکردن (بەئەلیکترۆنیکردن) تاوەکو پرۆژەی (لێژنەی خولاو) بخاتە ناو کۆبوونەوەکان. کۆبوونەوەکە لە ڕێکەوتی ٣٠ حوزەیرانی ٢٠٢١ ئەنجامدرا لە وەزارەتی ناوەخۆ کە مەبەستەکەی پێداچوونەوە بوو بۆ پرۆژەی دۆکیومێنتی دەستپێشخەر و رەزامەندی دەربڕین بوو بۆ چەند گۆڕانکارییێکی پێویست بۆ واژوو کردنی ڕێککەوتنامەیەک. ئەندامانی لیژنەی خولاو بریتین لە ئەمانەی خوارەوە:
  - د. دیندار زێباری (جێبەجێکار و سپۆنسەری پرۆژەکە)
  - د.سامی جەلال (جێبەجێکاری وەزارەتی ناوەخۆ و هاوبەشی جێبەجێکار)
  - مایکل پاولۆسکی / ئەل حادجی بابەکاروو (جێبەجێکاری یونیتاد)
  - هۆگر باپیر (بەرێوبەری پرۆژە لە وەزارەتی ناوەخۆ)
  - رۆمەین لێدوافین (بەرێوبەری پرۆژە لە یونیتاد)

## چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١ تاوەکو مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢١:

- له ڕێکەوتی ١و٢ مانگی تەموزی ٢٠٢١، نوێنەرانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ئەندامانی لێژنەی هەماهەنگی نیشتمانی بەشداریان لە ووَرکشۆپێکی دوو ڕۆژی کرد کە لە لایەن یونیتادەوە لە هەولێر ئامادەکرابوو و ئەمانەی خوارەوەی لە خۆگرت:

- پەیوەندی شوێنەواری هەلکۆڵین بۆ چالاکییەکانی تیمی لێکۆلەری یونیتاد
- پێداچوونەوە بۆ فێربوون لە کارەساتەکانی بادوش و سۆلاغ
- پێداچوونەوە بۆ فێربوون لە وانەی گەڕانەوەی پاشماوەی لاشەکان بۆ کۆجۆ
- هەماهەنگی بۆ دەستکەوتنی ڕووداوەکان سەبارەت بە گەرانەوەی پاشماوەی لاشەکان لە داهاتوودا
- بەرزکردنەوە و بەکارهێنانی پشتگیری دەروونی لە پێش و دوای ڕووداوەکان
- ڕەزامەندی دەربڕین بۆ لیستی چالاکییەکان و ئەو هەنگاوانەی پێویستە بگیرێنەبەر بۆ گەرانەوەی پاشماوەی لاشەکان بۆ کۆجۆ لە داهاتوو

- لە ڕێکەوتی ٦ و ١٥ی مانگی تەموزی ٢٠٢١، تیمی بەئەلیکترۆنیکردنی یونیتاد و نوێنەری وەزارەتی ناوەخۆ هەڵسەنگاندنێکی مەیدانییان بۆ ئەرشیڤەکانی نووسینگەی ڕزگاربووانی ئێزیدی و لیژنەی کۆکردنەوەی بەڵگەکان. (هەردوو لایەنی ئاماژەپێدراو گوتیان کە ناتوانن داتاکانیان بۆ هەولێر بگوازنەوە، ئەمەش کێشەیەکی ناوەخۆییە و پەیوەندی بە یونیتادەوە نیە، بۆیە دەبێت حوکمەتی هەرێم چارەی بکات).

- دوای پەسەندکردنی ڕەشنووسەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ڕێکەوتی ٢٨ نیسانی٢٠٢١، کە تایبەتە بە دامەزراندنی دادگایەک لە هەرێمی کوردستان بۆ لێپرسینەوەی داعش لە تاوانە نێودەوڵەتییەکان (تاوانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید)، پرۆژە یاساکە پێشکەش بە پەرلەمان کرا کە سەرەتای مانگی ئایار خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا. بە ڕەچاوکردنی گرنگی ئەم یاسایە و ڕەچاوکردنی بواری سیاسی و ئەمنی و نێودەوڵەتی ، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان چوار کۆبوونەوەی فراوانی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجامدا بۆ ئەوەی کە فراوانترین مەودای تێبینی و سەرنجەکان لەبەرچاو بگیرێت. ئەم خاڵانەی خوارەوە کورتەیەک لە هەریەک لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان لەخۆدەگرێت:

**<u>کۆبوونەوەی یەکەم:</u>** ١٧ی مایسی ٢٠٢١: (بە ئامادەبوونی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ یونیتاد)

شایانی باسە ئەم کۆبوونەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی تایبەت بوو بە باسکردنی سنوورە دەستوورییەکانی تێپەڕاندنی یاسایەکە و ئەگەری ناڕەزایی بەغدا لەم بارەیەوە. لەخولی یەکەمی گفتوگۆکاندا زۆرینەی ئامادەبووان دژی تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکە بوون، نیگەرانی خۆیان بۆ دەرهاوێشتە سیاسییەکان پشاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا ئەو بڕوایەیان بۆ دروست بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە و یاسایەکە تێپەڕێنێت.

**<u>کۆبوونەوەی دووەم:</u>** ٣١ی مایسی ٢٠٢١ (کۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەگەڵ شارەزایانی یاسایی یونیتاد)

لەم کۆبونەوەیەدا یونیتاد ئەوەی ڕوونکردەوە کە ئەوان لە دابینکردنی هاوکاری دارایی بۆ دادگاکە ناتوانن هاوکار بن، بەڵام گوتیان دەتوانرێ کەناڵی هاوکاری هاوشێوەی ئەزموونی وڵاتانی تر بکرێتەوە. یونیتاد پشتگیری بۆ پڕۆژە یاساکە نیشان دا. نوێنەرانیان دووپاتیان کردەوە کە ئەرکییان بریتییە لە پشتگیری تێپەڕاندنی یاساکە لە هەولێر و بەغدا. هەروەها دووپاتیانکردەوە کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازی لە بەرەوپێشچوونەکانی حوکمەتی هەرێم دەکات لە داڕشتنی یاسایەکە.

**<u>کۆبوونەوەی سێیەم:</u>** ٧ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢١: (کۆبوونەوەی پەرلەمان لەگەڵ ئەنجومەنی دادوەری)

ئەم کۆبوونەوەیە بە ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەولێر و دهۆک و سلێمانی بەڕێوەچوو. ئامادەبووان ڕاو و بۆچوون و تێبینی خۆیان لەسەر پڕۆژە یاساکە ئاڵوگۆڕ کرد . ئەنجومەنی دادوەری ڕوونیکردەوە کە ڕووبەڕووی چەندین ئاڵەنگاری دەبنەوە لەوانە کەموکوڕی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی.

**<u>کۆبوونەوەی چوارەم:</u>** ١٤ ی حوزەیرانی ٢٠٢١: (کۆبوونەوەی پەرلەمان لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆ)

ئەمە کۆبونەوەی کۆتایی پەرلەمان بوو پێش ئەوەی پڕۆژەکە بدرێت بە لیژنەی یاسایی، کە ڕادەسپێردرێت بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێک بەر لە خوێندنەوەی دووەمی پڕۆژەکە. مامۆستایانی زانکۆ و شارەزایان بڕوایان وابوو کە دەبێت پێداچوونەوەیەکی جدی بکرێت بە یاسایەکە و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و دۆخی هەرێم لەبەرچاو بگیرێن. مامۆستایانی زانکۆ گوتیان کە کاتێکی زیاتر پێویستە بۆ ئەوەی خوێندنەوەیەکی تێروتەسەل هەبێت سەبارەت بە یاسایەکە، هەروەها ئەم پڕۆژەیە دەبێت پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لەخۆبگرێت بەشێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ دۆخ و بەرژوەندییەکانی هەرێم.

- لە ڕێکەوتی ٥ تەموزی ٢٠٢١، وەڵامی فەرمی وەزارەتی تەندروستی رادەستی تیمی یونیتاد کرا، وەزارەتی تەندروستی پێشوازی لە داواکاری و دەستپێشخەری تیمی یونیتاد دەکات سەبارەت بە پشتگیریکردنی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی بەشداربن لەگەڵ پسپۆرانی دەروونی و پاراستنی گەواهیدەرەکان و یەکەی پشتگیری یونیتاد.

- لە ڕێکەوتی٦ تەموزی ٢٠٢١، تیمی هاوبەشی وەزارەتی ناوەخۆ و تیمی یونیتاد سەردانێکی مەیدانی سازدا بۆ (دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE)، هەروەها لە رێککەوتی ١٥ تەمموزی ٢٠٢١دا سەردانی نووسینگەی رزگارکردنی ئیزیدەیە رفێندراوەکانیان کرد. مەبەست لەم سەردانیکردنە بریتی بوو لە باشتر تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی جۆر و ژمارەی تۆمارەکانی هەردوو دەزگای (دەستەی ناوبراو و نووسینگەی ناوبرا).

- لە ڕێکەوتی ٢٦ تەموزی ٢٠٢١، لیژنەی باڵای وەزاری بۆ ناساندنی تاوانەکانی داعش کۆبوونەوەیەکی رێکخست کە تێیدا نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕاپۆرتی (خوولی) کار و چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتادی پێشکەشکرد. هەروەها لە کۆبوونەوەکە ئەندامانی لیژنەی باڵای وەزاری ئاماژە بەم خاڵانەی خوارەوە دراوە:
  - o یاداشتی دادگای باڵای فیدراڵی سەبارەت بە رەشنووسی پڕۆژە یاسای هەرێم کە تایبەتە بە تاوانەکانی داعش زیاتر بە یاداشتێکی سیاسی دەبینڕا وەک لە یاسایی.

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە کە بەردەوام بێت لە هەماهەنگی کردن و پاڵپشتی کردنی تیمی یونیتاد.
- سەبارەت بە ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای حکومەتی هەرێم بۆ دامەزراندنی دادگایەک بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش بەهۆی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان (تاوان دژی مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ، جینۆساید)، ئەندامانی لیژنەی باڵای وەزاری رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە پەرلەمانی هەرێم بەردەوام بێت لە کارەکانی تایبەت بە پڕۆژە یاسایەکە
- پڕۆژەی بەئەلیکترۆنیکردن دەبێت بەردەوام بێت
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی بە داوای تیمی یونیتاد داوە سەبارەت بە چاوپێکەوتنی راگیراوان و ئامادەباشی خۆی دەربڕیوە بۆ دابین کردنی دەزگایەکی هەرێم بۆ ئەوەی تیمی لێکۆڵەر چاوپێکەوتنەکەی لێ ئەنجامبدات
- وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەبێت ئاگادار بکرێتەوە لە رۆژ و بەرواری چاوپێکەوتنەکان و دەبێت پێشووتر لیستی ناوەی ئەو راگیراوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ دەکرێت پێبگات
- حکومەتی هەرێمی کوردستان رەزامەندی داوە سەبارەت بە داواکاری تیمی یونیتاد بۆ هاوبەشی پێکردنی زانیارییەکان بە لایەنی سێیەم بەڵام بەو مەرجەی دەبێت پێشوەختە حکومەت ئاگادار بکاتەوە لە لایەنی سێیەم
- داوا لە تیمی یونیتاد دەکرێت بۆ دیاریکردنی ژمارەی کەیس فایلەکانی ئامادەکراو لەلایەن تیمی لێکۆڵەر بۆ ئەوەی هاوبەشی پێبکرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی و فیدراڵی

- لە ڕێکەوتی ٢٧ تەموزی ٢٠٢١، نێردەی هەمیشەیی کۆماری عێراق بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری حکومەتی فیدراڵی گواستەوە بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان کە کریستچن ڕیتشەر پەسەند کردووە وەک سەرۆک و راوێژکاری تایبەتی نوێی تیمی یونیتاد. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەندامانی لیژنەی باڵای وەزاری لە بڕیاری حکومەتی فیدراڵی ئاگادارکردەوە.

- لە ڕێکەوتی ٢٧ تەموزی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر یاداشتنامەیەکی دادگای باڵای فیدراڵی بڵاوکردەوە. لە یاداشتنامەکەدا، دادگای فیدڕاڵی چەند تێبینیەکی لەسەر ڕەشنووسی پرۆژە یاسای هەرێم خستەڕوو کە تایبەتە بە دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش لەژێر رۆشنایی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، هاوکات دادگای ناوبراو باسی لەوە کردبوو کە چالاکییەکانی تیمی یونیتاد لە عێراق نادەستوورییە. وەک ڕوونکردنەوەیەک لەسەر تێبینیەکانی دادگای فیدڕاڵی لەسەر پڕۆژە یاسایەکە، نووسینگەی ڕێکخەر رایگەیاند، "ناکرێت دادگای باڵای فیدراڵی بڕیارێک دەربکات سەبارەت بە پرۆژە یاسایەکی پێشنیارکراو کە نەچووبێتە قۆناغی پەسەندکردنەوە و نەبوبێتە پرۆژە، ڕەشنووسەکەی هەرێمیش رەشنووسێکی سەرەتایی و هێشتا نەبۆتە یاسا. پەرلەمانی هەرێم، ئەنجومەنی شورا، ئەنجومەنی دادوەری هەرێم، هەروەها وەزارەت و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم وردەکاری پڕۆژە یاساکەیان خوێندۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش لەلایەن دەیان پسپۆرانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەکادیمایای یاسایی، کە ئاشنان بە یاسا و دەستووری حکومەتی فیدراڵی و مافی دەستووری هەرێم، پێداچوونەوەی بۆ کراوە. تاوەکو ئێستا یاساکە

دەرنەچووە و گۆرانکاری تێدا کراوە بە پێی پێوەری ئەو یاسایانەی کە بەرکارن و ئەو پابەندە نێودەوڵەتییانەی کە لەسەر ئەستۆی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمە. ئاشکرایە بەپێی دەستوور رێگە بە دامەزراندنی دادگایەکی تایبەت نادرێت، و ڕەچاوی ئەم بابەتە کراوە لە ڕەشنووسەکە کە پێشکەشی پەرلەمان هەرێم بووە تێیدا داوای دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند دەکرێت نەوەک تایبەت".

- لە ڕێکەوتی ٢٨ تەموزی ٢٠٢١، دووەم کۆبوونەوەی لیژنەی ئەرشیفکردن و بەئەلیکترۆنیکردن لە ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدرا. لەم کۆبوونەوەیەدا، تیمی یونیتاد ئاماژەیان بە بەربەست و ئالەنگارییە ناوەخۆییەکان دا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەڕوانگەی گواستنەوەی تۆمارەکان لە دامودەزگاکانەوە بۆ وەزارەتی ناوەخۆ. هاوکات، تیمی بەئەلیکترۆنیکردن نیگەرانیەکانی خۆیان بۆ سەقفی زەمەنی پڕۆژەکە دەربڕی بەو پێیەی کە پشتگیری تیمی یونیتاد بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەست دەبێت تاوەکو مانگی ٣ی ٢٠٢٢.

- لە ڕێکەوتی ٥ ئابی ٢٠٢١، تیمی هاوبەشی وەزارەتی ناوەخۆی هەرێم و یونیتاد کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لەگەڵ کۆمپانیای ئای سی تێک (ICTech) کە تێدا باس لە پێداویستیە تایبەتەکانی سۆفت وەیر بۆ ڕێکخستنی ئامارەکان کرا.

- لە ڕێکەوتی ٨ ئابی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان نووسراوێکی فەرمی بۆ چوار لە هاوبەشی پڕۆژەکان کە بریتی بوون لە ئاسایش، پێشمەرگە، دەزگای زانیاری، داواکاری گشتی و زێرەڤانی نارد کە داوای رێگەپێدانی تیمی هاوبەشی نێوان وەزارەتی ناوەخۆ و تیمی یونیتاد دەکرد بۆ ئەنجامدانی سەردانی مەیدانی دەکرد تاوەکو هەڵسەنگاندن بۆ تۆمارەکانی ژێر دەستی هاوبەشی پڕۆژەکان بکەن و پلانی زیاتر بۆ پڕۆژەکە دابنێن.

- لە ڕێکەوتی ٨ ئابی ٢٠٢١، نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان تیمی بەئەلیکترۆنیکردنی سەر بە تیمی  یونیتاد و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی رێکخست بۆ ناساندنی پڕۆژەی بەئەلیکترۆنیکردن و هەڵسەنگاندنی قەبارە، جۆری ئامار، و دۆکیویمێنتەکانی ژێر دەستی وەزارەتی ناوبراو.

- لە ڕێکەوتی ٨ ئابی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد نووسراوێکیان بۆ دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) ڕەوانەکرد بۆ  داوا کردنی تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان، وەک لە کۆبوونەوەی پێشووتری نێوان کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم و تیمی یونیتاد ئاماژەی پێکرابوو کە لە رێککەوتی ٢٨ حوزەیران ئەنجامدرا. لە کۆبوونەوەکەدا، نوێنەرانی کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم ئاماژەیان بە هەندێک کەم و کوڕی لە تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان کە لە تاوەرەکانی نزیک کۆجۆ تۆمار کرابوون، کرد. هاوکات، هۆکاری کەم و کوڕیەکانیان گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە لەوانەیە هەندێک لە تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لەلایەن تاوەرەکانی نزیک ئەو شوێنەوە وەک تاوەری نزیک چیای شنگال تۆمارکرابن.

- لە ڕێکەوتی ١٢ ئابی ٢٠٢١، نووسینگەی راوێژکاری تایبەت پەیوەندی بە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کرد، و داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد بۆ ئەوەی رەزامەندی بدەن بە هاوبەشی پێکردنی هەندێک زانیاری تایبەت بە لایەنی سێیەم (دەوڵەتی سێیەم). هەروەکو تێبینی کرا لە ووتەی راوێژکاری تایبەت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە ڕێکەوتی ١٠ مایسی ٢٠٢١ دا، تیمی یونیتاد (کورتەیەکی سەرەتایی تاوانەکانی داعش لە شەنگال) ئامادە کردووە و ٢١ بەیاننامەی تێدایە کە سەرچاوەی زانیارییەکانیان لە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) و نووسینگەی رزگارکردنی ئێزیدیە رفێندراوەکان لە حکومەتی هەرێم وەرگیراوە. یەکێک لە ئامانجەکانی هاوبەشی پێکردنی زانیاریەکان لەگەڵ لایەنی سێیەم بریتیە لە ئەگەری بەکارهێنانی لە دادگایی کردنی تاوانباران بە رێگەیەکی دادپەروەرانە و سەربەخۆیانە، کە هاوتا بێت لەگەڵ ئەرکی یونیتاد بە پێی بڕیاری ژمارە ٢٣٧٩ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. تیمی یونیتاد داوای رێگەپێدانی حکومەتی هەرێم دەکات بۆ هاوبەشی پێکردنی ئەو زانیاریانە لەگەڵ لایەنی سێیەم دەکات لەبەرئەوەی زانیاریەکان سەرچاوەکانیان دەگەرێتەوە بۆ دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم. دوا بە دوای وەرگێرانی داواکاریەکە و هەوڵەکانی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان، لە رێککەوتی ١٧ ئابی ٢٠٢١ دا، نووسینگەی رێکخەر داواکاری و نووسراوەکەی لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی باڵای وەزاری هەرێم هاوبەشی پێکرد بۆ تێبینی و ڕاوبۆچوونیان سەبارەت بەم داواکارییە.

- لە ڕێکەوتی ١٨ ئابی ٢٠٢١، داواکارییەک بۆ زانیاری گواسترایەوە بۆ دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE)، لە نووسراوەکەدا، داوای لێدوانی گەواهیدەرێکی دیاریکراو، کرابوو. دواتر دەستەی ناوبراو بە فەرمی وەڵامیان داوە کە نەیان توانیوە پەیوەندی بە گەواهیدەرەکەوە بکەن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەستەی ناوبراو لە توانای دانیە هاوبەشی بە لێدوانی گەواهیدەرەکە بکات بە بێ ڕەزامەندی تایبەتی شاهێدحاڵەکە.

- لە ڕێکەوتی ٢٢ ئابی ٢٠٢١، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە ئاسایشی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر کرد بۆ ئەوەی رەزامەندی بدەن بە ئۆتۆمۆبێلە تایبەتەکانی تیمی یونیتاد بە مەبەستی هاتووچۆ کردن لە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بە رێڕەوی تایبەت (VIP) و ئاسایی بەمەبەستی هەڵگرتنی راوێژکاری تایبەت و نوێنەرە تایبەتەکەی تیمی یونیتاد. لەسەر داواکاری یونیتاد، نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بەم بابەتە پەیوەندی کرد بە ئاسایش بەمەبەستی خێراکردنی پرۆسەکە.

- لە ڕێکەوتی ٢٣ ئابی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی رێکخست لە نێوان ئاسایش و (تیمی هاوبەشی وەزارەتی ناوەخۆ و یونیتاد). لە کۆبوونەوەکەدا ئاسایش ئامادەباشی خۆیان دەربڕی بۆ بوون بە بەشێک لە پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردن، و ئاماژەشیان بەوە کرد کە تۆمارەکانی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی داعش دەتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراوی مەرکەزی لە وەزارەتی ناوەخۆ لە کاتی دەستپێکردنی پڕۆژەکە.

- له ڕێکەوتی ٢٤ ئابی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان نوسراوێکی تیمی یونیتادی گواستەوە بۆ وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان کە تێدا تیمی لێکۆڵەر داوای هەموو ئەو زانیاری، کەیس فایل، راپۆرتی هەڵکەندنەکان دەکات کە بەردەست و پەیوەندیدارن بە هەڵکەندنەکان کە لە لایەن یەکەی یاسایی پزیشکی سەر بە وەزارەتی ناوبراو ئەنجامدراوە بۆ گۆڕی بەکۆمەڵی نێوان ناوچەکانی بەێردیە، سینونی، خانەسۆر کە تێیدا ٦٧ پاشماوەی ئێسکەپەیکەری مرۆڤەکان هەڵکەندران و نێژران لە پەرستگای شەریف ئەلدین. ئەم داواکاریە بەدواداچوون بوو بۆ ئەو کۆبوونەوەی کە لە نێوان تیمی یونیتاد و جێگری وەزیر لە رێککەوتی ١٢ ئابی ٢٠٢١ ئەنجامدرابوو.

- لە ڕێکەوتی ٢٦ ئابی ٢٠٢١، وەزارەتی ناوەخۆ نووسراوی فەرمی بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە پرۆژەکە نارد کە داوای گواستنەوەی تۆمارەکانی پەیوەندیدار بە تاوانەکانی داعش بۆ وەزارەتی ناوەخۆ کرد.

- سەبارەت بەو گفتوگۆ و رێککەوتننامانەی کە لە نێوان کۆمپانیای کۆرەک تلیکۆم و تیمی یونیتاد لە رێکەوتی ٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢١ ئەنجامدرابوون، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان نووسراوێکی تیمی یونیتادی لە ڕێکەوتی ٣١ ئابی ٢٠٢١ گواستەوە بۆ کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆم. لە نووسراوەکەدا، تیمی یونیتاد داوای لیستی تاوەرەکانی سەربە کۆمپانیای کۆرەک تیلیکۆمی کرد لە ناوچەکانی نزیک کۆجۆ و شنگال. هەروەها یونیتاد ئاماژەی پێداوە کە ئەم زانیاریە سەرەتاییانە لەسەر لیستی تاوەرەکانی ئەم ناوچانە زۆر گرنگ دەبێت بۆ داواکردنی تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لە کۆمپانیای کۆرەک تلیکۆم لە داهاتوودا.

**چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢١ تاوەکو مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١:**

- لە ڕێکەوتی ١ ئەیلولی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد ٣ سکانەر، ٣ کۆمپیوتەر، ١ یوو پی ئێس (UPS) خستەکار لە وەزارەتی ناوەخۆ لەژێر چوارچیوەی پرۆژەی ئەرشیف کردن و بەئەلیکترۆنیکردنی هەرێمی کوردستان.

- لە ڕێکەوتی ٢ ئەیلولی ٢٠٢١، سێیەم کۆبوونەوەی لیژنەی ئەرشیفکردن و بەئەلیکترۆنیکردن ئەنجامدرا کە سەرۆکی ستافی تیمی یونیتاد، گێراڵد کەیسی تێیدا بەشداربوو بەو هۆیەی کە کۆبوونەوەیەکی گرنگ و چارەنووس سازبوو و تایبەت بوو بە سەرکەوتنی پرۆژەی ئەرشیف کردن و بەئەلیکترۆنیکردن لە هەرێمی کوردستان. لەم کۆبوونەوەیەدا تیمی یونیتاد و حکومەتی هەرێم رێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

- دامەزراندنی لیژنەی هاوبەش- وەزارەتی ناوەخۆ و تیمی یونیتاد بۆ دیاریکردنی ئەو زانیاریانەی کە پێویستە لە داتابەیسەکە لەخۆبگیرێت. دیاریکردنی پێوانەکان بۆ جۆری زانیارییەکان وەکو تاوانبار، بەڵگەنامە، قوربانییەکان، هەروەها یارمەتی دەربێت لە پۆلێنزانی داتا بەیسەکە
- حکومەتی هەرێم کۆمپانیایەکی ناوەخۆ دیاریدەکات بۆ دیزاینکردنی داتا بەیسەکە بۆ بەئەلیکترۆنیکردنی داتایەکان و خەرجی پێویستی پەیوەندیدار دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێم. رێککەوتن لەسەر ئەمەش کراوە کە بڕی تەمویلکراوی (٧٥،٠٠٠ بۆ ١٠٠،٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی) دەخرێتە لاوە بۆ سیستەمەکە لە لایەن یونیتادەوە و تەرخان دەکرێت بۆ دابین کردنی کەل وپەلی زیاتر بۆ پرۆژەکە
- سەبارەت بەو کەل و پەلە زیادانەش رێککەوتن کراوە کە لە ماوەی ٩٠ رۆژدا دەبێت بگات بە شوێنی مەبەست بۆ بەردەوام بوون لە بەئەلیکترۆنیکردنی داتاکان کە دەبێتە مەرکەزی لە وەزارەتی ناوەخۆ. لەگەڵ ئەوەش ئایتی داتابەیس (IT Data Base) بەرەوپێش دەبرێت و چاوەروان دەکرێت هەر لەم سەقفە زەمینە بکەوێتە کار
- دەستپێکردنی بەئەلیکترۆنیکردن لە نووسینگەکانی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) و هەروەها دابین کردنی هاوکاری تەکنیکی و پێشکەش کردنی راهێنان بۆ وەزارەتی ناوەخۆ لەڕووی ئەرشیف کردن و بەئەلیکترۆنیکردنی و چالاکیە پەیوەندیدارەکان

- لە ڕێکەوتی ٤ ئەیلولی ٢٠٢١، نوێنەرانی وەزارەتی ناوەخۆ چاویان بە تیمی بەئەلیکترۆنیکردنی یونیتاد کەوت لە پارێزگای دهۆک کە دوو دەزگای سکانەری پێشکەوتوو، یەک نێردەی ئەلیکترۆنی، سێ لاپتۆپ، لەگەڵ دوو (یوو پی ئێس) گەیەندراوەتە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE).

- لە ڕێکەوتی ٦ ئەیلولی ٢٠٢١، ژووری بەئەلیکترۆنیکردن لە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) ڕێکخرا لەگەڵ دانانی دوو دەزگای سکانەری پێشکەوتوو و دوو لاپتۆپ. وەزارەتی ناوەخۆ بڕیاری دامەزراندنی سێرڤەرێکی داوە لە دەستەی ناوبراو بۆ زەخیرەکردنی تۆماری ئەلیکترۆنی. هەروەها رێککەوتن کرا کە تیمی یونیتاد شەش کارمەندی دەستەی ناوبراو دادەمەزرێنێت بەشێوەی نیو دەوام بۆ راپەڕاندنی کارەکانی بەئەلیکترۆنیکردن. تیمی یونیتاد شیکاری بۆ ناوەرۆکی بۆ یەکێک لە کەیس فایلی دەستەی ناوبراو کردووە.

- لە ڕێکەوتی ٧ ئەیلولی ٢٠٢١، ستافی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانیان کرد لە بەغدا، کە تێیدا پیرۆزبای لە سەرۆکی تازەی لیژنەی ناوبراو، بەرێز قەحتان تەها خەلەف، بریکاری وەزیری دەرەوەی حکومەتی فیدڕاڵی کرا. لەم کۆبوونەوەیەدا، نوێ کردنەوەی ئەرکی تیمی یونیتاد خرایە پێشینەی گفتووگۆکان. هاوکات، ئەندامان گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە ئەرکی (ماندەیتی) تیمی یونیتاد نوێ بکرێتەوە، ئەویش لە ژێر چەند مەرجێک کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و لیژنەی (NCC) پێشکەشی تیمی یونیتاد دەکرێت.

- له سێیەم کۆبوونەوەی لیژنەی ئەرشیف کردن و بەئەلیکترۆنیکردن، رێککەوتن لەسەر گواستنەوەی هەندێک لە کەل و پەلەکان بۆ پارێزگای دهۆک کراوە بۆ دامەزراندنی کەل و پەلەکان لە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE).

- لە ڕێکەوتی ٧ ئەیلولی ٢٠٢١، کۆبوونەوەیەکی تەکنیکی رێکخرا لە نێوان تیمی هاوبەشی وەزارەتی ناوەخۆ و تیمی یونیتاد سەبارەت بە پەرەسەندنی داتابەیسەکە لەژێر ڕابەرایەتی وەزارەتی ناوەخۆ و نەخشەی داتابەیسی پێناسەکراو (مێتا داتا)، و ئای سی تێک (ICTech) وەکو کۆمپانیای پەرەسەندن ئامادەبوو. دەستپێشخەرییەکانی تیمی یونیتاد سەبارەت بە شیکارکردنی زانیاری پێشکەشکرا. لەگەڵ ئەوەش ڤێرژنێکی سەرەتایی داتابەیسەکە دابین دەکرێت لەلایەن کۆمپانیای  ئای سی تێک (ICTech) لە ماوەی ٦٠ بۆ ٩٠ رۆژدا.

- لە ڕێکەوتی ٩ ئەیلولی ٢٠٢١، تاقیکردنەوەیەک بۆ کارەکانی بەئەلیکترۆنیکردن بەرێوەچوو، و پڕۆسەی دامەزراندن دەستی پێکرد بە شەش کارمەندی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE)، هەروەها رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە لە رێککەوتی ٩/١٢ دا تۆمارەکان رۆژانە کۆدەکرێنەوە.

- چاوەڕێ دەکرێت کە یونیتاد بۆنەیەک رێکبخات لە داهاتووەیەکی نزیکدا بە سپۆنسەری یەکێتی ئەوروپا (EU) بۆ خستنەڕووی دەستکەوتەکان و ئالەنگارییەکان کە رووبەڕووی پرۆگرمەکە بوونەتەوە.

- تیمی یونیتاد داوای کۆبوونەوەیەکیان کردووە لەگەڵ یەکەی شانەکانی سەرچاوە داراییەکانی داعش بە مەبەستی تێگەیشتنی زیاتری مامەڵە داراییەکانی کەس و لایەنەکان کە کەل و پەلیان بۆ تیرۆرستانی داعش دابین دەکرد و دانیشتووی ناوەوەی هەرێمن یاخوود دانیشتووی هەرێم بوون. لە رێککەوتی ١٥ ئەیلولی ٢٠٢١ دا، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان نووسراوێکی ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی دژە تیرۆر کرد کە داوای هاوکاری و ئاسانکاری دەکات بۆ دروستبوونی پەیوەندی لە نێوان تیمی یونیتاد و یەکەی شانەکانی سەرچاوە داراییەکانی داعش لە بەرێوەبەرایەتی سەرەوە.

- بۆنەیەک لە زانکۆی دهۆک رێکخرا بە ناونیشانی "پێگەیاندنی  هاوسۆزی کۆمەڵگا بۆ رێگریکردن لە توندوتیژی و وێرانکاری" لە ڕێکەوتی ١٦ ئەیلولی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد تیشکی خستەسەر رۆڵی دەروونناسەکانی بە ئاماژە پێکردنی گرنگی هاوسۆزی و نەرم و نیانی لە نێوان رزگاربووە ئێزیدیەکانی دەستی تیرۆرستانی داعش.
- لە رێکەوتی ١٧ ئەیلولی ٢٠٢١، لە سەر داواکاری حکومەتی فیدراڵی ئەنجومەنی ئاسایشی نەیەوەیەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ ئەرکی تیمی یونیتادیان نوێ کردەوە.

- له ڕێکەوتی ٢٣ ئەیلولی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان نووسراوێکی بەپەلەی پێگەیشت لە تیمی یونیتادەوە سەبارەت بەو زانیاریانەی کە سەرچاوەکانیان لە نووسینگەی رزگارکردنی ئیزیدەیە رفێندراوەکانیان وەرگیرابوو و درابوو بە تیمی یونیتاد. لەم داواکاریە زۆر گرنگ و بەپەلەیە تیمی یونیتاد لێدوانی پێنج گەواهیدەریان دەستنیشان کرد کە لە نووسینگەی رزگاریکردنەوە وەرگیرابوو و داوای هاوبەشی پێکردنی ئەم لێداوانانەی دەکرد. تیمی یونیتاد ئاماژەی بەوەدا کە داواکارییەکە لەلایەن داواکاری گشتی سوید پێگەیشتبوو، داواکاری گشتی سوید ئەم لێدوانانەی پێویستە بۆ پاڵپشتی کردن لە لێکۆلینەوەکانی تاوەکو رۆڵی شەڕکەرانی سویدی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرستانی داعش کە لە دژی ئێزیدیەکان ئەنجامدراوە نیشان بدات. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەم داواکارییەی لەگەڵ لیژنەی باڵای وەزاری هاوبەشی پێکرد هەر لە هەمان رۆژدا بەو پێیەی کە داواکارییەکە گرنگ و بەپەلە بوو.

- لە ڕێکەوتی ٢٧ ئەیلولی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لیستی کەل و پەلە زیادەکانی تایبەت بە سیستەمی رێکخستنی تۆمارەکان رەوانەی تیمی یونیتادی کرد کە لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆوە داواکرابوو. داواکاری کەل و پەلی زیاتر لە کۆبوونەوەی سێیەمی لیژنەی ئەرشیفکردن و بەئەلیکترۆنیکردن (Steering Committee) تاوتوێ کرا کە بەپێی رێککەوتننەکەی نێوان تیمی یونیتاد و حکومەتی هەرێم بوو کە رێککەوتی ٢ ئەیلولی ٢٠٢١ ئەنجامدرا.

- لە ڕێکەوتی ٢ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد بە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی راگەیاند کە هەریەک لە وڵاتانی هۆڵەندا و فەرەنسا داوای وتەکانی هەمان ئەو پێنج شاهێدحاڵەیان کردووە کە پێشووتر لەلایەن وڵاتی سویدەوە داواکرابوون. (ئەم وتانە لە نووسینگەی رزگاکردنی ئێزیدییە رفێندراوەکان وەرگیراوە و پێشکەشی تیمی یونیتاد کراوە لە رێگەی نووسینگەی رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٠.

- لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەر رێنماییەکانی تیمی یونیتادی بۆ پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردنی نارد بۆ وەزارەتی ناوەخۆ تاوەکو وەزارەتی ناوبراو رێنماییەکان لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانە هاوبەشی پێبکات کە بەشدارن لە پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردن و رێنماییەکان بریتیبوون لەمانەی خوارەوە:
  - رێنماییەکانی تایبەت بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی تۆمارەکان
  - رێنماییەکانی تایبەت بە گواستنەوەی تۆمارەکان
  - رێنماییەکانی تایبەت بە ئامادەکردن و رێکخستن و هەڵگرتنی تۆمارەکان

- لە ڕێکەوتی ٥ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازی لە بەڕێز گێراڵد کەیسی سەرۆکی ستافی تیمی یونیتاد کرد. لە کۆبوونەوەکەدا ئەم تەوەرانە خرانە باس کە بریتیبوون لە پرۆژە یاسای هەرێمی کوردستان بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستان لەسەر ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان، هاوبەشی پێکردنی زانیارییەکان لەگەڵ لایەنی (وڵاتی) سێیەم، کاندیدەکانی

هەرێمی کورستان کە بۆ ئەوەی وەکو لێکۆلەری دادوەری کار بکەن لەگەڵ تیمی یونیتاد، و گەڕانەی روفاتی دووەمی ئێزیدییەکان و بەشداری پێکردنی حکومەتی هەرێم لە مەراسیمی کۆجۆدا.

- لە ڕێکەوتی ٦ و ٧ی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٢١، چوارەمین کۆبوونەوەی لیژنەی بە ئەرشیفکردن و بەئەلیکترۆنیکردن (Steering Committee) ئەنجامدرا. لە کۆبوونەوەکەدا، رێککەوتن لەسەر ئەوە کرا کە پێویستە ئەم چالاکییانە کە وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە ئەنجام بدرێت لەلایەن حکومەتی هەرێم و تیمی یونیتاد پێش مانگی ١١ی ساڵی ٢٠٢١:
  - هەڵبژاردن و ئامادەکردن و گواستنەوەی تۆمارەکانی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بۆ شوێنی دیاریکراو لە وەزارەتی ناوەخۆدا
  - ئامادە بوونی داتابەیس بۆ هەڵگرتنی تۆمارەکان کە هەروەکو پێشووتر ئاماژەی پێدرابوو کە وەزارەتی ناوەخۆ سەرپەرستی ئەم داتابەیسە دەکات و لەلایەن کۆمپانیایەکی ناوەخۆ ئامادە دەکرێت
  - هێنانی کەل و پەلی داواکراو لەلایەن تیمی یونیتادەوە

- لە ڕێکەوتی ١١ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دووبارە سیڤی و فۆرمی (P11)ی ئەو چوار کاندیدەی حکومەتی هەرێم کە بەنیاز بوون وەکو لێکۆلەری دادوەری لەگەڵ تیمی یونیتاد کاربکەن، بۆ سەرۆکی ستافی تیمی یونیتادی رەوانەکرد. سەرچاوە مرۆییەکانی تیمی یونیتاد ئاماژەیان بەوەدا لەم چوار کاندیدە تەنها یەکێکیان رێکارەکانی پرۆسەی پێشکەش کردنەکەی بە شێوازی ئۆنلاین جێبەجێ کردووە و بەڵام ئەویش وەکو کاندیدێکی گونجاو دانەنرا لەلایەن تیمی یونیتادەوە بەو پێیەی کە نەیدەتوانی بە زمانی ئینگلیزی گفتوگۆ بکات.

- بەپێی ئەو ڕێکەوتنەی کە لە کۆبوونەوەی پێشوو لە ڕێکەوتی ٣٠ ئەیلولی ٢٠٢١ لەنێوان تیمی یونیتاد و کۆمپانیای کۆڕەک کرابوو، تیمی یونیتاد داوای لیستی ئەو تاوەرانەی کردبوو کە دەکەونە (٣٩) شوێنی جوگرافی جیاجیا لە سنووری شنگار و دەوروبەری. لە رێککەوتی ٢٠٢١/١٠/١٩ دا، کۆمپانیای کۆڕەک لیستێکی دابینکرد کە ناوی (١،٧١٠) تاوەری کۆمپانیای ناوبراوی لەخۆگرتبوو لە ڕووبەری (٣٠) کیلۆمەتری بازنەیی کە دەکەوێتە ئەم سنوورە، هەروەها کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم یوو ئێس بی (USB Flash Drive) یێکی ئامادەکرد، ئەم فلاش یووئێس بییە تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی بە رووبەری (٣٥) کیلۆمەتری بازنەیی لە نزیک گوندی کۆجۆ و پەیمانگای سۆلاغ کە دەکەوێتە سنووری ناوچەی شنگار و دەوروبەری لەخۆگرتبوو کە تایبەت بوو بە ماوەی نێوان رێککەوتی ١ ئابی ٢٠١٤ تاوەکو ٢٠ ئابی ٢٠١٤. دواتر ئەم زانیاریانەی سەرەوە لەلایەن کۆمپانیای ناوبراو لە رێگەی نووسینگەی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکانەوە رادەستی تیمی یونیتاد کرا لە رێککەوتی ٣ تشرینی دووەمی ٢٠٢١. هەروەها، کۆمپانیای کۆڕەک وێنەیەکی لەم تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنیانەی رادەستی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) کرد.

- لە ڕێکەوتی ١٩ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان راپۆرت و وەڵامی فەرمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی رادەستی تیمی یونیتادی کرد کە تایبەت بوو بە هەڵدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکانی ناوچەکانی نێوان بەردییە و سنوونی و خانەسۆر کە لەلایەن بەشی پزیشکی دادی سەربە وەزارەتی ناوبراو هەڵدانەوەکە ئەنجامدرابوو.

- وەزارەتی ناوەخۆ شەش کەسی دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بەشێوەی گرێبەست دابمەزرێن لە تیمی یونیتاد بە مەبەستی خێراکردنی پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن لە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE)، لە رێککەوتی ٢٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ دا، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان سیڤی ئەم شەش کەسەی لەگەڵ تیمی یونیتاد هاوبەشی پێکرد. دواتر لە رێککەوتی ١ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ دا، تیمی یونیتاد ئاماژەیان پێدا کە بەرەچاو کردنی ئەو کارەی لە دەستەی ناوبراو کراوە، پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردن لە دەستە تەواو دەبێت پێش ئەوەی کە پرۆسەی وەرگرتنی ئەم کاندیدانە تەواو بێت بۆیە پرۆسەی وەرگرتنی ئەم شەش کەسیان راگرت.

- لە ڕێکەوتی ٢٤ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داواکارییەکی تیمی یونیتادی پێگەیشت کە تیمەکە داوای پیشتوانی دژەتیرۆر و ئاسایشی بۆ دابین کردنی زانیاری لەسەر کەسێکی دیاریکراو دەکرد. نووسینگەی ڕێکخەر ئەم داواکارییەی رەوانەی ئاسایش و دژەتیرۆر کرد، هاوکات وەڵامی فەرمی دژەتیرۆر لە رێککەوتی ٢٢ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ و وەڵامی ئاسایش لە رێککەوتی ٦ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ دا لەگەڵ تیمی یونیتاد هاوبەشی پێکرا.

- لە ڕیکەوتی ٢٦ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان وەڵامی فەرمی حکومەتی هەرێمی رادەستی تیمی یونیتادی کرد کە تایبەت بوو بە دەربڕینی رەزامەندی حکومەتی هەرێم بۆ هاوبەشی پێکردنی وتەی پێنج شاهێدحاڵ لەگەڵ هەریەک لە وڵاتانی سوید و فەرنسا و هۆڵەندا. لە رێککەوتی ١ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ دا، تیمی یونیتاد ئاماژەی پێدا کە جگە لەم سێ وڵاتە، هەریەک لە وڵاتانی کەنەدا و ئەمریکا داوای وتەی هەمان ئەم پێنج شاهێدحاڵەیان کردووە. (تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێم وەڵامی فەرمی دەرنەبڕیووە بۆ هاوبەشی پێکردنی ئەم وتانە لەگەڵ کەنەدا و ئەمریکا).

- تیمی یونیتاد لە ڕێکەوتی ٢٧ تشرینی یەکەمی ٢٠٢١، داوای لە حکومەتی هەرێم کرد بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی ئەمنی بۆ کەسێک ئەنجام بدات کە بە نیازبوو لە تیمە نێودەوڵەتییەکە دابمەزرێت، هاوکات ئاسایشی دهۆک ئاماژەی پێدا کە پشکنینیان ئەنجامداوە و دەرکەوتووە کە هیچ پاشینەیەکی تاوانی نیە.

- لەسەرەتای هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی دووەم، نووسینگەی ڕێکخەر رێکارە پێویستیەکانی بۆ سەردانیکردنی راوێژکار و سەرۆکی تیمی یونیتاد بۆ دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و

چارەسەرکردنیان (CIGE) ئەنجامدا. مەبەست لە سەردانەکە بریتیبوو لە ئاشنابوون بە پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن و چالاکییەکانی دەستەی ناوبراو، هاوکات لەلایەن سەرۆکی تیمەکەوە ئاماژەی پێدرا کە پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن و ئەو کارانەی دەستەی ناوبراو بەپێی ڕەهەندە نێودەوڵەتییەکانەوە بەڕێوەدەچێت.

- لە ڕێکەوتی ٣ تشرینی دوەم ٢٠٢١، ڕاوێژکار و سەرۆکی تیمی یونیتاد چاویکەوت بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورستان، لە کۆبوونەوەکەدا ئەم بابەتانەی خوارەوە تاوتوێ کرا:
  - هەزاران دۆکیومێنتی پەیوەندیدار بە دۆسیەی تاوانەکانی تیرۆرستانی داعش پێشکەش بە تیمی یونیتاد کراوە
  - پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردن بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بەڕێوەچووە
  - هاوبەشی پێکردنی زانیارییەکان لەگەڵ لایەنی (وڵاتی) سێیەم تاوتوێ کرا
  - حکومەتی هەرێم پشتوانی بەردەوامی تیمی یونیتادی کردووە بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕاگیراوان.
  - ڕەشنووسی پرۆژە یاسای هەرێم بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش لەسەر ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان کە سەرەتا تیمی یونیتاد پاڵپشتی ئەم هەنگاوەی دەکرد تاوتوێ کرا
  - بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم داوای لە سەرۆکی تیمی یونیتاد کرد کە پێویستە تیمەکە ڕۆڵێک بنوێنین لەم رووەوە چونکە بە بێ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستان لەسەر ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان ئەو رەنج و کارانەی کراوەهیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی نابێت.
  - سەرۆکی تیمی یونیتاد ئاماژەی بە رۆڵی حکومەتی هەرێم و پاڵپشتی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ کار و چالاکییەکانی تیمی یونیتادەوە کرد و ئەم هاوکارییانەی بەرزنرخاند

- لەسەر داوای راوێژکار و سەرۆکی تیمی یونیتاد لە رێککەوتی ٤ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان سەرۆکی تیمەکە و سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری حکومەتی هەرێم، بەرێز دادوەر عەبدولجەبار عەزیز حەسەن رێکخست. لە کۆبوونەوەکەدا هەردوو لایەنەکە جەختیان لە زیادکردنی راهێنان بە دادوەر و داواکارەکانی هەرێم کردەوە. هاوکات، سەرۆکی تیمی ناوبراو ئاماژەی بە هاوکاری و هەماهەنگی تیمی یونیتاد و دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) کرد کە نموونەیەکی سەرکەوتوو بووە لە راهێنان کردن بە کارمەندەکان و هاوبەشی پێکردنی زانیاری. سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هیوای خواست کە ئەم جۆرە هاوکارییانە پێشکەشی هەموو دادگاکانی هەرێمی کوردستان بکرێت.

- پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردن لە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) لە ڕێکەوتی ٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ تەواو بووە کە (٢،٥٠٦) کەیس و (٧٣،٩١٢) لاپەڕە بەئەلیکترۆنیکراوە.

- پێنجەم کۆبوونەوەی نێوان لیژنەی بەئەلیکترۆنیکردن و بە ئەرشیفکردن (Steering Committee) و حکومەتی هەرێم لە ڕێکەوتی ٨ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ ئەنجامدرا. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمپانیای (ICTech) شێوازی داتابەیسی تایبەت بە ئەرشف و بەئەلیکترۆنی تۆمار و بەڵگەکان روون کردەوە بۆ ئامادەبووان، لە هەمان کاتدا تیمی یونیتاد تێبینیەکانی خۆیان لەم رووەوە خستەڕوو. هاوکات، لایەنەکان رێککەوتن بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکی تەکنیکی ئەنجام بدەن لە نێوان کۆمپانیای (ICTech) و وەزارەتی ناوەخۆ و تیمی یونیتاد تاوەکو داتابەیسەکە زیاتر بەرەوپێشببەن.

- تیمی یونیتاد (کورتەیەکی سەرەتایی تاوانەکانی داعش لە شەنگال) ئامادە کردووە کە ٢١ ووتەی شاهێدحاڵیش لەخۆدەگرێت کە سەرچاوەی زانیارییەکانیان لە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) و نووسینگەی رزگارکردنی ئێزیدیە رفێندراوەکان لە حکومەتی هەرێم وەرگیراوە. تیمی یونیتاد داوای رەزامەندی حکومەتی هەرێم دەکات بۆ ئەوەی ئەم ٢١ ووتەیە بخاتە کورتەکە و لەگەڵ وڵاتانی سێیەمدا هاوبەشی پێبکات. هاوکات، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای لە تیمی یونیتاد کرد کە پێویستە بە حکومەتی هەرێم رابگەیەنن کە ئایا بەنیازن ئەم کورتەیە لەگەڵ کامە وڵاتدا هاوبەشی پێبکەن. تیمەکە هەریەک لە وڵاتانی (سوید، فینلەندا، فەرەنسا، هۆڵەندا، ئەڵمانیا، بەلجیکا، بەریتانیا، ئەمریکا، و کەنەدا) دیاریکرد بۆ پێدانی کورتەی ناوبراو. هەروەها، تیمی ناوبراو ئاماژەشی بەوەدا کە لەوانەیە ئەم کورتەیە بدات بە وڵاتانی تری یەکێتی ئەوروپاش لە داهاتوودا و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئاسانکاری و یارمەتییەکی گەورە دەبێت بۆ تیمەکە ئەگەر هاتوو حکومەتی هەرێم سەرەڕای رەزامەندی دان بە وڵاتانی ناوبراو رەزامەندیش دەربڕێت بۆ پێدانی کورتەکە بە وڵاتانی تری یەکێتی ئەوروپا لە داهاتوودا.
- لە ڕێکەوتی ٢٣ تشرینی دووەمی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد ئیڤێنتێکی لە کەمپی قادیا لەگەڵ رزگاربووان و خانەوادەی قوربانیان لە دهۆک ئەنجامدا بۆ پشتیوانیکردن لە گەرانەوەی روفاتی قوربانیانی گوندی کۆجۆ. هاوکات، پێش ئەنجامدانی ئیڤێنتەکە و لەسەر داواکاری تیمی یونیتاد لە رێککەوتی ١٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢١ نووسینگەی رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پەیوەندی بە نووسینگەی پارێزگاری دهۆک کرد بۆ ئاگادار کردنەوەی تیمی بەرێوبەری کامپی قادیە و دەزگای خێرخوازی بارزانی تاوەکو ئاسانکاری و پاڵپشتی تیمی یونیتاد بکەن لەپێش و لەکاتی بەرێوەچوونی ئیڤێنتەکە. هەروەها دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کرد لەم بۆنەیەدا.

- لە ڕێکەوتی ٢٤ تشرینی دووەمی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد دووەمین ئیڤێنتی لە پارێزگای دهۆک ئەنجامدا، بۆ پاڵپشتی کردن لە گەڕانەوەی دووەمی روفاتی قوربانیان بۆ گوندی کۆجۆ کە تێیدا ئەندامانی حکومەتی فیدڕاڵی، تیمی یونیتاد، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ئەو رێکخراوانەی کە پاڵپشتی قوربانیان دەکەن، کەسوکاری قوربانیان، و ئەندامانی حکومەتی هەرێمی ئامادەبوون. لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نوێنەرانی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE)، فەرمانگەی پەیوەندییەکان دەرەوە، نوێنەری پارێزگاری دهۆک، و نووسینگەی رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئامادەببوون لەم ئیڤێنتەدا. هەر

لەهەمان رۆژدا، کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە نێوان سەرۆکی ستافی تیمی یونیتاد، نوێنەری شێخ نایف، جێگری پارێزگاری نەینەواو، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی دادوەری، و ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەم کۆبوونەوەیەدا بەشداربوون. هەموو لایەنەکان رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە دووەمین روفاتی ئێزدیەکان بۆ کۆجۆ کە لە رێککەوتی ٩ی دیسەمبەری ٢٠٢١ بەڕێوەبچێت بە بەشدار بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

- تیمی یونیتاد لەگەڵ نێردەی هەمیشەیی عێراق و ئەڵمانیا بۆ نەتەوەیەکگرتووەکان ئیڤێنتێکیان رێکخست کە تایبەت بوو بە "سەرچاوە داراییەکانی تیرۆرستانی داعش" لە نیویۆرک کە لە رێککەوتی ٢ کانوونی یەکەمی٢٠٢١ دا بەرێوەچوو. نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بە تیمی یونیتادی راگەیاند کە زۆر گرنگە حکومەتی هەرێم بەشداری بکات لەهەموو ئەو گفتوگۆ و ئیڤێنتانەی پەیوەندیدارین بە تاوانەکانی داعش کە لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان ئەنجامدەدرێن لەداهاتوودا.

- لە ڕێکەوتی ٢٣ تشرینی دووەمی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد لە رێگەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای هاوکاری لە حکومەتی هەرێم کرد بۆ دۆزینەوەی باڵەخانەیەکی گونجا لە پارێزگای هەولێر کە بتوانن وەکو نووسینگە ستافی تیمی یونیتاد بەکاریبهێنن، هەروەها ئاماژەشیان بەوەدا کە ژمارەی ستافەکەیان لە هەولێر نزیکەیی (٥٠) بۆ (٦٠) کەس دەبێت. نووسینگەی ڕێکخەر داوای تیمەکەی بە سەرۆکی لیژنەی باڵای وەزاری گەیاند.

- لە ڕێکەوتی ٢٤ تشرینی دووەمی ٢٠٢١، کۆبوونەوەیەک لە نێوان تیمی بەئەلیکترۆنیکردنی سەر بە تیمی یونیتاد و وەزارەتی ناوەخۆ ئەنجامدرا. لەدیدارەکەدا هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر خشتەیەک بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن و رێکخستن و دانانی کەلوپەلی پێویست لەم رووەوە بۆ ئەوەی پرۆسەکە لە وەزارەتی ناوەخۆدا دەست پێبکات. هاوکات، پرۆسەی بەئەلیکترۆنیکردن لە شوێنی دیاریکراو بە تۆمارەکانی نووسینگەی ڕزگارکردنی ئێزدییە رفێندراوەکان لە وەزارەتی ناوەخۆ لە رێککەوتی ١ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١ بە فەرمی دەستی پێکرد. وەک دەستپێکێکی سەرەتایی، پرۆژەی بەئەلیکترۆنیکردنەکە پێکهاتبوو لە دوو کارمەندی نووسینگەی رزگارکردنی ئێزدییەکان و یەک کارمەندی وەزارەتی ناوەخۆ.

- لە ڕێکەوتی ٧ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، تیمی یونیتاد پرۆژەی لێکتێگەیشتنی شیکردنەوەی بەڵگەنامەکان لە نێوان دەستەی دەستەی لێکۆلینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان (CIGE) و تیمی یونیتاد (Concept Note on Evidence Analysis Project) لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان هاوبەشی پێکرد بۆ ئەوەی بە هاوبەشی کار لەسەر پرۆژەیە بکەن. تیمەکە ئاماژەی بەوەدا کە مەبەست لە پرۆژەکە کارکردنە لەگەڵ دەستەی ناوبراودا بۆ بەرەوپێشبردنی توانا شیکارییەکانی دەستەکە و دۆسیەکانی تیرۆرستانی داعش بۆ ئامادە کردنی

کەیسەکانی تیرۆرستانی داعش بۆ دادگا. ئەم پرۆژەیە شیکاری تۆماری پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیش دەگرێتەوە کە لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆمەوە بۆ تیمی یونیتاد و دەستەی ناوبراو دابین کراوە.

- لە ڕێکەوتی ٩ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، (٤١) روفاتی ئێزیدییەکان گەرێنراوە بۆ گوندی کۆجۆ،لەسەر راسپاردەی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێم رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکا نوەکو نوێنەری حکومەتی هەرێم و نوێنەری سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتاریان پێشکەش کرد لەم مەراسیمەدا.

- لە ڕێکەوتی ١٢ کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان بەشداری کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی لە بەغدا کرد. تیمی یونیتاد و لیژنەی ناوبراو رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە دەبێت پلانێکی ستراتیژی لە نێوان هەردوو لایەنی ناوبراو دا هەبێت بۆ ئەوەی کار و چالاکییەکانی تیمی ناوبراو بەپێی وادە و کاتی دیاریکراو داڕاوت. هەروەها پێشناری ئەنجامدانی وۆرکشپێکی دوو رۆژی لەم رووەوە کرا بۆ تاوتوێ کردنی وردەکاری پلانە ستراتیژییەکە.

**چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٢ تاوەکو مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٢:**

- لە ڕێکەوتی ١٢ -١٣ کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداری کرد لە کۆبونەوەی گفتوگۆی ستراتیژی نێوان یونیتاد و لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی، لەم کۆبونەوەیەدا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە زنجیرەی چالاکییەکاندا ئاگادار بن. هەروەها جەخت لە گرنگی ئامەدەبوونی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە لەهەموو بۆنە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان کە بە هاوکاری نێوان یونیتاد و عێراق سەبارەت بە تاوانەکانی داعش ئەنجام دەدرێت.

- لە ڕێکەوتی٢٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، نووێنەری حکومەتی هەرێمی کۆردستان، دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارسەرکردنیان لەگەڵ یونیتاد کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا لە بارەی ئەنجامدانی پرۆژەی شیکردنەوەی بەڵگەکان. ئەم پرۆژەیە گرنگە ، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە لیژنەی باڵای بە جینۆساید ناساندی تاوانەکانی داعش بۆ رەزامەندی لەسەر پرۆژەی شیکردنەوەی بەڵگەکان دەکرێت.

- لە ڕێکەوتی ٢٧ کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، یونیتاد داوای کرد وتەی ٨ ڕزگاربووی ئێزیدی بدرێت بە لایەنی سێیەم کە پێکدێت لە ( ٥) ووڵات ، هەروەها یونیتاد داوای ڕەزامەندی کرد لەسەر ناردنی وتەی ٥ ڕزگاربووی دیکە بدرێت بە داواکاری گشتی فیدراڵی ئەڵمانیا و نووسینگەی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان .

- له ڕێکەوتی ٣ شوباتی ٢٠٢٢، به ئامادەبوونی ئەندامانی (NCC) له بەغدا کۆبوونەوەیەکی تایبەت ئەنجامدرا بۆ هەڵسەنگاندنی له کۆبوونەوەی گفتوگۆی ستراتیژی نێوان عێراق و یونیتاد کە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ له هەولێر ئەنجامدرا بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێز ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان ئەوەی خستە ڕوو کە گفتوگۆی ستراتیژی نێوان عێراق و یونیتاد زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی هەماهەنگییەن لە ئاستێکی بەرزتر دابێت، بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتوو بوون، چونکە یەکەمجاربوو لەم ئاستەدا کۆبوونەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت و ڕاشکاوانە باس لە کەموکورتییەکان بکرێت و بەدوای چارەسەردا بگەڕێن. سەبارەت بە دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش بەڕێز رێکەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان داوای کرد کە پێویستە پشتگیری بکرێت لە هەنگاوەکانی دامەزراندنی دادگایەک بۆ دادگایی کردنی تیرۆریستانی داعش لەسەر تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، دەبێ ڕۆڵی هەرێم لەم پرۆسەیەدا لەبەرچاو بگیرێت.
- له ڕێکەوتی ٦ شوباتی ٢٠٢٢، یۆنیتاد مەراسیمێکی ڕێکخست لە ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراق. دەستەیەکی دیاری دادوەرانی هەرێمی کوردستان دوای بەشداری کردنیان لە مەڕاسیمەکە خولەکەیان بە سەرکەوتوویی تەواوکرد.

- لەڕێکەوتی ١٢ شوباتی ٢٠٢٢، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یونیتاد بە نووێنەرایەتی سەرۆک وەزیرانەوە بەشداری لەمەراسیمی بە خاکسپاردنی قوربانیانی کۆمەڵکوژیی حەردان کرد لەباکووری چیای شەنگال.

- لەڕێکەوتی ١٣ شوباتی ٢٠٢٢، حکومەتی هەرێم نامەیەکی فەرمی یونیتادی نارد کە ئاراستەی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان کردبوو،لەم نامەیادا یونیتاد داوای لە دەستەی لێکۆڵینەوە کۆکردنەوەی بەڵگەکان کرد بۆ پستگیری لە کۆکردنەوەی تۆماری پەیوەندییەکان تاوەرەکانی کۆرەک بە درێژایی ٢٥ کیلۆمەتری کۆجۆ و پەیمانگای سۆلاغ لە ١٣ بۆ ٢٠ ی ئابی ٢٠١٤ هەروەها لە تاوەرەکانی کۆرەک بە درێژایی ٢٥ کیلۆمەتر لە ١٠ خاڵدا لە بەرواری نێوان ١ بۆ ٢٠ ی ئابی ٢٠١٤، لە نێوان کۆڕەک و یونیتاد لەسەر ئەم بابەتە بڕیارە لە مانگی نیساندا بەڕێوەبچێت.

- لە ڕێکەوتی ١٠ ئاداری ٢٠٢٢، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یونیتاد داوایەکی فەرمیی نارد بۆ هەردوو لایەنی یۆنیتاد ولیژنەی هەماهەنگیکاری نیشیمانی لەسەر گرنگی بەشداریکردن بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆبونەوەکانی بەرلین کە تایبەتە بە پشتگیریکردنی ڕۆڵی عێراق لە لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش کە بڕیارە لە ١٣ای نیسانی ٢٠٢٢دا ڕێک بخرێت،لەم ڕووەوە کە ڕیکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان تا ئێستاش بە نووێنەرایەتی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بەشداری لە کۆبونەوەکان دەکات.

**چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٢ تاوەکو مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٢:**

- لەڕێکەوتی ١٣ نیسانی ٢٠٢٢، کۆبونەوەیەک لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا ساز کرا ،بۆ لێکۆڵینەوە لە لایەنە داراییەکانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان و پێناسەیان لە چوارچێوەی یاسادا ،بە بەشداری نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یونیتاد و نووێنەری لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی.

- لەڕێکەوتی١٧ نیسانی ٢٠٢٢، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یونیتاد پێشوازی لەکارۆلین بویسمان، بەرپرسی کاروباری یاسایی یونیتاد و سەرپەرشتیاری ئەرشیفی دیجیتاڵی وفیزیکی لە عێراق. گفتوگۆیان لەسەر ئەو پێشکەوتنانە کرد کە تا ئێستا لەکۆکردنەوە و ئەرشیفکردنی بەڵگەنامەکانی سەر بەتاوانەکانی داعش بەدیهاتوون.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ نیسانی ٢٠٢، مایکڵ پۆلوسکی، کارمەند لە نووسینگەی ڕاوێژکاری تایبەتی یونیتاد، لە ڕێگای ئیمەیڵێک نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی لە هەندێ پێشهات و گۆڕانکاری لە نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد ئاگادارکردەوە:- لەوانەش، هەماهەنگی و هاوکاری کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم، بەڕێوەچوونی وەرگرتنی لێدوان لە شایەتحاڵەکانی تایبەت بە (نووسینگەی ڕزگاربووانی ئێزیدی)، داواکاری بۆ پێدانی پەڕاوی لێدوانی چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش لە لایەن حکومەتی هەرێم ، ئاسانکاری بۆ هەماهەنگی و هاوکاری نێوان وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردنیان. لە وەڵامدا دکتۆر دیندار زێباری بەڕێزیانی ئاگادارکردەوە لە دەستپێکردنی کارەکانی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم بۆ ڕادەستکردنی تۆمارەکانی ناوچەی کۆجۆ بە درێژایی ٢٥کم لە دەوری تاوەرەکانی پەیوەندی کۆمپانیاکە، داواکاری بۆ هاوبەشیکردنی دەقی شایەتحاڵەکان لەگەڵ لایەنی سێیەم و ڕەزامەندبوونی لایەنی هاوشان، داواکاری پەیوەست بە چاوپێکەوتنی گیراوەکانی داعش بە پێی بنەماکانی یونیتاد و ڕەزامەند بوونی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بۆ داواکاریەکەی لایەنی ناوبوار. هەروەها جەختیانکردنەوە لە هەوڵەکانی نووسینگەی ڕێکخەر لە ئاسانکاریکردن بۆ زیاتر هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان یونیتاد و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە دۆزینەوە و هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان.

- لە ڕێکەوتی ١١ مایسی ٢٠٢٢، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان داواکارییەکیان لە لایەن سەرۆکی ستافی یونیتاد، گیراڵد کەیسی پێگەشت، کە تیایدا داوای گەیاندنی داواکاریەکەیانیان کردبوو بۆ ئاسایشی گشتی بۆ بە نهێنی هێشتنەوەی ناوی شایەتحاڵەکان و پێنەدانی ناوی شایەتحاڵەکان بە بەڕێوەبەری هۆتێلەکان لە هەولێر و دهۆک. لەگەڵ ئەوەشدا، داوای کارئاسانیان کردبوو بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ گیراوەکانی داعش لە گرتوخانەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها بەڕێز گیراڵد کەیسی داوای لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کرد بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک

لەنێوان سەرۆکی (WPSU) و نوێنەری پاراستنی شایەتحاڵەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی بەرژەوندیە هاوبەشەکانیان. لە وەڵامدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان جەختیان لەوە کردەوە کە داواکارییەکەیان گەیەندراوە بە ئاساییشی گشتی و بڕیار وایە کۆبوونەوەکە لە ٧ی حوزەیران بەڕێوەبچێ. هەروەها لەبارەی چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش دڵنیایی پێدان کە پەیوەندیان بە بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆرەوە کردووە بۆ مەبەستی بەڕێوەچوونی چاوپێکەوتنەکە و بڕیار وایە لە ڕۆژی ٧ی حوزەیران بەڕێوەبچێ

- لە ڕێکەوتی ٢٣ مایسی ٢٠٢٢، کۆبوونەوەیەک لە نێوان ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەرێز دکتۆر دیندار زێباری و بەرپرسی خزمەتگوزاری لێکۆڵینەوە لە یونیتاد خاتو دێفنێ ئاکچا بەڕێوەچوو، تیایدا ڕیکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە یونیتاد پەیوەندیەکانی چڕتر بکاتەوە لەگەڵ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان وەکو نوێنەری یونیتاد و لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی، هەروەها تیشک خرایە سەر گرنگی بانگێشتی نووسینگەی ڕێکخەر لە لایەن یونیتاد بە شێوەیەکی فەرمی و بەشداری ڕاستەوخۆیان لە کۆبوونەوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا نوینەری یونیتاد ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم و نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکانی کرد لە هاوکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ لایەنی ناوبراو.

- تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە هاوکاری نێردەی هەمیشەیی عێراق لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بە ناونیشانی (شێوازی کوشتنی بە کۆمەڵ - تاوانەکانی داعش لە عێراق و شام سپایکەر وەک نموونە). دکتۆر دیندار زێباری نوینەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یونیتاد و لێژنەی هەماهەنگی نیشتیمانی بەشدار بوو لە سەردانەکە و لە کۆبوونەوەکەدا سەرنج و تێبینی خۆی خستەڕوو سەبارەت بە هەماهەنگی و چالاکیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یونیتاد و لەوانەش پرۆژەی بە دیجیتاڵکردن، هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، گەڕاندنەوەی ڕوفاتی قوربانیانی جینۆسایدی دەستی داعش، ڕزگارکردنی گیراوانی دەستی داعش، پێدانی زانیاری، چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتحال و گیراوانی داعش، هاوبەشکردنی تۆمارەکان، هەولەکان بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ دادگاییکردنی گیراوانی داعش، و بەشکردنی زانیاری لەگەڵ لایەنی سێیەم.

- لە پەراوێزی سەردانەکەدا، دکتۆر دیندار زێباری چاوی کەوت بە بەرپرسە باڵاکانی نەتەوەە یەکگرتووەکان و دیپلۆماتکاران لە نیویۆرک. لە ڕێککەوتی ١٣ حوزەیرانی ٢٠٢٢ لە دیدارێکدا نوێنەری حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەڕێز ئەکسیل وینمان (بەرپرسی باڵای کاروباری سیاسی، سەرۆکی تیمی عێراق لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ڕۆژئاوای ئاسیا)، باسی لە پێشوازی کردنی هەرێمی کوردستان لە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە و پەنابەر سەرەڕای دۆخی نالەباری ئابووری و ڕۆڵی هێزی پێشمەرگە و قوربانییەکانی لەپێناو ئازادکردنی ناوچەکان لە دەست داعش کرد، باسیشی لە هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم کرد بۆ چاکسازی لە هەموو سێکتەرەکان و نەهێشتنی گەندەڵی لە جومگەکانی دەوڵەت، هەروەها پابەندبوونی حکومەت بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەم ڕووەوە

ئاماژەیان کرد بە پەسەند کردنی پلانی هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، ئەوەشی ڕوونکرایەوە کە سەرەڕای رێککەوتننامەی شنگال لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتحادی بە پاڵپشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام بوونی میلیشیا و هێزی دەرەکی رێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی رێککەوتننامەکە و گەڕانەوەی هێزە شەرعییەکان و ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان.

- لە ڕێکەوتی ١٤ حوزەیرانی ٢٠٢٢، لە دیدارێکدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ بەڕێز باڵێۆز ڕیتچارد میلز جێگری نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، جەختیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، لەخۆگرتنی قوربانیانی داعش و هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد کردەوە.هەروەها هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دادگایی کردنی داعش لەژێر ڕۆشنایی تاوانە نێودەوڵەتییەکان خستەڕوو.

- لە ڕێکەوتی ١٤ حوزەیرانی ٢٠٢٢، لە درێژەی کۆبوونەوەکان لە نیویۆرک نوێنەری حکومەتی هەرێم چاوی کەوت بە سەرۆکی یەکەی قوربانیانی تیرۆری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان. لە چاوپێکەوتنەکەدا باس لە ناوەڕۆکی پلانی هەرێمی، ڕۆڵی پێشمەرگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، هەماهەنگی نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد لە دادگاییکردنی داعش وجێبەجێنەکردنی ڕێکەوتننامەی شەنگال کرا.

- لە هەمان رۆژدا، لە درێژەی چاوپێکەوتنەکاندا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان چاوی کەوت بە بەڕێز خاتوو ئەلیز ندریتۆ یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی جینۆساد. نوێنەری حکومەتی هەرێم لە کۆبوونەوەکەدا باسی لەو تاوانانە کرد دەرهەق بە گەلی کورد کراون، گەلی کورد باجێکی زۆری داوە لە پێشێلکاریەکانی دژی مرۆڤایەتی وەک ئەنفال، کیمیا باران، وێرانکردنی گوند و شارەکان تا دەگاتە هێرشە تیرۆرستییەکانی قاعیدە و داعش، هەروەها هێزەکانی پێشمەرگە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا و قوربانییەکی زۆریاندا لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش. نوێنەری حکومەتی هەرێم تیشکی خستەسەر گرنگی جێگیرکردنی باسای جینۆساید لە یاسا ناوخۆییەکانی عێراق و ببێتە هەنگاوێک بۆ دامەزراندنی دادگایەک بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش. لە لایەکیدیکەوە پەسەندکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە لایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمەو نیشانەی گرنگدانی حکومەتی هەرێمە بە پاراستنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ، جەختیشی لە بەردەوامی هاوکاری و هەماهەنگی حکومەتی هەرێم و یونیتاد کردەوە، هەروەها باسیشی لە گرنگی دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم لەم ڕووەوە کرد.

- لە ڕێکەوتی ٢٩ حوزەیرانی ٢٠٢٢، تۆمارەکانی نزیک گوندی کۆجۆ و پەیمانگای سۆلاغ لە نزیک شنگال لە نێوان ١ی ئابی ٢٠١٤ تاکو ٣٠ی ئابی ٢٠١٤، لە ڕێگای پێدانی USB Flash Drive کە لەلایەن کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم لەسەر داوای تیمی یونیتاد بۆ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپادە نێودەوڵەتیەکان نێردرابوو ڕادەستی یونیتاد کرا.

**چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٢ تاوەکو مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٢**

- لە ڕێکەوتی ٣ تەموزی ٢٠٢٢، دکتۆر دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی حکومەتی هەرێم پێشوازی لە بەڕێز کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەتی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێشخستنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کرد. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پاڵپشتی دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی نیشاندا بۆ بەدیهێنانی هەنگاوی باش لە سازکردنی زەمینەیەکی یاسایی لەبار بۆ دادگاییکردنی داعش لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامدانی سێ تاوانە بنەڕەتییە نێودەوڵەتییەکان – جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی. بەڕێز کریسچن ڕیتشەر ئاماژەی بە بەشداری چالاکانەی دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان کرد لە هاوکاریکردنی یونیتاد بۆ کۆکردنەوە و پرۆسێسکردنی بەڵگەی پێویست بۆ دادگاییکردنی دەستگیرکراوەکانی داعش لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتییەکان. هەروەها ڕاوێژکاری تایبەتی یونیتاد ڕایگەیاند کە ئەرکی تیمی لێکۆڵینەوە بەشێکی پشت بە بەشدارییەکی گشتگیر و بەردەوام دەبەستێت. هەروەها ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان و ڕاوێژکاری تایبەتی یونیتاد پابەندبوونی خۆیان بۆ هاوبەشی و بەردەوامی دووپاتکردەوە.

- دوابەدوای ئەو بابەتانەی لە نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد هەبوون لەوانەش ڕادەستکردنی دۆسیەی دادوەری یان لێکۆڵینەوە لەو گیراوانەی کە یونیتاد داوای کردوون، لە میانەی کۆبوونەوەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان و ڕاوێژکاری تایبەت باسی لێوەکرا، بە نامایەکی فەرمی لە ڕێگەی نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان داوا لە بەڕێز خاتوو کوێستان محمد، وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرا، بۆ ڕادەستکردنی ئەو دۆسیانە وەکو سەرچاوەیەکی گرنگ لە بەشێک لە درێژەی کارەکانی یونیتاد لە لێکۆڵینەوەکانیان لە عێراق.

- لە ڕێکەوتی ١٣ تەمموزی٢٠٢٢، یونیتاد ڕاپۆرتی مانگانەی چالاکیەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی بۆ نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان نارد. کە چالاکییەکانی سەرەتای مانگی نیسان تاکو کۆتایی مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٢ لەخۆدەگرێت،ئەمەش بۆ یەکەم جارە یونیتاد حکومەتی هەرێم لە راپۆرتەکانی خۆی ئاگادار دەکاتەوە هاوشێوەی حکومەتی ئیتحادی کە دەستکەوتێکی گرنگە بۆ حکومەت هەرێم بە ووردی ئاگاداری چالاکییەکانیان بین و زیاتر هەماهەنگی نێوانمان زیاتر بێت لە گشت بوارە پەیوەندیدارەکاندا. ئەم گۆڕانکارییە لە هەڵوێستی یونیتاد بەرامبەر بە هەرێم دوای ئەو ناڕەزاییانە دێت کە ڕاشکاوانە لە کۆبوونەوەکەی پێششوماندا لەگەڵ سەرۆکی یونیتاد خستمانەڕوو، چونکە بەشێوەیەکی فەرمی حکومەتی هەرێمی لە کار و چالاکییەکانیان ئاگادارنەدەکردەوە و وەکو ئەندامێکی لیژنەی هەماهەنگی نیشتیمانی (NCC) مامەڵەی لەگەڵ هەرێم دەکرد هاوشێوەی وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی ئیتحادی، نەک وەک نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەموو وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانییەوە. لە ڕاپۆرتەکەی یونیتاددا کە (بە هەردوو زمانی

کوردی و ئینگلیزی) هاوپێچکراوە، ئاماژە بە چالاکییەکانیان دراوە لە ماوەی ئاماژەپێکراو لەوانەش، پشتگیری دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ ڕزگاربووانی دەستی داعش، ڕاهێنان بۆ بونیادنانی تواناکانی پزیشکانی تەندروستی دەروونی لە ناوەندە تەندروستییەکان، نەخۆشخانەکان، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتحاڵەکان و قوربانیانی تاوانەکانی داعش بەتایبەتی ئێزدییەکان، ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ شایەتحاڵان و قوربانیانی هێرشی داعش بۆ سەر زیندانی بادوش، توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی کەیسی سەرەتایی لەسەر پەرەپێدان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی لەلایەن داعشەوە لە عێراق. دانانی سەرکردایەتی نوێی بۆ تیمی (یەکەی لێکۆڵینەوەی توێکاریFIU-5) دامەزراند بە مەبەستی پێشخستنی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش کە دژی کریسیتانەکان ئەنجامدراون، پشتگیری بۆ هەڵدانەوە و کردنەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، چەندین هەڵمەتی هۆشیار کردنەوەی ئاوارەکان و هەڵسەنگاندن بە هاوبەشی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی ئیتحادی و ئەڵمانیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ کریستیانەکان لە قەرەقوش و بەرتڵە، کە زانیارییان لەسەر چالاکییەکانی داعش لەو ناوچانە پێشکەش کرد. لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا تیشک خراوەتە سەر پرۆژەی ئەرشیفکردن و دیجیتاڵکردنی بەڵگەنامەکان(KRADP) کە یونیتاد لەگەڵ حکومەتی هەرێم ئەنجامیداوە و لە ٢٧ی نیسانی ٢٠٢٢دا بە دیجیتاڵکردنی سەرجەم تۆمارەکانی فەرمانگەی رزگارکردنی ئێزدییەکان بە کۆتا هات، لە ئێستادا تۆمارە دیجیتاڵییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایش و زێرەڤانی لەلایەن تیمی UNITAD لە وەزارەتی ناوخۆ ئەرشیفکراون، هەروەها راپۆرتەکە ئاماژە دەکات بە کۆبوونەوەی شاندێکی یونیتاد لە ١١ی نیسانی ٢٠٢٢ لەگەڵ ڕێکخراوی شلۆمۆ بۆ بەڵگەنامەسازی (SOD) لە هەولێر، بۆ تاوتوێکردنی پرۆژەیەکی یونیتاد سەبارەت بە پاراستن و بەدەستهێنانی جێگرەوەی دیجیتاڵی پاراستنی بەڵگەنامەکان، رێکخراوی شلۆمۆ لە فیلمێکی دیکۆمێنتاریدا پەیوەست بە داعش و سەرچاوە داراییەکانی پێشکەشی دەکات.

- لە ڕێکەوتی٢٠ تەمموزی٢٠٢٢، لە وەزارەتی دەرەوە لە بەغدا کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیکاری عێراقی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC) لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاردرا لە کۆتایی مانگی تەمموز ووۆرکشۆپێک بۆ بونیادنانی تواناکانی توێژەرانی کۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی توندڕەوی لە چاکسازییەکان لە بەغدا بە سەرپەرشتی یونیتاد ئەنجام بدرێت، دوای هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (٦) توێژەری کۆمەڵایەتیی پەیوەندیدار لە چاکسازی گەوران و منداڵان و ئافرەتان دیاریکران بۆ بەشداری کردن لەو ووۆرکشۆپە کە بریتی بوون لەم بەڕێزانە :
  ١. ڕێکان ڕزگار نوری / ب. گشتی چاکسازی
  ٢. هەستیار عەلی ئەسعەد/ چاکسازی گەوران سلێمانی
  ٣. مزاحم ڕەشید عومەر/ چاکسازی گەوران دهۆک
  ٤. عقیل عەلی کریم / چاکسازی ژنان و منداڵانسلێمانی
  ٥. عەلی ئیسماعیل ئەحمەد/ چاکسازی ژنان و منداڵان هەولێر
  ٦. هۆگر نایف عبداللە/ چاکسازی ژنان و منداڵان دهۆک

- لە ڕێکەوتی ٢٦ تەمموزی ٢٠٢٢، لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نیودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەک لە نێوان دکتۆر دیندار زێباری و کاک هۆگر باپیر بەڕێوەبەری میدیا و پەیوەندییە

نێودەوڵەتییەکان لە وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەچوو. کاک هۆگیر ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە بەرەوپێشچوونەکانی پرۆژەی ئەرشیفکردن و بە دیجیتاڵ کردن پێشکەش بە ڕێکخەر کرد، پرۆژەکە لە فەرمانگەی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکان لە ١٠ای کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠٢١ تەواو بوو و تێیدا ٩٨٠١ فایل لە کۆی٧٣٩١٢ لاپەڕەوە بە هاوکاری ئۆفیسی یونیتاد لە دهۆک ئەرشیف کراون. لە ٣ی نیسانی ٢٠٢٢ لە نووسینگەی ئێزدییە ڕفێندراوەکان پرۆژەکە تەواو بوو کە تێیدا ٣٥٤٣ فایل لە کۆی ٥٣٩٣ لاپەڕەوە ئەرشیڤ کراون. . لەزێرەڤانی ٣٨٤ مێگابایت (١٣٤ وێنە) و ٢٨،٣ گێگابایت (١٠٥ ڤیدیۆ) ئەرشیف کراون. هەروەها ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش بەڵگەکانیان گواستۆتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ کە بریتین لە (ڤیدیۆ و وێنە و بەڵگەنامە و تۆماری دەنگ) دەستپێکردنی پرۆژەکە. لە دادگای تاوانی دووی هەولێر لە کۆی ٢٣٨٠ فایل ١٦١،٢٠٩ لاپەڕە ئەرشیفکراون. لە دادگای تاوانی یەکی دهۆکیش ١٧٨٧ فایل ١٣٨،١٥٤ لاپەڕە ئەرشیفکراون.

- لە ڕێکەوتی ٧ ئابی ٢٠٢٢، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی ئیمەیڵێکەوە یونیتادی ئاگادارکردەوە سەبارەت بە پێشکەوتنی پرۆژەی دیجیتاڵکردن/ئەرشیفکردن. پرۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردن بریتیە لە گۆڕینی ئەو بەڵگانەی پەیوەستن بە تاوانەکانی داعش کە لە دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی هەرێم پارێزراون بۆ فۆرماتی دیجیتاڵی، و ناوەندی ئەم پرۆژەیەی هەرێمیش وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمە. پرۆژەکە لە دەستەی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکان (CIGE) لە ١٠ای کانوونی یەکەم ساڵی ٢٠٢١ تەواو بووە و تێیدا ٩٨٠١ فایل لە کۆی٧٣٩١٢ لاپەڕەوە بە هاوکاری نووسینگەی یونیتاد لە دهۆک ئەرشیف کراون. لە ٣ی نیسانی ٢٠٢٢ لە نووسینگەی ئێزدییە ڕفێندراوەکان پرۆژەکە تەواو بووە و تێیدا ٣٥٤٣ فایل لە کۆی ٥٣٩٣ لاپەڕەوە ئەرشیف کراون. زێرەڤانی ٧٣،٩ گێگابایت (٥٠٣٥ فایل و ٥٠٣ فۆڵدەر) و ئاسایشی گشتی هەولێر ٥١ گێگابایتی ڕادەستی وەزارەتی ناوخۆ کردووە لە ئێستادا لە پرۆسەی ئەرشیف کردنن. سەبارەت بە پرۆژەی ئەرشیفکردن و بە دیجیتاڵکردنی دۆسیەی تاوانبارانی داعش لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەرێم، لە دادگای تاوانی دووی هەولێر لە کۆی ٢٢٢٥ فایل ١٦١،٢٠٩ لاپەڕە ئەرشیفکراون. سەبارەت بە دادگای تاوانی یەکی دهۆک ١٧٢٥ فایل ١٢٤،٥٠٧ لاپەرە ئەرشیفکراون. بەڕێز جیراڵد کەیسی لە وەڵامەکەیدا باسی لە هەندێک بابەتی پەیوەندیدار بە دواکەوتنی دەستپێکردنی ئەرشیفی ئاساییش و دژە تیرۆر کرد. یەکەمیان پەیوەندی بە بەڵگەکانی ناو خودی ئەم کۆکردنەوەکانەوە هەیە. لە کاتێکدا کە تیمی پرۆژەکە لە کاتی کارکردن لەگەڵ CIGE و فەرمانگەی ڕزگارکردنی ئێزدییەکان دەستی بە بەڵگەنامە ئەسڵیەکان گەیشتوە، ئاساییش و زێرەڤانی کۆپی بەڵگەنامەکان/داتاکانیان بە شێوەی دیجیتاڵی دابین کردووە بەبێ ئەوەی پەیڕەوی لەو ڕێنمایی و پرۆسانە بکەن کە لە ساڵێک لەمەوبەر لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پێشکەش بە سودمەندان کراوە. پرسی دووەم پەیوەندی بە دۆخی پرۆژەکەوە هەیە لە یونیتاد. وەک ئاگادارن، یەکێتی ئەوروپا سەرەتا ڕەزامەندی دەربڕیبوو لەسەر دابین کردنی بودجەی پرۆژەکە بۆ ماوەی دوو ساڵ لە نیسانی ٢٠٢٠ تا ٣١ی ئازاری ٢٠٢٢، یونیتاد قۆناغی دووەمی بودجەی لە یەکێتی ئەوروپا دەستەبەر کرد بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی پرۆژەکە بۆ ماوەی هەژدە مانگی تر . بەداخەوە بەهۆی قەیرانەکانی ئەم دواییەی ئەوروپا، واژۆکردنی گرێبەستە دواکەوتووە.

- سەرۆکی ستافی یونیتاد، جیراڵد کەیسی، داوای لە نووسینگەی ڕێکخەر کرد بۆ دەستنیشانکردنی دوو فۆکاڵ پۆینت لە زێرەڤانی و دژە تیرۆر بۆ یارمەتیدانی یونیتاد بۆ پرۆژەی دیجیتاڵکردن/ئەرشیفکردن، نووسینگەی ڕێکخەری پەیوەندی بە هەردوولایەن کرد بۆ دەستنیشانکردنی دوو کارمەندی خۆیان بۆ پرۆژەی ناوبراو. ئاسایش و زێرەڤانی لەلایەن خۆیانەوە دوو کەسیان وەکو فۆکال پۆینت دەستنیشان کرد.

- لە ڕێکەوتی ٢٢ ئابی٢٠٢٢. لەسەر داوای یونیتاد، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان کۆبوونەوەیەکی لەنێوان تیمی یونیتاد و جێگری سەرۆکی ئاسایش-دەۆک ڕێکخست ئامانجی کۆبوونەوەکەش باسکردنی ئاسانکاری بۆ گەیشتنی شایەتحاڵەکان بوو لە نەینەواوە بۆ دهۆک.

- لە ڕێکەوتی ٢ ئەیلولی٢٠٢٢، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد، بەڕێز کریسچن ڕیتشەر، چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی عێراقی ئەنجامدا. تیایدا تیشکی خستە سەر ٢٠ فایلی گرنگ کە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکەن – لە گرنگترین ئەو فایلانەش:

١. ئەو تاوانانەی لە مانگی ئابی ٢٠١٤ەوە لە شنگال دژی ئێزیدییەکان ئەنجامدراون
٢. کوشتنی بەکۆمەڵی ئەفسەرە بێ چەکەکانی ئەکادیمیای ئاسمانی تکریت لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤
٣. تاوانەکانی داعش لە زیندانی بادوش و دەوروبەری نزیک موسڵ لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤
٤. تاوانەکانی پەیوەست بە ئاسانکاری بۆ پارەدارکردنی داعش؛ ناسراوە بە تۆڕی الراوی.
٥. لێکۆڵینەوە لە بەڵگە
٦. ئەو تەحەددایانەی کە ڕووبەڕووی یونیتاد دەبێتەوە
٧. ستراتیژی لێکۆڵینەوە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان
٨. مەلەفی تاوانەکانی بەرامبەر ئێزیدییەکان
٩. مەلەفی ژنانی ئێزیدی ڕزگاربووی تاوانەکانی داعش
١٠. تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ کە داعش بەرامبەر کارمەندانی ئەکادیمیای ئاسمانی تکریت ئەنجامیدا
١١. مەلەفی تاوانە نێودەوڵەتییەکان
١٢. کاری تیمەکە لە عێراق
١٣. ڕۆڵی حکومەتی عێراق لە هاوکاریکردنی تیمی لێکۆڵینەوە
١٤. پاڵپشتی یونیتاد بۆ دەسەڵاتی دادوەری عێراق
١٥. هاوبەشی و هاوکاری ڕۆژانەی نێوان یونیتاد و دەسەڵاتدارانی عێراق
١٦. پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی دەسەڵاتدارانی عێراقی تایبەتمەند بە لێکۆڵینەوەکان
١٧. ئەنجامدەرانی تاوان دژی عێراقییەکان
١٨. داوای مافی پەنابەری ئەو ژنانەی لە عێراقەوە هەڵدێن بۆ وڵاتانی دەرەوە
١٩. دەستگیرکردنی تەها الج
٢٠. ئۆپەراسیۆنی ئاوەدانکردنەوەی عێراق

- له ڕێکەوتی ٢ ئەیلولی٢٠٢٢، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ یونیتاد تیمێکی لە یونیتاد بە سەرۆکایەتی بەڕێز ئەنیس ئەحمەد، سەرۆکی ئۆفیسی بەڕێوەبردنی بەڵگەکان پێگەیشت. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر ئەم بابەتانە: دروستکردنی کەیس بۆ ئامادەکردنی بەڵگە بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش، ڕیکخستنی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی پێشکەوتوو بۆ دادوەرە عێراقیەکان و دادوەرانی هەرێمی کوردستان لە ئەکادیمیای نێودەوڵەتی ڕێساکانی نۆرنبێرگ لە ئەڵمانیا. لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا ئامانجی ڕاهێنانەکەیان خستەڕوو کە بەپێی ڕاسپاردەکەی یونیتاد یارمەتیدەر دەبێت بۆ حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی بەڵگە کۆکراوەکان بۆ دادگایکردنی تیرۆرستانی داعش لە ناوخۆی عێراق.

- له ڕێکەوتی ٤ ئەیلولی ٢٠٢٢، کۆبوونەوەی نۆیەمی لیژنەی ئاڕاستەکار لە نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتی بەڕێوەچوو. لە کۆبوونەوەکەدا، یونیتاد ڕایانگەیاند کە گرێبەستی نوێی یەکێتی ئەوروپا واژ ۆ کراوە و یونیتاد دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرفراوان دەست بە کارەکانی بکاتەوە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان . هەروەها دووپاتیان کردەوە کە قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە بە کۆتا هاتووە و بودجەیەکی پێویست بەردەستە بۆ دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ. تەنیا ئامانج ئەوە نیە کە تەنها سەرنج بخاتە سەر ئەرشیفکردن و دیجیتاڵکردنی تۆماری بەڵگەکان، بەڵکو بۆ بینینی ئامانجە هاوبەشەکانی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێپرسینەوە بە دابینکردنی دادپەروەری بۆ قوربانییەکان هەروەها تیمی لێکۆڵینەوەش ڕایانگەیاند کە شارەزایان بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەنێردرێن بۆ هەڵسەنگاندنی تۆمارە دیجیتاڵیەکانی زێرڤانی و ئاسایش. ئەندامانی لیژنەی ئاڕاستەکارپێکهاتوون لەمانەی خوارەوە:
  ١. د.دیندار زێباری، ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان
  ٢. بەڕێز هۆگر باپیر، بەڕێوەبەری میدیا و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، وەزارەتی ناوخۆ
  ٣. خاتوو کارۆلین بویزمان، بەرپرسی باڵای یاسایی، بەرپرسی یەکەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی 1،یونیتاد
  ٤. بەڕێز ئەل حاجی باباکار ندیایە، سەرۆکی یەکەی بەڕێوەبردنی سیستەمی زانیاری، فەرمانگەی بەڕێوەبردنی بەڵگە، یونیتاد

- له ڕێکەوتی ١٤ ئەیلولی٢٠٢٢، کۆبوونەوەیەک لەنێوان بەڕێز دادوەر کاوە فەتحی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان و دەستەی بە دیجیتاڵکردنی یونیتاد بە سەرۆکایەتی بەڕێز الحاج باباکار نادیایی بەڕێوەچوو. لە کۆبونەوەکەدا بەڕێز نادیایی پڕۆژەی بە دیجیتاڵیکردنی ناساند و ئامانجیان لەپڕۆژەکە خستەڕوو و کاریگەری لەسەر ئەو بەڵگانەی کە لەداواکاری گشتی و دادگاکانی تری هەرێمی کوردستان پارێزراون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەردوولا لەسەر دیاریکردنی فۆکاڵ پۆینتێک لە داواکاری گشتی ڕێککەوتن، هەروەها ڕێککەوتن لەسەر دیاریکردنی کاتێک بۆ تیمی لێکۆڵینەوە بۆ ڕێکخستنی سەردانی شوێنی دیاریکراو لە دادگای تاوانی دووی هەولێر بۆ هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکان و بەڵگەکان بۆ دەستپێکردنی پڕۆژەی بە دیجیتاڵکردن.

- لە ڕێکەوتی ١٥ ئەیلولی ٢٠٢٢، یونیتاد نامەیەکی فەرمی بۆ دادوەر ئەیمەن مستەفا نارد، داوای لێدوانی هەموو شایەتحاڵە مەسیحییەکانی کرد کە CIGE چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردووە و ئەو بەڵگانەی CIGE کۆیکردۆتەوە لەسەر وێرانکردن و لەناوبردنی کڵێساکانی دەشتی نەینەوا.

- لە ڕێکەوتی١٥ ئەیلولی ٢٠٢٢، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بە کۆی دەنگ لە ڕێگەی بڕیارنامەی (٢٦٥١) لەسەر داوای حکومەتی عێراق، ئەرکی یونیتاد نوێکردەوە.

- لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠ ئەیلولی٢٠٢٢، یونیتاد نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی بەڕێز دادوەری عەبدولجەبار کرد، بۆ دەستنیشانکردنی ٥ دادوەر بۆ بەشداریکردن لە پرۆگرامی ڕاهێنانی تواناسازی کە بۆ دادوەرەکانی عێراق داڕێژراوە، لەنێویاندا لە هەرێمی کوردستان، لە ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی بنەماکانی نورنبێرگ لە ئەڵمانیا. بڕیاروایە ڕاهێنانەکان لە ٢١-٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ بەڕێوەبچێت.

- لە ڕێکەوتی ٢١ ئەیلولی٢٠٢٢، یونیتاد نامەیەکی فەرمی ئاڕاستەی بەڕێز دادوەری عەبدولجەبار کرد و داوای لێدوانی سەرجەم شایەتحاڵە مەسیحییەکانی کرد کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کردوون و ئەو بەڵگانەی کۆیان کردۆتەوە لەسەر وێرانکردن و لەناوبردنی کڵێساکانی دەشتی نەینەوا.

- لە ڕێکەوتی ٢١ ئەیلولی ٢٠٢٢، یەکێتی ئەوروپا بڕی ٣,٨ ملیۆن یۆرۆی پێشکەش بە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کرد، بە مەبەستی پاڵپشتی کردن لە پرۆژەی بە دیجیتاڵ کردن و ئەرشیفکردنی بەڵگەکانی لە حکومەتی ئیتیحادی و حکومەتی هەرێم.

- لە ڕێکەوتی ٢٢ ئەیلولی٢٠٢٢، ئەڵمانیا جارێکی دیکە پشتگیری و پابەند بوونی خۆی بۆ کارەکانی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) نوێکردەوە بە بڕی ١،٧٠٠،٠٠٠ یۆرۆ. لە ڕێگەی ئەم پاڵپشتییەوە، یونیتاد درێژە دەدات بە لێکۆڵینەوەکانی لە میکانیزمە داراییەکانی داعش و ئاشکراکردنی بەڵگە سەبارەت بەو تاوانبارانەی تێوەگلاون بە ئەنجامدانی تاوانەکانی جەنگ، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینۆساید.

- لە ڕێکەوتی ٢٨ ئەیلولی٢٠٢٢، بە پشتبەستن بە داواکاری یونیتاد کە ئاراستەی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان کرابوو بۆ کاندیدکردنی پێنج دادوەر لە هەرێمی کوردستان بۆ بەشداریکردنیان لە ‘پرۆگرامی ڕاهێنانی تواناسازی لە ئەکادیمیای نورنبێرگ لە ئەڵمانیا. لەم بارەیەوە لیستی دادوەرە کاندیدکراوەکان (ناو و پۆست) لە ئەنجومەنی دادوەرییەوە ئاڕاستە کران بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆگرامی ڕاهێنان، دادوەرەکانیش:

  ١. دادوەر سەمیح عوسمان یونس ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێم
  ٢. دادوەر خدر حەسەن محەمەد ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەرێم
  ٣. دادوەر یونس عوسمان محەمەد، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر
  ٤. دادوەر جەبار ڕەضا احمد، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی

٥. دادوەر نیگار ئەحمەد محەمەد ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر

- لە ڕێکەوتی ٢٦ ئەیلولی٢٠٢٢، یونیتاد دوو نامەی ئاراستەی هەر یەک لە بەڕێزان دادوەری عەبدولجەبار و دادوەری کاوە فەتحی کرد، کە تێیدا داوای دەستنیشانکردنی ١٠-١٥ دادوەر و داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەشداریکردن لە وۆرک شۆپێک لەسەر پەرەپێدانی کەیسی تاوانکارییە نێودەوڵەتییەکان بۆ لێپێچینەوە لە تۆمەتبارانی داعش، کە بڕیاروابوو لە دوو بەشدا ؛ لە مانگەکانی ئۆکتۆبەر و تشرینی دووەمی٢٠٢٢ بەڕێوەبچێت.

## چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٢ تاوەکو مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٢

- لە ڕێکەوتی٦ تشرینی یەکەمی٢٠٢٢، بەڕێز کریسچن ڕیتشەر، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد لە کۆنفرانسی تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر پەسەندکردنی پلانی هەرێمی بۆ مافەکانی مرۆڤ وتارێکی پێشکەش کرد. لە وتارەکەیدا ڕاوێژکاری تایبەت ستایشی کارە بەرفراوان و بەکۆمەڵەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد لەوانەش نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی. بەڕێز کریسچن ڕیتشەر سوپاسی دەسەڵاتدارانی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ پشتگیری و ئاسانکاری بەردەوامیان بۆ کارەکانی یونیتاد، جەختی لەوە کردەوە کە گەرەنتی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و پرۆسەی یاسایی لە مافەکانی مرۆڤدا زۆر گرنگە بۆ هەوڵەکانی یونیتاد لە پێشخستنی لێکۆڵینەوەکانی.

- لە ڕێکەوتی ١٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد، بەڕێز کریسچن ڕیتشەر، لەلایەن تۆڕی میدیایی ڕووداوەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامدرا. ڕاوێژکاری تایبەت تیشکی خستە سەر کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و بەشداریکردنی بەرفراوان کە لە عێراق و لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون، لەوانە کۆکردنەوە و پاراستنی بەڵگەکان، هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ، تاوانەکانی دژی ئێزیدییەکان، تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵ کە داعش دژی کارمەندانی ئەکادیمیای ئاسمانی تکریت (سپایکەر) ئەنجامی داوە.

- لە ڕێکەوتی ١٧ تشرینی یەکەمی٢٠٢٢، چەند تۆمارێکی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم کە لە لایەن یونیتاد داواکرابوون لە ڕێگای نووسینگەی ڕێکخەر ڕادەستی یونیتاد کرا، کە تۆماری تاوەرەکانی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆمی لەخۆگرتبوو لە ٣٠ کم لە قەرەقۆش، بارتێلا و کەرەملێش لە ماوەی ١-١٥ ئابی٢٠١٤.

- لە ڕێکەوتی ٢٣ ئەیلولی٢٠٢٢، تیمی لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکان داعش (یونیتاد)، لە هۆتێل دێدەمانی لە هەولێر وۆرکشۆپێکیان ڕێکخست بۆ ١١ دادوەر و داواکاری گشتی لەهەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان. ئامانجی وۆرکشۆپەکە بریتی بوو لە دروستکردنی کەیس و دەستپێشخەری گەشەپێدانی توانا بوو بۆ دادگاییکردنی گومانلێکراوەکانی داعش بۆ دادوەرانی

هەرێمی کوردستان و داواکاری گشتی. وۆرکشۆپەکەدا بە ئامادەبوونی بەڕێزان دکتۆر دیندار زێباری، ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دادوەر عەبدولجەبار عەزیز حەسەن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان و دادوەر خاتو سوهام عەبدولقادر نەبی جێگری سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێم, و بەڕێز کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد بەرێوەچوو. ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە دەستپێکی وۆرکشۆپەکەدا وتاریکی پێشکەش کرد و تیایدا جەختی لەسەر گرنگیی پەیوەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تیمی یونیتاد کردەوە بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند لە هەرێمی کوردستان بۆ دادگاییکردنی گومانلێکراوانی داعش. هەروەها تیشکی خستە سەر ئەوەی کە هێشتا سەدان گیراوی بیانی و ناوخۆیی داعش لە گرتوخانەکانی هەرێمدا هەن و پێویستە ئەو دۆسیانە چارەسەر بکرێن بە پێی بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکاندا. دادوەران و داواکاری گشتی کە بەشدارییان لەم وۆرکشۆپەدا کرد ئەمانەی خوارەوە بوون:

١. ڕەوظا عەبدولحوسێن تاهیر، داواکاری گشتی، هەولێر
٢. کەژاڵ نایف ڕەحمان، سەرۆکی چاکسازی ژنان و منداڵ ، هەولێر
٣. گۆران فەرەج محەمەد ساڵح، جێگری داواکاری گشتی، کەلار، گەرمیان
٤. ئیسماعیل مەحمود مامەند، جێگری داواکاری گشتی، دوکان، سلێمانی
٥. عەلی مەلیک حسێن، جێگری داواکاری گشتی پیرەمەگروون، سلێمانی
٦. کامیران فارس ئەمین، جێگری داواکاری گشتی، دەۆک
٧. تۆفیق محی الدین محەمەد ساڵح، جێگری داواکاری گشتی ئاکرێ، دهۆک
٨. ئاسۆ عوسمان عەباس، دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە، هەولێر
٩. ئازاد حەیدەر باوە، دادوەری دادگای تاوانی ١ هەولێر
١٠. عیماد فارس ڕەشید، دادوەری دادگای تاوانی ٢ هەولێر
١١. حەسەن عەلی موراد ئەمین، دادوەری دادگای تاوانەکان، هەولێر

- لە پەراوێزی وۆرکشۆپەکەدا، کۆبوونەوەیەک لەنێوان هەر چوار لایەنەکە ڕێکخرا تیایدا گرنگی هەوڵە بەرفراوانەکانی تیمی لێکۆڵینەوە بۆ دامەزراندنی دادگایەک لە هەرێمی کوردستان بۆ دادگاییکردنی گومانلێکراوانی داعش و دادپەروەریی بۆ سەرجەمی قوربانییەکان لە عێراق لە لایەن دکتۆر دیندار زێباری و دادوەر عبدالجبار جەختی لەسەر کرایەوە. بەڕێز کریسچن ڕیتشەر ئامادەیی یونیتادی بۆ یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دادگاییکردنی گومانلێکراوانی داعش دووپات کردەوە و پشتیوانی لە وۆرکشۆپەکە کرد بۆ دروستکردنی کەیسەکان و بەرەوپێشبردنی توانای دادوەران و داواکارانی گشتی هەرێم. دادوەر عبدالجبار حەسەن دوو خاڵی گرنگی وروژاند بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی و یونیتاد بۆ زیاتر هەماهەنگی و هەولەکانیان بۆ دادگاییکردنی گومانلێکراوانی داعش. هەروەها ئاماژەشی بەوەدا کە دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان بە دڵنیاییەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر هەرێمی کوردستان و عێراق و تەواوی ناوچەکە. دادوەر عبدالجبار ئاماژەی بەوەشکرد، بنبڕکردنی سەرچاوە داراییەکانی داعش زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی هێشتا داعش لە ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیدا هاوکاری و پشتیوانی دەکرێت. لە لایەن خۆیەوە سەرۆکی یونیتاد پێشنیازی دیالۆگێکی کراوەی کرد لە

نێوان دەسەڵاتدارانی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی دامەزراندنی دادگایەک بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش و جێگیرکردنی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی لە یاسا ناوخۆییەکانی عێراق و هەرێم، ئەمەش لەبەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق و بێگومان هەرێمی کوردستانیشە. لەلایەن خۆشیەوە دکتۆر دیندار زێباری پێشنیازیکرد گفتوگۆیەکی کراوە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی دادوەری حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبچێت. سەبارەت بە دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش بە یاسای دژە تیرۆری هەرێم، دکتۆر دیندار زێباری تیشکی خستە سەر ئەو پرسەی کە ئایا دەکرێ هەر سێ یاسای تایبەت بە تاوانە نێودەڵەتیەکان لە یاسای دژە تیرۆری هەرێم جێگیربکرێن. لە لایەن خۆیەوە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری ڕایگەیاند کە هیچ بەربەستێکی یاسایی نیە بۆ جێگردنی ئەو سێ یاسایە لە یاسای دژە تیرۆری هەرێم و هەروەها لە دەستوری عێراقیش ڕێگەپێدراوە کە یاسا نێودەوڵەتیەکان لە یاسا ناوخۆییەکانی وڵات جێگیربکرێن.

- لە ڕێکەوتی ٢٧ تشرینی یەکەمی٢٠٢٢، تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لە داواکاریەکدا داوای ڕەزامەندی نووسینگەی ڕزگارکراوانی ئێزیدی دەکەن بۆ هاوبەشیکردنی لێدوانی دوو شایەتحاڵی ئێزیدی لەگەڵ تیمی بەریتانیا بۆ تاوانی جەنگی SO15. لێدوانی ئەم دووو شایەتحاڵە لە لایەن تیمی یونیتاد دەستنیشانکراون کە لە فەرمانگەی ڕزگارکردنی ئێزدییەکانەوە وەرگیراون و وەڵامدەرەوەن بۆ داواکارییەکەی تیمیSO15 ی بەریتانی. شایەتحاڵەکانیش هەریەک لە:
  ١. تێرکۆ حەسەن ئامۆ سیلۆ
  ٢. غەزال خودر ئادی

- خولی دووەمی وۆرکشۆپی مەشق و ڕاهێنان بۆ دادوەران و داواکارانی گشتیی هەرێمی کوردستان لە١٠،٩،٨،٧ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢ بەڕێوەچوو، ئەم خولە بنەما و ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی کۆکردنەوەی بەڵگەکانی بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی داعش لەخۆدەگرت.

- لە ڕێکەوتی ٢١ تشرینی دووەمی ٢٠٢٢، لەلایەن کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد دەستکرا بە کردنەوەی خولی ڕاهێنانی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی و یاسای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ دادوەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان کە یونیتاد بە هاوبەشی لەگەڵ ئەکادیمیای نێودەوڵەتیی بنەماکانی نورنبێرگ لە ئەڵمانیا ڕێکی خستبوو. هاوکات لوقمان فەیلی باڵیۆزی عێراق لە ئەڵمانیا لە ڕێگەی ڤیدیۆوە وتاری دەستپێکی پێشکەش کرد. ڕاهێنانەکە تاکو ٢٥ تشرینی دووەمی ٢٠٢٣ بۆ ماوەی یەک هەفتە بەردەوام بوو، تیایدا زانیاری قووڵ پێشکەش بە دادوەرە بەشداربووەکان کرا لە ڕێگەی کۆمەڵێک پسپۆڕی بەناوبانگی نێودەوڵەتی لەو بوارەدا.هەروەها بەشداری دادوەرانی هەرێم لە ئەکادیمیای نۆرنبێرگ هەنگاوێکی گرنگە لە پێشخستنی تواناى دادوەران بۆ ئاشنابوونی زیاتریان بە بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان. تاکو بتوانرێ لە داهاتوودا لە پاڵ دادوەرە نێودەوڵەتییەکان سوود لە دادوەرانی هەرێمیش وەبگیرێت لە کاتی دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش بە پێی بنەمای هەرسێ یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان.

- له ڕێکەوتی ٢١ تشرینی دوەمی٢٠٢٢، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان دادوەر یەریڤان مستەفا دادوەری لێکۆڵینەوەی ئاسایشی هەولێر و یونیتاد بەڕێوەچوو. ئامانجی کۆبوونەوەکە دیاریکردنی دوو دادوەری لێکۆڵینەوە بوو لە ئاسایش بۆ ئەوەی هاوکار بن لەگەڵ دۆسیەیەی ئەو دوو داعشەی کە لە وۆرکشۆپی بنیاتنانی کەیس و پەرەپێدانی توانا گفتوگۆیان لەسەر کرا.
- لەهەمان ڕۆژدا تیمی یونیتاد لەگەڵ دکتۆر دیندار زێباری کۆبووەوە، تیایدا گفتوگۆیان لەسەر چەندین بواری هاوکاری کرد، لەوانەش جێگیرکردنەوەی پڕۆژەی دیجیتاڵکردن و ئەرشیفکردن لە دادگای تاوانەکان ٢ هەولێر، تیشک خستنەسەر بابەتی دەستپێشخەری بنیاتنانی کەیس، و دیاریکردنی کاتی کۆبوونەوەی داهاتووی Steering Committee.

- له ڕێکەوتی ١ کانوونی یەکەمی٢٠٢٢، تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نۆهەمین ڕاپۆرتی خولی ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد بەر لە پێشکەش کردنی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتییەکان هاوبەشیپێکرا. ڕاپۆرتەکە گرنگترین بوارەکانی لێکۆڵینەوەکانی تیمەکە لە ماوەی ڕاپۆرتەکەدا لەخۆدەگرێت، وەک لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی لە مانگی ئابی ٢٠١٤ دژی ئێزیدییەکان لە شەنگال ئەنجامدراون، کوشتنی بەکۆمەڵ کارمەندانی سەربازی ئەکادیمیای ئاسمانی تکریت لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، تاوانەکانی داعش لە زیندانی بادوش و دەوروبەری نزیک موسڵ لە مانگی حوزەیرانی ٢٠١٤، تۆڕی ئەلراوی و سەرچاوەی دارایی داعش، و پەرەپێدان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی لەلایەن داعش لە عێراق.

- له ڕێکەوتی ٤ کانوونی یەکەمی٢٠٢٢، یونیتاد نوسراوێکی ئاڕاستەی ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی هەرێم کرد، تیایدا داوای ڕەزامەندی کرد بۆ جێگیرکردنەوەی پڕۆژەی بەدیجیتاڵکردن و ئەرشیفکردنی بەڵگەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش پارێزراو لە دادگاکان بۆ دادگای تاوانەکانی ٢ هەولێر. ئەمەش دوای ئەنجامدانی دوو کۆبوونەوەی جیاواز لەگەڵ دادوەر کاوە فەتحی سەرۆکی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان، دادوەر خەڵات لە دادگای تاوانەکانی ٢ لە هەولێر سەر بە دادگای تێهەڵچوونەوە.

- له ڕێکەوتی ٤ کانوونی یەکەمی٢٠٢٢، تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسراوێکی ئاڕاستەی عیسمەت ئەرگوشی بەڕێوەبەری گشتی ئاسایشی هەولێر کرد، تیایدا داوای دیاریکردنی دوو لێکۆڵەر کرد لە ئاسایش بۆ بەشداریکردن لە وۆرکشۆپی داهاتووی بنیاتنانی کەیس و پەرەپێدانی توانا تاکو هاوکاربن بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی تایبەت بە دوو تاوانباری داعش کە لە وۆرکشۆپەکە پێشکەش بە دادوەران و داواکارانی گشتی کرد بۆ لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە لەسەریان.

- له ڕێکەوتی ٥ کانوونی دووەمی٢٠٢٢، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دوو تۆماری کۆمپانیای کۆڕەکی لە تاوەرەکانی گوندی کۆجۆ و دەوروبەری لەگەڵ دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان هاوبەشیکرد، لە٣٠ کم لە قەرەقۆش، بارتێلا، و کەرەملێشەوە لە ماوەی ١-١٥

ئابی٢٠١٤. و تۆمارەکانی خانەی تاوەرەکانی کۆرەک لە گوندی کۆجۆ و دەوروبەری، و پەیمانگای سۆلاغ لە شنگال لە ماوەی ١-٢٠ ئابی٢٠٢٢.

- لە ڕێکەوتی ٥ کانوونی دووەمی٢٠٢٢، لە هەولێر وۆرکشۆپێک ئەنجامدرا سەبارەت بە پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ رزگاربووان لە تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش بە ئامادەبوونی باڵیۆزی فینلەندا لە عێراق، کونسوڵی گشتی هۆڵەندا لە هەولێر، نوێنەری یەکێتی ئەوروپا لە عێراق، تیمی تەندروستی دەروونی، نوێنەری نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ناوخۆ،دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردن، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی ئیتحادی، بەرپرسی بەشی چارەسەری دەروونی لە یونیتاد و نوێنەرانی قوربانیان و پێکهاتەکان. لەم وۆرکشۆپەدا باس لە گرنگی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری دەروونی پێشکەش بە قوربانیانی دەستی داعش و کەسوکاریان لە گشت پێکهاتەکان کراوە، چونکە تا ئێستا بە دەست کاردانەوەکانی دەناڵێنن.

- لە ڕێکەوتی ٦ کانوونی دووەمی٢٠٢٢، تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نووسراوێکدا بۆ بەڕێز دادوەر ئەیمەن مستەفا داوای هاوبەشکردنی لێدوانی خاتوو ڕافیدە نایف کرد، ئەم داواکاریەش دوای لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی فەڕەنسا دێت لە چوارچێوەی یەکێک لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بەو تاوانانەی لەلایەن داعش دژی ئێزیدییەکان ئەنجامیان دا.

- لە ڕێکەوتی ١١ کانوونی دووەمی٢٠٢٢، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ یونیتاد وەڵامی فەرمی حکومەتی هەرێمی سەبارەت بە پەسەندکردنی هاوبەشیکردنی وتەی دوو شایەتحاڵی ئێزیدی لەگەڵ تیمی تاوانەکانی جەنگی SO15ی بەریتانیا گەیاندە تیمی لێکۆڵینەوە.

- لە ڕێکەوتی ٢١ کانوونی دووەمی٢٠٢٢، ڕێکخەری ڕاسپاردە ێودەوڵەتیەکان ڕەزامەندی دەستەی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی گەیاندە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوبەشکردنی لێدوانی شایەتحاڵ خاتوو مەدیحە ئیبراهیم خەلەف ئەلحەمەد، بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانیان لە تاوانەکانی داعش کە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامی داوە بەکاربهێنرێت.

## چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٣ تاوەکو مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٣

- لە ڕێکەوتی ١٩ کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، پەرلەمانی ئەڵمانیا بڕیاری بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعشی دا دژی پێکهاتەی ئێزیدییەکان بەهۆی ئەو تاوانە دڕندانەیەی دەرهەقیان کرا لە ساڵی ٢٠١٤، هەر لە ڕفاندن، زیندە بەچاڵکردنیان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان، کردنە سەربازی زۆرە ملێ، و گۆڕینی ئایینەکەیان بۆ ئیسلام لە ژێر فشاری تیرۆرستانی داعش.

- له ڕێکەوتی ٢٤ کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، لێژنەی باڵای بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی داعش بە سەرۆکایەتی ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی کارەکانی ڕابردووی لێژنەکە و پلانی داهاتوو کرا، بە مەبەستی زیاتر کارکردن لە سەر بەجینۆسایدناساندنی تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش. هەر لە کۆبوونەوەکەدا ستایشی بڕیارەکەی پەرلەمانی ئەڵمانیا کرا، سەبارەت بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان و لێژنەکە ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیای بە گرنگ وەسف کرد.

- له ڕێکەوتی ٢٤ کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان نووسراوێکی ئاڕاستەی بەڕێز ئەحمەد عیماد بارزانی بەرپرسی بەشی سەربازی لە نووسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد. تیایدا داوای پاڵپشتی بەڕێزیانی کردبوو لە کارئاسانی بۆ ڕێکخستنی کۆبوونەوەیەک لەگەڵ جەنەڕاڵ ئەسکەندەر حاجی ساڵح، بەمەبەستی بەشداریکردن و پشتگیری لە لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی یونیتاد سەبارەت بەو تاوانانەی داعش دژی مەسیحییەکان لە عێراق ئەنجامی داوە.

- له ڕێکەوتی ٣١ کانوونی دووەمی ٢٠٢٣، رێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان پێشوازیکرد لە حەیدەر ئەلیاس سەرۆکی ڕێکخراوی جیهانی یەزدا. لە گفتوگۆکاندا تیشک خرایە سەر چڕترکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تیرۆرستانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی، هەروەها ڕۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد لە گرتنەخۆی ئێزیدییەکان و ڕزگارکردنی هەزارانیتر لە دەستی داعش بەرز نرخێندرا.

- له ڕێکەوتی ٧ شوباتی ٢٠٢٣، تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، داواکاریەکی ئاڕاستەی بەڕێز دادوەر عبالجبار عەزیز حەسەن کرد بۆ هاوبەشیکردنی هەر زانیارییەک لە بارەی دێنیز بیشهۆف بە ڕەگەز ئەڵمانیا کە ئێستا لە ئەڵمانیا دەست بە سەرە. وەکو بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانی داواکاری گشتی ئەڵمانیا کە گومان دەکرێ ئەم گیراوە لە پاڵ داعش تاوانی لە عێراق ئەنجام دابێت.

- له ڕێکەوتی ١٩ شوباتی ٢٠٢٣، لە بەردەوامی کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئاڕاستەکار، دەیەم کۆبوونەوەی لیژنەکە لە نێوان هەریەک لە دکتۆر دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان، هۆگر باپیر بەڕێوبەری بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان لە وەزارەتی ناوخۆ، و بەڕێز ئەنیس ئەحمەد بەرپرسی نووسینگەی بەڕێوەبردنی بەڵگەکان لە یونیاد و تیمەکەی بەڕێوەچوو. ئامانجی کۆبوونەوەکە بەدواداچوونە بۆ دواین بەرەوپێشچوونەکانی پڕۆژەی بەدیجیتاڵکردنی حکومەتی هەرێم پەیوەست بە بەڵگەکانی تاوانەکانی داعش. هاوکات ئەم پڕۆژەیە لە لایەن تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان هاریکاری لۆجستی و تەکنیکی دەکرێ، کە ناوەندی پڕۆژەکە لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمە.

- لە ڕێکەوتی ٦ ئاداری ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە ێودەوڵەتیەکان ڕەزامەندی دەستەی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی گەیاندە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوبەشکردنی لێدوانی شایەتحاڵ ڕافیدە نایف عیسا، بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانیان لە تاوانەکانی داعش کە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامی داوە بەکاربهێنرێت.

- لە ڕێکەوتی ٦ ئاداری ٢٠٢٣، بە مەبەستی بەشداریکردن لە بەشی سێیەم و کۆتایی وۆڕکشۆپی بنیاتنانی توانای دادوەران بۆ بنیاتنانی کەیس بۆ دادگاییکردن تیرۆرستانی داعش، کە لە بەشی دووەمی وۆڕکشۆپەکەدا زانیای لەبارەی دوو گومانلێکراوی داعش بۆ دادوەران خرایەڕوو تاکو لە بەشی سێیەمی وۆڕکشۆپەکە دوو کەیس سەبارەت بە هەردوو تاوانبار ئامادەبکرێ و پێشکەش بکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر داواکاری تیمی لێکۆڵینەوە، ئاسایشی گشتی دوو ئەفسەریان دیاری کرد بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ دادوەرەکان و لێکۆڵینەوە لە هەردوو کەیسەکە. ئەم دوو ئەفسەرەش هەر یەک لە بەڕێزان:
  ١. ملازم ٢/ سعاد قاسم حسن
  ٢. ملازم ٢/ بارزان باران جودت

- لە ڕێکەوتی ٩ ئاداری ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان ڕەزامەندی دەستەی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی گەیاندە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوبەشکردنی لێدوانی شایەتحاڵ خاتوو نعام حسن بیبۆ حیدر، بۆ ئەوەی وەک بەشێک لە لێکۆڵینەوەکانیان لە تاوانەکانی داعش کە دژی ئێزیدییەکان ئەنجامی داوە بەکاربهێنرێت.

- لە ڕێکەوتی ٩ ئاداری ٢٠٢٣، دکتۆر دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لەگەڵ بەڕێز کریسچن ڕیتشەر، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و تیمەکەی کۆبوویەوە. لە درێژەی گفتوگۆکاندا باس لە چەند بابەتێکی گرنگ کرا کە پێویستە ببنە بەشێک لە هەماهەنگییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمی لێکۆڵینەوە بۆ بەرەوپێشتربردنی ئاستی لێکۆڵینەوەکانیان. لە گرنگترین ئەو بابەتانەش لە لایەکیتریشەوە ئاماژەمان بەوەدا کە وەک ئەندامێکی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتمانی (NCC) گرنگە بۆ حکومەتی هەرێم بەشێک بێت لە ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان حکومەتی ئیتیحادی و تیمی لێکۆڵینەوە بۆ پێشکەشکردنی ناوی تیرۆرستان بۆ لیستی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. بۆ ئەم مەبەستە یاداشتێکی لێکتێگەیشتن لە نێوان تیمی لێکۆڵینەوە و حکومەتی ئیتیحادی کراوە بە تایبەت لەگەڵ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق، تاکو یونیتاد بتوانێت بە پاڵپشتی حکومەتی ئیتیحادی زانیاری ئاڵوگۆڕ بکات بۆ ئەوەی کەسانێک بخرێنە لیستی سزاکانی ئەنجومەنی ئاسایش. ئەم یاداشتنامەیە بە هاوبەشی هەردوولا داڕێژراوە و چاوەڕوانی پەسەندکردنی کۆتاییە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادیەوە. هاوکات تیشکیش خرایە سەر چڕترکردنەوەی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی بەشی پاراستنی شایەتحاڵان لە وەزارەتی ناوخۆی هەرێم. بابەتێکیتریش کە ئاماژەی پێدرا دامەزراندنی شارەزایانی نیشتمانی بۆ کارکردن لەگەڵ یونیتاد، سەرەڕای ئەوەی لە عێراق ژمارەی ئەو

شارەزایانەی وەکو پسپۆڕ لەگەڵ یونیتاد کاردەکەن ٢٧ کەسن، بەڵام هیچ شارەزایەکی کورد وەکو پسپۆڕ لەگەڵ یونیتاد کارناکەن. پرسێکی تری گرنگیش کە باسی لێوەکرا جێگیرکردنی هەرسێ یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکان (تاوانی جەنگ، تاوان دژی مرۆڤایەتی جینۆساید) لە یاسای دژە تیرۆری هەرێم تاکو لە داهاتوودا بتوانرێ تیرۆرستانی داعش بە ئەنجامدانی هەرسێ تاوانە نێودەولەتیەکە سزا بدرێن. بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیازکرا بە نێوەندگیری تیمی لێکۆڵینەوە کۆبوونەوەیەک لە نێوان سەرۆکی هەردوو دەسەڵاتی دادوەری ئیتیحادی و هەرێم ڕێکبخرێت بۆ تاوتوێکردنی زیاتری بابەتەکە.

- لە ڕێکەوتی ٢٨ ئاداری ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لەسەر داواکاری یونیتاد یەکەمین دۆسیەی دادوەری گیراوێکی داعشی بە ڕەگەز ئەڵمانی ناوی دێنیز بیشهۆف ڕادەستی یونیتاد کرد. ئەم داواکاریە لەسەر داوای داواکاری گشتی ئەڵمانیا بوو بۆ ئەو تاوانانەی داعش لە عێراق ئەنجامیاندا و ئەو گیراوەش لە ئەڵمانیا گیراوە و هەر لەوێش دادگایی دەکرێت.
- لە ڕێکەوتی ٢٨ ئاداری ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان یەکەمین دۆسیەی دادوەری گیراوێکی داعشی بە ڕەگەز ئەڵمانی بە ناوی دێنیز بیشهۆف لەڕێگای یونیتاد ڕادەستی داواکاری گشتی ئەڵمانیا کرد.

**چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٣ تاوەکو مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٣**

- لە ڕێکەوتی ٣ نیسانی ٢٠٢٣, دکتۆر دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی لە تیمێکی یونیتاد بە سەرپەرشتی الحاج بابەکار ندیایی بەرپرسی یەکەی ڕێکخستنی سیستەمی زانیاری و نوێنەرانی وەزارەتی ناخۆ کرد .مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە پرۆسەی بەڕێوەچوونی پرۆژەی ئەرشیفکردنی دۆکیومێنت و بەڵگەکانی پەیوەست بە تاوانەکانی داعش لە وەزارەتی ناوخۆ وەکو ناوەندی پرۆژەکە. بە سەرپەرشتی تیمی یونیتاد توانراوە زیاتر لە١٠٠،٠٠٠ بەڵگە و دۆکیومێنت ئەرشیف بکرێن و بگۆڕدرێن بۆ فۆڕماتی دیجیتاڵێ. هاوکات ئەم پرۆژەیە پرۆژەی ئەرشیفی هەرێمی کوردستانە، چەندین دام و دەزگای هەرێم بەڵگەکانیان کە پەیوەستن بە تاوانەکانی داعش لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرپەرشتی و هاوکاری تیمی یونیتاد دەگۆڕدرێن بۆ فۆرماتی دیجیتاڵی و لە داتابەیسی تایبەت هەڵدەگیرێن.

- لە ڕێکەوتی ١٠ نیسانی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست لە نێوان بەڕێز خاتوو کوێستان عبداللە وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و یەکەی پێنجی سەر بە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە سەرپەرشی دۆناڵد شولتز. مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە ژمارە و بارودۆخی گیراوانی داعش لە چاکسازیەکان و ڕێکارەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان وەزارەتی ناوبراو و یونیتاد.لە درێژەی گفتوگۆکاندا بەڕێز وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژەی بە بوونی نزیکەی

١٥٠٠ گیراودا لە هەر شەش چاکسازیەکەی هەرێم کە بە یاسای تیرۆر حوکمدراون بەڵام مەرج نیە هەموویان داعش بن. بە هەوڵی یەکێتی زانایان بەرنامەیەک داڕێژراوە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاکسازییەکان تاکو مەلاکان لە ڕێگای ئامۆژگاریە ئاینیەکانیانەوە هەوڵ بدەن بیر و باوەڕی داعشە گیراوەکان بگۆڕن بۆ پیادەکردنی بیری ئیسلامی میانڕەو لە جیات توندڕەوی.

- لە ڕێکەوتی ١٣ نیسانی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست لە نێوان عەقید زریان، بەرپرسی یەکەی شەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ئاسایشی گشتی و یەکەی پێنجی سەر بە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە سەرپەرشی دۆناڵد شولتز. مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە مەودای لێکۆڵینەوەکانی تیمەکە لەو تاوانانەی داعش لە عێراق ئەنجامیاندا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧ دژی مەسیحییەکانی دەشتی نەینەوا، قەرەقۆش، بەرتلە، و حەمدانیە. هەروەها ئەو تاوانانەشی داعش دژی هێزە ئەمنیەکانی عێراق ئەنجامیانداوە لە باشووری نەینەوا لە ناوچەی حەمام ئەلعەلیل.

- لە ڕێکەوتی ١٨ نیسانی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان دووەمین دۆسیەی دادوەری گیراوێکی داعشی بە ڕەگەز ئەڵمانی بە ناوی دێنیز بیشهۆف لەڕێگای یونیتاد ڕادەستی داواکاری گشتی ئەڵمانیا کرد.

- لە ڕێکەوتی ١٨ نیسانی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی ڕێکخست لە نێوان ئیحسان عبدالرحمان بابان، بەڕێوبەری گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی و یەکەی پێنجی سەر بە تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) بە سەرپەرشی دۆناڵد شولتز. مەبەستی کۆبوونەوەکە بۆ گفتوگۆکردن بوو سەبارەت بە ڕێکارەکانی چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش لە چاکسازیەکان و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی چاوپێکەوتنەکە بە ستانداردی نێودەوڵەتی.

- لە ڕێکەوتی ١٦ ئایاری ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتیەکان نووسراوێکی یونیتادی ئاڕاستەی دادوەر عەبدولجەبار عەزیز سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم کرد، تیایدا داوای پشتگیری ئەنجومەنی دادوەری و ئاسانکاری بۆ یونیتاد کرد بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە لەنێویاندا فایلی دۆسیەکانی پەیوەست بە دەستگیرکراوەکانی داعش کە لە زیندانەکانی هەرێم دەستبەسەرن. لە هەمان نووسراودا داوای ئەنجامدانی چاوپێکە وتن لەگەڵ گیراوانی داعش دەکەن بە گوێرەی پرۆتۆکۆلی لێکۆڵینەوەکانی یونیتاد لە بە دە ستهێنانی بە ڵگە.

- لە ڕێکەوتی ١٧ ئایاری ٢٠٢٣، نوێنەری حکومەتی هەرێم بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ یونیتاد چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕادیۆی سی ئێن ئێنی بەریتانی ئەنجامدا سەبارەت بە ڕەوشی هەنووکەیی ئێزیدییەکان. لە چاوپێکەوتنەکەدا، تیشک خرایە سەر هاریکارییەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ تیمی لێکۆڵینەوە و هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بۆ بەرقەرارکردنی

دادپەروەری بۆ قوربانیانی ئێزیدی لە ڕێگای دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی سێ تاوانی سەرەکی نێودەوڵەتی.

- لە ڕێکەوتی ١٧ ئایاری ٢٠٢٣، کۆبوونەوەیەک لە نێوان دادوەر عەبدولجەبار عەزیز مستەفا سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێم و تیمی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی یونیتاد بە سەرۆکایەتی خاتوو کارۆلین بویسمان بەڕێوەچوو. لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر دەستپێکردنی پڕۆژەی ئەرشیفکردنی بەڵگەی دادگاکان لە باڵاخانەی ئەنجومەنی دادوەری. لە لایەکیتریشەوە، ڕێکار و ئامانجی چاوپێکەوتن لەگەڵ تۆمەتبارانی داعش بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان لە لایەن یونیتاد خرایەڕوو.

- لە ڕێکەوتی ٢٩ ئایاری ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان پێشوازیکرد لە کریسچن ڕیتشەر، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد). گفتوگۆکان دەربارەی لایەنە جیا جیاکانی هەماهەنگیە دوو لایەنەکان بوو، لەوانەش گرنگی بەشدارپیپێکردنی حکومەتی هەرێم لە دوایین یاداشتی لێکتێگەشتنی نێوان یونیتاد و حکومەتی فیدڕاڵ سەبارەت بە لیستی سزادراوانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. لە لایەن خۆیەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان ئامادەباشی حکومەتی هەرێمی نیشاندا بۆ ئەرکی پێسپێردراوی یونیتاد و بەردەوامیدان بە هەماهەنگیەکانی نێوان هەردوولا لە خێراکردنی پڕۆسەی بە ئەرشیفکردنی بەڵگەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش. دووپاتیشیکردەوە کە پێویستە حکومەتی هەرێم وەک بەشێک لە لیژنەی هەمەهەنگیکاری نیشتیمانی بەشداری پێبکرێت لە هەر کۆنگرە و کۆدانگیەکی نێونەتەوەییەوە دەربارەی تاوانەکانی داعش بەو پێیەی کە حکومەتی هەرێم ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر.

- لە ڕێکەوتی ٢٩ ئایاری ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان دادوەر عبدالجبار عزیز حسن سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان و کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) و شاندێکی یاوەری ڕێکخست. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە هەنگاوەکانی یونیتاد بۆ لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بەڵگەو دۆکیومێنتەکانی تاوانەکانی داعش و دادگاییکردنی تاوانبارانی کرا.

- لە ڕێکەوتی ٤ حوزەیرانی ٢٠٢٣، تیمی لێکۆڵینەوە لە داواکاریەکدا بۆ دادوەر ئەیمەن مستەفا داوای هاوبەشیکردنی لێدوانی سوعاد سەیدۆ خەلەف ئاتۆ دەکرد، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە بەردەوامەکانی ئەڵمانیا لە چوارچێوەی ئەو تاوانانەی داعش دژی ئێزیدییەکان ئەنجامیانداون.

- لە ڕێکەوتی ٧ حوزەیرانی ٢٠٢٣، ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ڕاپۆرتی دەیەمی چالاکیەکانی تیمەکەی

پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد. ڕاپۆرتەکە تیشک دەخاتە سەر چەندین لایەنی گرنگی چالاکییەکانی تیمەکە لە تەواوی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، سەبارەت بە تاوانە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دژی گشت پێکهاتەکان ئەنجامدراون. ئەو لایەنانەشی کە تیمەکە لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات بریتین لە دروستکردن و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی لەلایەن داعش، تاوانەکانی داعش دژی پێکهاتەی مەسیحییەکان، تاوانەکانی داعش دژی پێکهاتەی ئێزیدییەکان، تاوانەکانی داعش دژی پێکهاتەکانی کاکەیی و شەبەک و تورکمانی شیعە، تاوانەکانی داعش دژی سوننەکان، تاوانەکانی داعش لە تکریت و دەورووبەری، تاوانەکانی داعش لە موسڵ و دەورووبەری، و خاپوورکردنی شوێنەواری کلتوری و ئایینیەکان لەلایەن داعش.

- لە ڕێکەوتی ١٢ حوزەیرانی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەر سەردانێکی بۆ تیمی ئاسایشی یونیتاد ڕێکخست بە مەبەستی خەمڵاندنی شوێنی چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش لە چاکسازییەکانی هەرێم، کە بڕیار وایە بەپێی پڕۆتۆکۆڵی تایبەتی یونیتاد بۆ چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش لە چاکسازیەکانی هەرێم بەڕێوەبچێت.

- لە ١٣ حوزەیرانی ٢٠٢٣، تیمی لێکۆڵینەوە لە داواکاریەکدا بۆ دادوەر ئەیمەن مستەفا داوای هاوبەشیکردنی لێدوانی ژمارەیەک لەقوربانیانی دەستی داعش دەکەن بە مەبەستە بەردەوامیدان بە لێکۆڵینەوەکانی تیمی G15 و یونیتاد.

- لە ڕێکەوتی ١٤ حوزەیرانی ٢٠٢٣، بە مەبەستی بەردەوامیدان بە پڕۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەکانی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەرێم تایبەت بە تاوانەکانی داعش، دەستکرا بە پڕۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردن لە باڵاخانەی دادگای تاوانی دووی هەولێر لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی وەزارەتی ناوخۆ و تیمی تەکنیکی یونیتاد.

- لە ڕێکەوتی ٢٠ حوزەیرانی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی لە شاندێکی هاوبەشی یەکێتی ئەوروپا کرد بە سەرۆکایەتی جۆریس هیرێن ڕوێژکاری یەکەمی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا (مینا)، و ئەندامانی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد). لە کۆبوونەوەکەدا باس لە بەرەوپێشچوونەکانی یونیتاد و خێراکردنی پرۆسەی بە دیجیتاڵکردن و دۆکومێنتکردنی تاوانەکان و ئەنجامدانی دادگایکردنی تیرۆرستان کرد.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ حوزەیرانی ٢٠٢٣، یونیتاد و لیژنەی هەماهەنگی نیشتمانی (NCC) وۆرک شۆپێکی ستراتیژیان ئەنجامدا، کە تیایدا یونیتاد باسی لەو کارانە کرد لە ماوەی ١٨ مانگی ڕابردوودا لەلایەن تیمەکانی سەر بە یونیتاد ئەنجامدراون. لە ماوەی دوو ڕۆژدا لەلایەن تیمەکەوە باس لە بوارە جیاوازەکانی کارکردن و گفتوگۆکردن لەسەر چالاکییەکان و دیدگای تیمەکە کرا لە داهاتوودا.

**چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٣ تاوەکو مانگی ئەیلولی  ساڵی ٢٠٢٣:**

- لە ڕێکەوتی ١٢ تەمموزی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی بۆ تیمی تەکنیکی ئەرشیفکردنی یونیتاد لەگەڵ دادگای تاوانەکانی یەکی دهۆک ڕێکخست، تیایدا هەردوولا باسیان لە گرنگی پڕۆژەی دیجیتاڵکردن و ئامانجەکانی کرد لە دادگاکە.

- لە ڕێکەوتی ١٧ تەمموزی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان وەڵامی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکانی گەیاندە تیمی یونیتاد سەبارەت بە هاوبەشیکردنی وتەی سوعاد سەیدۆ خەلەف ئاتۆ. تیایدا دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان ڕایگەیاندبوو کە قوربانییەکە لە  ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی، بەو پێیەی کاتەکان جیاوازن و قوربانیەکەش ئەزموونی نیە لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمی سیگناڵ نەیانتوانیوە پەیوەندی پێوە بکەن بۆ وەرگرتنی وتەکەی.

- لە ڕێکەوتی ١٨ تەمموزی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان داواکاریەکی تیمی یونیتادی گەیاندە دادوەر عەبدولجەبار عەزیز بە مەبەستی پێدانی پاداشت بۆ دوو فەرمانبەری دادگای تاوانی دووی هەولێر بۆ کارکردن لەگەڵ تیمی تەکنیکی ئەرشیفی یونیتاد.

- لە ڕێکەوتی ٢٣ تەمموزی ٢٠٢٣، نوێنەری نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداریکرد لە کۆبوونەوەی مانگانەی لیژنەی هەماهەنگیکاری نیشتیمانی بۆ هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد (NCC). کۆبوونەوەکە بە سەرپەرشتی لینا بیشایا سەرۆکی بەشی جێندەر و منداڵان سەر بە یونیتاد بەڕێوەچوو سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکانی تیمەکە لەسەر تاوانی جێندەری و توندوتیژی جنسی کە لەلایەن داعش لە دژی پێکهاتەکانی ئێزیدی، مەسیحی، تورکمانی شیعە، شەبەکی شیعە و سوننە ئەنجامدراوە.

- لە ڕێکەوتی ١ ئابی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی کرد لە دۆناڵد شوڵتز سەرۆکی تیمی پێنجی سەر بە یونیتاد. لە کۆبوونەوەکەدا چەند تەوەرێکی گرنگ باسکران لەوانە خاپوورکردنی شوێنەواری ئایینی و کلتوری لە ئەنجامی هێرشەکانی داعش، تاوانەکانی داعش دژی هێزە ئەمنییەکانی عێراق و ئەو تاوانانەشی داعش دژی پێکهاتەی مەسیحیەکان ئەنجامیانداون. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشنیازی دامەزراندنی هێڵێکی نوێی لێپێچینەوەی کرد بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی داعش دژی هێزەکانی پێشمەرگە ئەنجامیانداون.

- له ڕێکەوتی ٣ ئابی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان نووسراوی تیمی یونیتادی گەیاندە دادوەر عەبدولجەبار عەزیز حەسەن بە مەبەستی ئاگاداربوونیان لە دەستپێکی پڕۆژەی بەدیجیتاڵکردن و ئەرشیفکردن لە دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆک.

- له ڕێکەوتی ٣٠ ئابی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەولەتیەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان جەنەڕاڵ ئەسکەندەر حاجی ساڵح لە سەرۆکایەتی هەرێم و تیمی پێنجی سەر بە یونیتاد ڕێکخست. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر چڕکردنەوەی هەماهەنگیەکانی نێوان هەردوولا سەبارەت بەو تاوانانەی داعش دژی پێکهاتەی مەسیحییەکان ئەنجامیانداون.

- له ڕێکەوتی ٣٠ ئابی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان دژە تیرۆر و تیمی پێنجی سەر بە یونیتاد ڕێکخست. کۆبوونەوەکە پەیوەست بوو بە چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش و بنیاتنانی کەیس بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان، هەروەها باسیش لە بەڕێوەچوونی پڕۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش کرا لە دژە تیرۆر.

- له ڕێکەوتی ٣١ ئابی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداری کرد لە کۆنفرانسی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش دژی پێکهاتەی مەسیحیەکان لە عێراق. لە کۆنفڕانسەکەدا هەریەک لە نوێنەری کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد)، سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، ڕۆدۆلف ڕیچارد کونسوڵی گشتی فەڕەنسا بە وەکالەت، مارک سترۆ کونسوڵی گشتی ئەمریکا لە هەولێر و ستیڤن ڕاپ، سەرۆکی کۆمیسیۆنی دادپەروەری نێودەوڵەتی و لێپرسینەوە ئەمادەبوون. لە میانەی کۆنفڕانسەکەدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان وتارێکی پێشکەشکرد دەربارەی دادکۆکیکردن لە مافی مەسیحیەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ ئەو خێزانە مەسیحیانەی کە ڕووبەڕووی تاوانی دڕندانەی داعش بوونەوتەوە. لە هەرێمی کوردستان هەوڵی پێویستدراوە بۆ لەخۆگرتنی ئاوارە مەسیحیەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری بۆیان.

- له ڕێکەوتی ٧ ئەیلولی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی لە تیمێکی یوینیتاد بە سەرپەرشتی خاتوو نینا ندوکی بەرپرسی نووسینگەی یونیتاد لە هەولێر و نوێنەری دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا باس لە بەرەوپێشچوونی کارەکان و هەماهەنگیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و تیمەکانی سەر بە یونیتاد کرا، و تیشکیش خرایە سەر گرنگی پاڵپشتی یونیتاد لە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش.

- له ڕێکەوتی ١٠ ئەیلولی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان داواکاری تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ئاڕاستەی وەزیری ناوخۆ کرد، بە

مەبەستی بەکارهێنانی مەیدانی چەکی هێزەکانی پڵنگی زێرەڤانی_هەولێر بۆ مەشق و ڕاهێنانی چەک بۆ چەند کارمەندێکی پاسەوانی تیمی یونیتاد.

- لەسەر داوکاری حکومەتی عێراق لە ڕێکەوتی ١٥ ئەیلولی ٢٠٢٣، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بە کۆی دەنگ بڕیاریدا لەسەر نوێکردنەوەی ئەرکنامەی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) لە عێراق تاکو ئەیلولی ٢٠٢٤.

- لە ڕێکەوتی ١٨ ئەیلولی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان وەڵامی ڕێپێدانی دادوەر عەبدولجەبار عەزیزی گەیاندە تیمی یونیتادی بە مەبەستی پێدانی پاداشت بۆ دوو فەرمانبەری دادگای تاوانی دووی هەولێر بۆ کارکردن لەگەڵ تیمی تەکنیکی ئەرشیفی یونیتاد.

- لە ڕێکەوتی ٢٥ ئەیلولی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە شاری بەغدا بەشداری کرد لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگی نشتیمانی بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد (NCC). کۆبوونەوەکە بۆ تاوتوێکردن و دانانی نەخشەڕێگای جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە نوێکردنەوەی ویلایەتی یونیتاد بوو. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر چۆنیەتی هەماهەنگی کردن لەگەڵ یونیتاد و دانانی میکانیزمێک بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەکان و ئاشکرا کردنی ئەو لایەنانەی کە بەڵگەنامەکانیان پێدراوە لەگەڵ جۆر و بڕی بەڵگەنامەکان، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کار بکرێت بۆ دادگاییکردنی تیرۆریستانی داعش و قەرەبوکردنەوەی قوربانیان و کەسوکاریان. لەلایەن خۆیەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان تیشکی خستە سەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم و هەماهەنگی لەگەڵ یونیتاد لە پڕۆژەی ئەرشیف کردن و بونیادنانی تواناکان، هەروەها جەختمان لەوە کردەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە قۆناغی داهاتوو ڕۆڵێکی کاریگەری دەبێت لەو تیمانەی کە بڕیارە (NCC) پێکیان بهێنێت لە بوارەکانی یاسای تاوانی نێودەوڵەتی، پزیشکی دادی، ئیدارە کردنی مەلەفە ئەلیکترۆنییەکان و تیمی یاسایی دادوەری بۆ وەرگرتنی کەیسەکان و هەڵسەنگاندنیان. ئەمەش هەنگاوێکە بۆ تەواو کردنی ئەرکەکانی یونیتاد بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧).

- لە ڕێکەوتی ٢٦ ئەیلولی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە شاری بەغدا سەردانی نووسینگەی سەرۆکی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ،لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) کرد و لەلایەن بەڕێزان دێفنێ ئاکچا سەرۆکی نووسینگەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان و ئەنیس احمد سەرۆکی نووسینگەی بەڕێوەبەری بەڵگەنامەکان بە نوێنەرایەتی راوێژکاری تایبەت کریستن ریتشر سەرۆکی یونیتاد تیمی یونیتاد پێشوازیان لێکرا. لە کۆبوونەوەکەدا، باس لە میکانیزمی هەماهەنگی کردن لە یونیتاد کرا دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٢٦٩٧) تایبەت بە نوێکردنەوەی ویلایەتی یونیتاد، بەتایبەتی لە بوارەکانی ڕادەستکردنی بەڵگەنامەکان و پێدانی زانیاری. لەلایەن خۆیەوە ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەم هەماهەنگییە گرنگییەکی زۆری هەیە و دەبێ کاری بۆ بکرێت، لە ڕابردوودا حکومەتی هەرێم هەماهەنگیی لەگەڵ

یونیتاددا کردووە و لە زۆر بواردا پێشکەوتنی بەدەستهێناوە. لە بارەی ڕادەستکردنی بەڵگەنامەکانیش ئەوەیان ڕوون کردەوە کە پێویستە ئەم پرۆسەیە بەپێی شوێنی جوگرافی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بەم پێیەش پێویستە ئەوکەیس و بەڵگەنامانەی لە کوردستان دەستکەوتوون و ئامادە کراون بدرێنە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی لە داهاتوو لە پرۆسەی دادگایی کردنی تیرۆریستان سوودیان لێ وەربگیرێت.

**چالاکییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠٢٣ تاوەکو مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٣:**

- لە ڕێکەوتی ١٠ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، لە درێژەی بەردەوامی هەماهەنگیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و یونیتاد، یازدەهەمین کۆبوونەوەی ئاراستەکار بەڕێوەچوو کە تیایدا باس لە بەرەوپێشچوونەکانی پرۆژەی ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش کرا لە هەریەک لە دادگای تاوانی دووی هەولێر لە کۆی ٢٣٨٠ فایل و ١٦١٫٢٠٩ لاپەڕە ئەرشیفکراون. سەبارەت بە دادگای تاوانی یەکی دهۆک لە کۆی ١٧٨٧ فایل ١٣٨٫١٥٤ لاپەرە ئەرشیفکراون کراون. هاوکات بڕیاریش وایە لە ماوەیەکی نزیکدا دەست بە ئەرشیفکردن و بەدیجیتاڵکردنی بەڵگەی تاوانەکانی داعش بکرێ لە هەر یەک لە دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی و دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی کەرکوک-گەرمیان.

- لەڕێکەوتی ١٨ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان بەشداریکرد لە مەراسیمی کردنەوەی مۆنۆمێنتی قوربانیانی جینۆسایدی شنگال و بە ناوی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وتاری پێشکەش کرد. لە وتارەکەدا باسی ئەو تاوانە دڕندانەی کرد کە لە لایەن داعشەوە بەرامبەر بە ئێزیدیەکان ئەنجامدراون، هەروەها ڕۆڵی داکۆکیکاری حکومەتی هەرێمی خستەڕوو لە بەجینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزیدیەکان.

- لە ڕێکەوتی ٢٤ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان لە چاوپێکەوتنێکدا لەلایەن تیمی تایبەت بە ئەرشیفکردن و دیجیتاڵکردنی سەر بە یونیتاد باسیان لە ڕۆڵی چارەنووسازی حکومەتی هەرێم لە هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی ئەرکی یونیتاد لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد. تیشکیشیان خستە سەر هەوڵەکان بۆ لێپرسینەوە لە تاوانبارانی داعش و بەرقەرارکردنی دادپەروەری بۆ قوربانیان.

- لە ڕێکەوتی ٢٤ تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازی کرد لە خاتوو دێفنێ ئاکچا بەرپرسی نووسینگەی لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە تیمی یونیتاد. گفتوگۆکە سەبارەت بە هەماهەنگی و پێشڤەچوونەکانی نێوان تیمەکانی سەر بە یونیتاد و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم

بوو له جێبەجێکردنی ئەرکنامەی تیمەکە بەپێی بڕیارنامەی (٢٣٧٩) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

- لە ڕێکەوتی ٢ تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، د. دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان پێشوازیکردن لە بەڕێز کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە هەماهەنگیەکانی نێوان هەرێم و تیمی یونیتاد لە دوای بڕیاری ٢٦٩٧ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. هەردوولا باسیشیان لە گرنگی دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی کرد.

- لە ڕێکەوتی ٢ تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، سەفین دزەیی سەرۆکی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم پێشوازی کرد لە بەڕێز کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد. لە گفتوگۆکەدا باسیان لە بەرەوپێشچوونی چالاکی و لێکۆڵینەوەکانی یونیتاد کرد لە عێراق. تیشکیش خرایە سەر گرنگی هەوڵەکان بۆ دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش بە تاوانی نێودەوڵەتی.

- لە ڕێکەوتی ٢ تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێم پێشوازی کرد لە بەڕێز کریسچن ڕیتشەر ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد. لە گفتوگۆکەدا باسیان لە داهاتووی لێکۆڵینەوەکانی یونیتاد کرد لە عێراق، لەگەڵ بەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ قوربانیانی تاوانەکانی داعش لە رێگای دادگاییکردنی تۆمەتبارانی داعش.

- لە ڕێکەوتی ٢٦ تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، یەکەمین چاوپێکەوتنی گیراوێکی داعش بە ناوی سولەیمان داود ئەلبەقار لە چاکسازی گەورانی هەولێر بەڕێوەچوو. ئەمەش وەکو بەشێک لە ئەرکی پێسپێردراوی یونیتادە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەیە سەبارەت بەو تاوانانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون و دەچنە چوارچێوەی تاوانە نیودەوڵەتیەکان.

- لە ڕێکەوتی ١٠ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، نووسینگەی ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتیەکان کۆبوونەوەیەکی لە نێوان بەڕێوبەرایەتی دژە تیرۆر و تیمی پێنجی سەر بە یونیتاد ڕێکخست. کۆبوونەوەکە پەیوەست بوو بە رێکارەکانی ڕێپێدان بۆ چاوپێکەوتنی گیراوانی داعش و بنیاتنانی کەیس بۆ دادگاییکردنی تاوانبارانی داعش بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانە نێودەوڵەتیەکان.

- لە ڕێکەوتی ١٠ کانوونی یەکەمی ٢٠٢٣، داواکاری تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ئاڕاستەی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری کرد، بە مەبەستی ڕەزامەندی دان لەسەر کارکردنی چوار کارمەندی دادگای سلێمانی بۆ ماوەی دوو مانگ لەگەڵ تیمی تەکنیکی ئەرشیفی یونیتاد لە دادگاکە، کە بڕیار وایە لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ دەست بە پڕۆژەکە بکرێت. لەگەڵ دەستنیشانی شوێنێک لە دادگاکە بە مەبەستی ئەنجامدانی پڕۆژەکە.

**چالاکیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمی یونیتاد لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤ تاوەکو مانگی ئاداری ساڵی ٢٠٢٤:**

- لە ڕێکەوتی ١٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، بە مەبەستی دیاریکردنی ڕێوشوێنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەڵگەکان تاکو بە کۆتا هاتنی ئەرکی یونیتاد، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەماهەنگی ڕاوێژکاری تایبەت و سەرۆکی یونیتاد لە کانوونی دووەمی ئەمساڵ ڕاپۆرتی

ڕاسپاردەکانی خۆی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کرد. لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە میکانیزم و ڕێکاری نوێ دەکات بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ بەڵگە و دۆکیومێنتە کۆکراوەکان و چۆنیەتی ڕادەستکردنیان بە لایەنی عێراقی.

بەپێی بڕیارنامەی ٢٣٧٩ (٢٠١٧) ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی تایبەت بە دامەزراندنی تیمی لێکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد) ئەرکنامەی تیمەکە بریتی بوو لە لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی داعش دژی گشت پێکهاتەکانی عێراق ئەنجامیاندا، ئەم لێکۆڵینەوانەش بە هاوبەشی لایەنە عێراقیەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە کراوە و بەردەوامیشی هەیە. هەرچەند دامەزراندنی تیمەکە لەسەر داوای حکومەتی عێراق بوو، بەڵام لە ئەیلولی ساڵی ڕابردوو هەر لەسەر داوای حکومەتی عێراق ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بڕیارنامەی ٢٦٩٧ (٢٠٢٣) بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ماوەی ئەرکی پێسپێردراوی تیمەکە تاکو ١٧ ئەیلولی ٢٠٢٤ و دوای ئەو ماوەیە ئەرکەکەیان لە عێراق بە کۆتا دێت.

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرنج و پێشنیاری خۆی خستۆتەڕوو سەبارەت بە چۆنیەتی ڕادەستکردنی بەڵگە کۆکراوەکانی تایبەت بە تاوانەکانی داعش لە عێراق لەلایەن یونیتاد. لەگەڵ ئەوەی کە حکومەتی عێراق داوای کردووە کە تیمی یونیتاد بەڵگەکان ڕادەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستەش سکرتێری گشتی لە پێشنیارەکانی چەند خاڵێک دەخاتەڕوو، لەوانەش داواکاریەکەی حکومەتی عێراق بەربەستێک دەهێنێتە پێشەوە بۆ دەستڕاگەیشتنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و وڵاتانی سێیەم بە بەڵگەکان لە داهاتوودا. نیگەرانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و قوربانیانیشی خستۆتەڕوو لە دڵنیاییدان بۆ لێپرسینەوە لەو تاوانانەی داعش ئەنجامی داون.

خاڵێکیتریش کە ئاماژەی پێدراوە ئەگەری دامەزراندنی قەوارەیەکی سەربەخۆیە بۆ هەڵگرتن و پاراستنی بەڵگەکان لە چوارچێوەی ئەرکنامەی یونیتاد، لە کۆتایی هاتنی ئەرکی تیمەکەش سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرس دەبێت لە هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی بەڵگەکانی تیمی لێکۆڵینەوە. خاڵێکیتری گرنگیش کە باسی لێکردووە کە پێویستە بەکارهێنان و پاراستنی بەڵگە و کەرەستەکان بە شێوەیەکی سەلامەت و نهێنی بێت بە پێی بنەماکانی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبێت بەڵگەکان بە شێوەی ئەرشیفێکی چالاک لە داتا بەیسێکی تایبەت بەڕێوەببرێن بۆ ئەمەش پێویست بە ئەرکنامەیەکی تایبەت و پێداویستی تایبەت بۆی دابین بکرێت. لە ڕاپۆرتەکەدا سکرتێری گشتی داواش دەکات کە تیمی لێکۆڵینەوە ئەو بەڵگانەی لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراقەوە وەرگیراوە بیانگەڕێنێتەوە بۆ دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان.